# گوڵان

www.gulan-media.com

هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە







سۆسەن ئەکیرمان




عەباس مەهدی



رەند رەحیم فرانک



محەمەد عەلی بیراند



فوئاد عەجەمی



سۆپۆلیڤا ریکۆردێکی نوێ تۆمار دەکات



باریکترین ناوقەدی ئافرەت



ژنێک هەشت ساڵ زیندانی دەکرێ



گۆرانیبێژی ئێرانی شوهرە سوڵەتی بۆ گۆڤاری گوڵان:

## هونەرمەندانی کورد و ئێرانی دەتوانن سوود لەیەکتری وەربگرن


■ خاوەن ئیمتیاز

**شەوکەت شێخ یەزدین**

Concessioner

Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر

**فوئاد سـدیق**

Editor-in-Chief

Fuad Sideeq

fuadsdeeq@yahoo.com

تەلەفون: ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥

مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٢٣٥٨

■ جێگری سەرنووسەر

**فەرهاد محەمەد**

Deputy Editor-in-Chief

Farhad M.hassn

frhd_mhmd@yahoo.co.uk

Farhadmohmad@gulan_media.com

تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین

**شوان تاڤینگ**

Managing Editors

Shuwan A. Mihemmad

taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری

Art Manager

**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ و دیزاین

**لوقمان رەشیدی**

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان

**ساڵح عومەر قادر**

Relation`s Manager

Mobil 0750 456 7070

salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان

هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی

شەماڵ نووری: ئابووری

مەهدی حاجی ساڵح: رەنگاورەنگ

سەنگەر شنۆیی: IT

خەلیل بلەیی: هونەری

ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری

تەنیشت مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (پ.د.ك)

ژمارە (٦٧٦) ٢٠٠٨/٣/١٧

# نووسین له رۆژنامەگەریی کوردیدا



سالار عوسمان

له نێو هەموو ئەو پێناسـانەی که بۆ (نووسـین) کراوه ئاماژه به کۆنترین پێناسـەی نووسـین دەکەم، که دەڵێ (نووسـین هەوڵێکـه بۆ تۆمارکردنی قسـه) ئەگەر ئەم پێناسه سـادەیه بکەینه دەروازه بۆ تێگەیشتن له نووسین و جۆرەکانی نووسین له مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی ئەوا دەکرێ بڵێین رۆژنامەگەریی کوردی بەسێ جۆر قسه دەکات که دواتر دەبێته سێ جۆره نووسین که ئەمانەن:

### ١- نووسینی پیاهەڵدەر (مەدحکار):

ئـەم جۆره نووسـینه بـەردەوام له هەوڵی ئـەوه دایه ناشـیرینییەکان جـوان بکات و چارسـەریی نائەقڵانی بۆ گرفتەکان بدۆزێتەوه و به کۆمەڵێك مەبەسـت و نیازی پێشـوەخته واقیع دەبینێ و هەمیشەش واقیع دەباتەوه نێو بەرژەوندییەکان و بۆ ئەم مەبەسـتەش هەموو رێگاکانی قەناعەت پێکردنی بەرامبەر بەکاردەهێنێ،... سۆز و دروشم و هەڵچـوون و ویژدان پانتاییەکی فراوان له نێو ئەم جۆره نووسینه داگیر دەکات، ئەم جۆره نووسینه سەردەمانی زوو به هەرمێن بوون، بەڵام لەسەردەمی ئەمرۆدا بێ بازارترین جۆری نووسـینن هەر بۆیەشه ئێستا دەوڵەت و حکومەت و حزبەکانیش هەوڵ دەدەن خۆ لەم جۆره نووسـینه بەدوور بگرن!..

### ٢- نووسینی شکێنەر:

ئامانجی ئەم نووسـینه شـکاندنی بەرامبەره!!... بێ دوودڵی دەتوانم بڵێم دوژمن له پشت ئەم جۆره نووسینەدایه جا بـه ئاگالێبوون و رێككەوتن لەگەڵ نووسـەرەكه بێ یا بەبێ پێزانینی نووسـەر!.. بـه جۆرێكی تر دەمەوێ بڵێم هەندێ نووسـەر و تەنانەت دەزگاش لەگەڵ دوژمن رێكدەكەون و له پێناو پاره و دەسكەوت و...تاد بۆ دوژمن دەنووسـن، بەڵام هەندێ نووسەر لەبەر سادەیی و نەزانین، یا لەبەر رقێكی كاتی بەشێوەیەك دەنووسن و بیر دەكەنەوه كـه وەك ئەوەی دوژمن وایـه و دواجار بێ ئەوەی خۆی مەبەستی بێ چۆته نێو بازنەكەوه!!..

ئەم جۆره نووسـینه تەنێ مەبەسـتی شكاندنه، بۆ ئەم مەبەستەش خاڵە لاوازەكان دەدۆزێتەوه و لەوێوه دێت له خاڵه بەهێزەكان دەدات، ئەم جۆره نووسـینه بۆ ئەوەی بازاریان گـەرم بێ و خەڵك بیانخوێنێتەوه بانگەشـه بۆ كۆمەڵێك پرەنسـیپی سـەرنجراكێش و جوان دەكەن وەك (ئازادیی- مافەكان- یەكسـانی- هەژاردۆستی - یاخیبوون- ریفۆرم ....تاد)!.. نووسـەرانی ئەم جۆره نووسینه هەندێ ماوه دەكەونه سـەرزاران و دواتـر ون دەبن، هەندێ كەرەت لەو پەری یاخیبوونەوه بۆ ئەوپەڕی پابەندبوون و هەندێ جاریش بەپێچەوانەوه!!.. كەسـایەتییەكانی ئەم مەیدانه ئاسـایی نیـن، بیركردنەوەیان، جۆری ژیانیـان، پەیوەندییەكانیان، سایكۆلۆژیا و...تاد!!..

### ٣- نووسینی واقیعی:

بۆ ئەمجۆرەیان ناوی (واقیعی)م به پەسند زانی، چونكه له كورتترین پێناسـەی رێبـازی ریالیزمیەكاندا هاتووه (واقیـع وەك خۆی).. ئەم جۆره نووسـینه هەوڵ دەدات واقیع وەك خۆی بنووسێتەوه، لەنێو واقیعدا چی هەیه ئەوه بخاتـەڕوو، جا لەنێو ئەم واقیعەدا (تاڵ و شـیرین- جوان و كرێـت- جاش و باش- هـەژار و دەوڵەمەند-گەندەڵ و پـاك- میللەت و دوژمن...) هەمـووی هەیه، ئەم جۆره نووسـینه بێ تەرەف، دوور له هەموو لایەنگیرییەك باس لـه حاڵەتەكان دەكات و به بەڵگەوه نووسـینەكانی خۆی دەخاتەڕوو، ئەم جۆره نووسینه نه له مەدح دەگەڕێ و نه مەبەستی شكاندنه، نه لەبەر دەرگای گەورەكانه بۆ پاره و نەپیاوی دوژمنانه، ئەمجۆرەیان باشترین جۆری نووسینه، چونكه واقیع دەگوازێتەوه نێو تێكست و دواجار له قۆناغی دووەمی خۆیدا (سـوریالیزم) كار بۆ گۆڕینی ئەم واقیعه دەكات بەرەو باشتر!!..

ئەم سـێ جۆره نووسـینه كه له بنەڕەتدا سـێ جۆر قسەكردنی ئێمەن مایەی هەڵوەسته له سەركردن و هەمدیس چارەسەركردندا.

چونكه سیستەمی سیاسیی كوردستان هەرگیز لەگەڵ مەدح و پیاهەڵدان نییه، دیسان ئەم شكاندنەی ئەمرۆ له نووسـینی رۆژنامەگەریی كوردیدا هەیه ئەمەشیان هەر مایەی هەڵوەسته لەسەركردنه و نابێ راگوزەر بەسەرماندا تێپەڕێ!!..

دەمێنێتەوه بڵێم نووسینێك كه واقیع بخوێنێتەوه و كار بۆ چاككردنی بكات و لە نێویشدا رەخنه له خراپییەكان بگرێ و هانـی چاكەكان بدات و بچووك بیرنەكاتەوه و قودرەتی كردنـەوەی دەرگاكانی هەبێ و بێ لایەن مامەڵه لەگەڵ رووداوه و پێشـهات و حاڵەتەكانـی كۆمەڵـگا بكات!.. ئەمەیـان دەبێ ببێته دەروازه بـۆ دۆزینەوەی رێگەیەكی دروستی ژیانی میدیا له كوردستاندا.

Salar osman@yahoo.com

# دوورتر لە ئاسایشی عێراق لە دانووستانەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێراندا



فەیسەڵ دەباغ

خولی چوارەمی دانووســـتانەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە بارەی رەوشی عێراقەوە دواخرا، ئێران خەتای دواخستنەکە دەخاتە ئەســتۆی ئەمەریکا و، ئەمەریکاش دەیخاتە ئەستۆی ئێران و عێراقیش دەڵێ ئەو وادەیەی کە لەلایەن ئێرانەوە ســەبارەت بەو خولەوە باسی لێوە دەکرێت دروست نییە و حکومەتی عێراق هیچ وادەیەکــی دیاری نەکردووە بۆ ئەو خولــە و لایەنی ئێرانی بەر لە ئەنجامدانی سەردانەکەی ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێران بۆ عێراق بە مەبەســتی گرێدانی گەرێکی دیکەی وتوویژی سێ قۆڵی نێوان ئەمەریکا و ئێران و عێراق، حکومەتی عێراقی ئاگاداركردۆتــەوە، بەڵام بەهۆی ســەرقاڵی لایەنی عێراقی بە چەند کارێکی دیکەوە نەتوانراوە وادەیەك بۆ دەســپێکردنی ئەو خولە، دانووستانەکان دیاری بکرێت.

دەســت لە کارکێشــانەوەی ئەدمیــرال فالــۆن فەرماندەی ســەرکردایەتی ناوەراســتی ئەمەریکا بە هۆی هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە عێراق و ئێران، دووبارە فایلی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریــکا لەلایەك و عێراق و ئەمەریــکا لەلایەکی دیکەوە خستەڕوو، هەرچەند وتەبێژی کۆشــکی سپی ئەوە رەتدەکاتەوە کە دەســت لەکارکێشــانەوەکەی ئەدمیرال فالــۆن پەیوەندی بە مەســەلەی ئێران و عێراقەوە هەبێ، بەڵام چاودێرە سیاسییەکان تەئکیــد لە بوونی ئەو پەیوەندییە دەکەنــەوە، ئەدمیرال فالۆن لەگەڵ کێشــانەوەیەکی خێرایی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراق و هەروەها دژی بەکارهێنانــی هێزە دژی ئێران و پێیوایە هیچ سوودێکی بۆ ئەمەریکا نییە و وا بڕیاربوو لە مانگی داهاتوودا راپۆرتێك سەبارەت بەو دوو مەســەلەیەوە پێشکەش بە ئیدارەی ئەمەریکا بکات.

جیــاوازی لەدیدی نێوان ژەنەراڵ پاتریــو و ئەدمیرال فالۆن گەیشــتبووە رادەیەك کە دەبوایە یەك لــەو دووە گۆڕەپانەکە بۆ ئەویتر چۆڵ بکات.

ئیدارەی ئەمەریکا بە پێچەوانەی ئەدمیرال فالۆن بایەخێکی زۆر بە فایلی ئێران دەدات و بە مەترســییەکی گەورە لەســەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی نێویندا دادەنێ.

ناونیشــانی گفتوگۆکانی ئەمەریکا و ئێران کەوا چاوەڕوان دەکــرێ خولی چوارەمــی لە چەند رۆژی داهاتــوودا ئەنجام بدرێ، ئاسایشــی عێراقە، بەڵام ئەمەریــکا و ئێران هەر یەکە و دیدی خۆی ســەبارەت بەو مەســەلەیەوە هەیــە، لە کاتێکدا لایەنــی ئەمەریکــی پێداگیری لەســەر مۆرکــی تەکنیکی گفتوگــۆکان دەکات کــە ئامانجە ســەرەکییەکەی هێنانەدی ســەقامگیرییە بۆ عێراق، لایەنی ئێرانی ئاماژە بەوە دەکات کە ئاسۆی تەسویەکردنی تەنگژەکەی عێراق دەبێ لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی دراوسێ بێت، بەتایبەتی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئێران.

ئەمــە راگەیاندراوەکەیە و لە ژێر ناونیشــانی ئاســایش و سەقامگیری لە عێراق و ناوچەکەیە، هەرچەند ئەم راگەیاندراوە بایەخــی خۆی هەیە، بەڵام کاریگــەری گفتوگۆکانی ئێران و ئەمەریــکا فرە لایەنە و تەنیا کاروباری عێراق ناگرێتەوە، بەڵکو کاروباری رۆژهەڵاتی نێوینیش، لەوانــە فایلی ئەتۆمی ئێران و، تەســویە کردنی کێشەی عەرەب- ئیســرائیل و، بەر لەویش بازرگانــی نەوتــی جیهانی و هەردوو ئیســتیحقاقە ئەمنی و ئابوورییەکەی تاران بەڕاشکاوی دەیەوێت چوارچێوەی وتووێژەکان تەنیا دەربارەی ئاسایشــی نەبێت، بەڵکو گشتگیر بێت، دەیەوێت دان بە رۆڵە هەرێمایەتییە رۆژهەڵاتییە نێوینەکەی بنرێ، بەڵام ئەولەویاتی واشــنتۆن وەدەستهێنانی خەڵاتە نەوتییەکەی عێراق و رۆژهەڵاتی نێوینە، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵی ئەوە دەدات لە رێی سەفاقەتی جۆراوجۆرەوە بگاتە ئامانجە ستراتیژییەکانی کە لەوانەیە بۆ گەیشتنی بەو ئامانجە تەنازولاتیش بکات.

لــە نێوان ئــەو دوو ئامانجە گەورەیــەدا، لەوانەیە وتووێژی ئەمەریکا و ئێران و لە ژێر ناونیشــانی ئاسایشی عێراق دەست پێ بکاتەوە و لەو پێناوەشدا چەند کۆنگرەیەکی وڵاتانی دراوسێ و بە بەشــداری ئێران ببەسترێ کە ئامانجی گشت ئەو وڵاتانە هێنانەدی بەرژەوەندییەکانییەتی.

ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا لەو کاتەی کە پلانە ستراتیژییەکەی بۆ گێڕانەوەی ئاسایشی لە بەغدا و ناوچەی ئەنبارەدا راگەیاندووە، دەستی بە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێران کردووە.

هەر چەندە ئەو سەرکەوتنەی کە لەو بوارەدا ئەمەریکا وەدەستی هێنــاوە لەگەڵ ناوەڕۆك و ئامانجــە ئەمەریکییەکە ناگونجێ، بــەڵام گفتوگۆی ئەمەریکا و ئێران رانەوەســتاوە و تا ئێســتا دبلۆماســییەتی ئێران بەردەوامە لە خســتنەڕووی ئەلتەرناتیڤە سیاسییەکەی خۆی لەگشت دەوڵەتییەکاندا، ئەورووپی و رووسی و ئەمەریکیدا.

ئەگەر خەڵاتی داواکراو نەوت بێت، ئەوا ئیدارەی ئەمەریکا لە هاوینی ئەمساڵدا دەیەوێ پەیمانێکی دۆستایەتی و هاریکاری لەگــەڵ عێراقدا مۆر بکات، بە دەربڕینێکی تر پەیمانە نوێیەکە کە هەر وەکو هۆشــیار زێباری وەزیــری دەرەوەی عێراق دەڵێ: پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتــی عێراق و هێزەکانی ئەمەریکا و مەسەلەی سەروەری ســەرکردایەتی کردنی کردەوە ئەمنی و عەســکەرییەکان و کۆنترۆڵکردنی هێزەکانی عێراق رێك دەخات،

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

ئەمە سەرەڕای ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا.

هەموو ئەو شتانە لە دەرەوەی ویلاتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەرێوە دەچێت، ئەم ئەنجوومەنە لە بڕیارەکانیدا داوای بە بەرنامەکردنی کشانەوەی هێزو فرە ڕەگەزەکانی دەکرد لە عێراقدا، ئەم وڵاتەشی لەبارێکدا داناوە کە لە ژێر داگیرکاریدایە و سەرپەرشتی ئەو دانوستانە ئەمەریکی عێراقییەش ناکات کە چوار چێوەیەکی گشتی بۆ پەیوەندییە دووقۆڵیەکان دادەنێ، بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا نەك عێراق.

پرسیار ئەوەیە: بۆ ئێران لە بارێکی وادا روو لە دانووستان لەگەڵ واشنتۆن ناکات بۆ زامنکردنی بەرژەوەندییەکانی لە عێراق و رۆژهەڵاتی نێویندا؟

ئایا ئەم بارە دەبێتە هۆی لەیەك تێنەگەیشتنی ئەمەریکا و ئێران دەربارەی عێراق، دوور لە ئیرادەی عێراقییەکان؟

ڕەوتی سەدر لە کایەی یەکەمی وتووێژە ئەمنییەکانی نێوان تاران و واشنتۆن ئاماژەی بەو مەسەلەیە کرد و پێی وابوو کە ئەمەی دەکرێ دانپێدانێکی ئێرانییە بە ئەمری واقیع، واتە واقیعی ئینتدابی ئەمەریکی لەسەرعێراقدا، پێداگیریشی کردبوو لەسەر هاونیشتمانێکی عێراقی بۆ گەیشتنی بە بەرنامەیەکی سیاسی نیشتمانی کە گشت لایەنە ناکۆکەکانی عێراق لەسەریدا ڕێك بن و هەر بەخۆشیان بەرنامەیەك دابنێن بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا.

لەوانەیە ئەو کەشە سیاسییە هەر لەسەرەتایی پارساڵەوە باڵی بەسەرنێوەندێکی فراوانی عێراقدا کێشا بێت، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزی تەنگژەکەی عێراقەوە فشارێکی زۆری خستبووە سەر عێراقییەکان بۆ ئەوەی نەگەنە دیدێکی هاوبەش سەبارەت بە سەقامگیری سیستەمە نوێیەکەیان.

با بگەڕێینەوە سەر پرسیاری پێشوو سەبارەت بە زامنکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران پاش ئەوەی کۆنگرەکانی وڵاتانی دراوسێ بوو بە (مقاصە)یەکی ئەمنی و سیاسی و ئابووری و هەر لایەنێکیش بوو بە خاوەن بەرنامە و داواکاری خۆی.

تورکیا دەیەوێ چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەکەی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا بدۆزێتەوە و لە ژێر هەر بە هانەیەکیش دروستبوونی قەوارەی کوردستانی سەربەخۆ لە عێراق ڕەت دەکاتەوە، کە پێی وایە لە دوا رۆژدا هەڕەشە لە یەکێتی خاکی تورکیاش دەکات.

سوریا کە پارساڵ میواندارى کۆنگرەی شارەزایانی ئاسایش لە وڵاتانی دراوسێی عێراق کرد، زۆر بە وردی لە ئاسایشی سنوور و قاچاخی چەك و پەڕینەوەی چەکدارانی کۆڵیەوە، دانپێدانێکی ئەمەریکی دەوێ بە ڕۆڵە هەرێمایەتییەکەی و توانای وتووێژکردن لەسەر چارەنووسی جۆلانی داگیرکراو.

وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداویش لە خاڵی سەقامگیری ناوچەی کەنداوەوە دەست پێ دەکات، بەتایبەتی لە رووی نەوت و ئاسایشەوە، زۆریش لە توندبوونی کێشەی تایفی لە عێراقدا دەترسێ، چونکە پێی وایە کە ئەمە کاریگەری سلبی دەکاتە سەر ئەویش.

ئەمما ئیسرائیل، ئەویش لە هەوڵی ئەوەدایە بەلاگیری ڕاستەوخۆی ئەمەریکا، بەتایبەتی پاش هەرسهێنانی هێزە سەربازییەکەی عێراق بەشداری لە ئەمنیەتی ڕۆژهەڵاتی نێویندا بکات.

عێراقیش لە باری ئەو دەوڵەتەدایە کە سەروەری خۆی لە دەست دابێ.

دوور لە وڵاتانی دراوسێ، هێزە نێودەوڵەتییەکان خەریکی زامنکردنی بەرژەوەندییەکانیانن لە عێراق و ناوچەی کەنداو.

رووسیا ڕەزامەندی دەدات لەسەر سڕینەوەی زۆربەی قەرزەکانی لەسەر عێراقدا،واتە نزیکەی (١٢) ملیار دۆلار لە کۆی ١٢,٩ ملیار دۆلار کە سەرجەمی قەرزەکەیە ئەویش بەرامبەر بە زیندووکردنەوەی گرێبەستێکی کۆمپانیای لوك ئۆیل کە لە ساڵی ١٩٩٧ دا و لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا ئەنجام درابوو، ئەمە سەرەڕای ئامادەیی رووسیا بە وەبەرهێنانی نزیکەی چوار ملیار دۆلار لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا، بۆ ئەوەی ئەم سەفقە گەورەیە بێتە ئەنجام ، وەزارەتی دەرەوەی رووسیا باسی لە گەیشتنی عێراقییەکان بۆ شێوازێکی گشتگیری ویفاقی نیشتمانی دەکات بەر لەوەی قسە لەسەر کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق بکەن.

ئەمە دیمەنێکە لەو دیمەنانەی کە بەپێی بەرژەوەندییەکانی نێودەوڵەتی ئاڵۆگۆڕ دەکرێن.

لەوانەیە(مقاصە)یەکی تر لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپاش ئەنجام بدرێ لە چوار چێوەی کێبڕکێیەکی نێودەوڵەتی گەرم لەسەر نەوتی عێراق و ئەمنیەتی وزە لە ناوچەی کەنداودا.

ئەو هەموو شتانە لەبەرچاوی سەرکردایەتی ئێران دەکرێ، بۆیە ئەویش لە هەوڵی ئەوەدایە ڕۆڵی خۆی لەو بوارەدا پتەوتر بکات و بەرژەوەندییەکانی زامن بکات.

لەسەرەتای مانگی ئاداردا سەرۆك کۆماری ئێران سەردانی بەغدای کرد و وتووێژی دەربارەی ئاسایش و بەرژەوەندییە ئابووری و نەوتییەکانی کرد و سەردانەکەشی بەر لە دانیشتنێکی فراوان لەگەڵ ئەمەریکییەکاندا هات، لە ڕاستیدا ئامانجەکەی لەمەسەلەی سەقامگیری عێراق دوورتر بوو.

لە نێوان کۆنگرەی ئەستەنبوڵی هەرێمایەتی- نێودەوڵەتی دەربارەی عێراق وسەردانەکەی سەرۆك کۆماری ئێران، بەرژەوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان زیاتر هەستیان پێ دەکرێ و هەموو لایەکیش لە کێبڕکێیەکی گەرم دان، خەڵاتە نەوتییەکە و تەنگژەکەی عێراق بووەتە ماددەیەکی سەرەکی سەودایەکی نێودەوڵەتی ، هەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا تا دەگاتە فایلی ئەتۆمی ئێران.

ئایا زێدەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین تەنگژەی عێراق پەیوەندی بە چارەنووسی پەیوەندییەکانی رۆژهەڵاتی نێوین ودوا رۆژی سیستەمی جیهانی هەیە؟

●●●
**لەوانەیە وتووێژی ئەمەریکا و ئێران و لە ژێر ناونیشانی ئاسایشی عێراق دەست پێ بکاتەوە و لەو پێناوەشدا چەند کۆنگرەیەکی وڵاتانی دراوسێ و بە بەشداری ئێران ببەسترێ کە ئامانجی گشت ئەو وڵاتانە هێنانەدی بەرژەوەندییەکانیەتی**
●●●

●●●
**تەنگژەکەی عێراق بووەتە ماددەیەکی سەرەکی سەودایەکی نێودەوڵەتی، هەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا تا دەگاتە فایلی ئەتۆمی ئێران**
●●●



ئاسۆ کەریم

# خزمەتێکی بەلاش!

• دوای کشانەوەی هێزەکانی تورکیا، یەکدوو کەناڵی ڕاگەیاندنی کوردی، بڵاویان کردەوە کە "هێزەکانی پەکەکە گەڕانەوە ناوچەی قەندیل". دیارە کەس ناکارێ بڵێ ئەوە هەواڵ نییە، بەڵکە زانیاریی نوێی تێدایەو بەلای خەڵکیشەوە جێگەی سەرنج و بایەخە و میدیاش ئازادو سانسۆری لەسەر نییە. لێ ئاز حەیرانینە، ڕاستە هەموو شتێك بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاسایشی نەتەوەیی بڵاوبکرێتەوە؟ لەکاتێکدا هەواڵ و سەرنجی لەم جۆرە هەم تەرجەمەی کوردی و هەم تەرجەمەی ئینگلیزی دەکرێ و زۆر جاریش هەرخۆمان دەبینە سەرچاوەی زانیارییە ئەمنییەکانی ئەملاو ئەولا. بەلای منەوە ئەوە چاوساغییەکی بەلاشە. هەر لەدوای هەواڵی لەمجۆرەشەوە، ناوچەکانی بناری قەندیل بوونە نیشانەی هەم فرۆکەکانی تورکیا و هەم تۆپخانەی ئێران (٢٠٠٨/٣/١٥) و بەداخەوە ئەو میدیا کوردییە "ئەهلی و سەربەخۆ"یانەش هەر زوو لەسەر زاری بەرپرسێکی (پژاك) جەخت دەکەنەوە کە ئەو تۆپبارانە بێ زیانی ماددی و مرۆیی بووە! کەواتە خزمینە، شتێك هەیە پێی دەگوترێ ئاسایشی نەتەوەیی و با بەدەستی خۆمان "گورگ لە مەڕو پەزی خۆمان بەرنەدەین" و کەمێك ئێمەی ڕاگەیاندنکار خۆمان خۆمان سانسۆر کەین.

• هاوبەند لەگەڵ ئەوە، لەم ڕۆژانەدا، لە میدیای تورکیم خوێندەوە کە حکوومەتی تورکیا بڕیاری داوە (١٢ بلیۆن دۆلار) بۆ ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (واتە ناوچە کوردنشینەکان) تەرخان بکات بۆ بوژانەوەی ناوچەکە. ئێمە خۆمان گوتومانەو دەڵێین، ناوچە کوردنشینەکان، هەژارو نەدارن، پێویستیان بە دەسگرتن و بوژانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، حکوومەتی تورکیا فەرق و جیاوازی دەکات و لە ناوچە کوردییەکاندا ڕادەی بێکاری زۆرە و دواکەوتووە، تەنانەت ئیسماعیل بێشکچی لەسەر ئەو بنەمایەو کۆمەڵێ بنەمای تریش ناوی لێناوە (کۆلۆنیالیزمی ناوەکی).

تەنانەت ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپیش، جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێت بایەخ بەو ناوچانە بدرێ لەڕووی ئابوورییەوە، بودجەیان بۆ تەرخان بکرێ. ئێستا ئەوە حکوومەتی تورکیا بڕیاری داوە یان بەتەمایە پارەی بۆ تەرخان بکات، ئێ دە پێشوازی لێ بکە. بەئاشکرا پەکەکە پێشوازی لێ ناکات و هەرزوو لێی کەوتە تەقەو خەڵکی لەو "پلانە" ئاگادار دەکاتەوە. ڕاستە کێشەی کورد، لە تورکیا و لە پارچەکانی تریش، تەنیا ڕەهەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکە ڕەهەندە سیاسی و کولتووریی هەیە و سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەیی جیا لە (تورك، عەرەب، فارس) بۆ کورد زۆر گرنگە. بەڵام هەقە بزووتنەوەکانی کورد، سیاسەت بکەن، ئەگەر هەنگاوێکیش بەئاراستەی لا لێکردنەوە لە کورد نرا ئەوا پێویستە پێشوازی لێبکەن، بەتایبەتی کە لە تورکیا، ململانە لەنێوان حکوومەت و سوپا، لەنێوان پارتی دادو گەشەپێدان و حزبەکانی موعارەزە نەبڕاوەتەوە. هەق نییە بزووتنەوەی کورد لە تورکیا، بەکردەوە بکەوێتە بەرەی دەنیز بایکاڵ و دەوڵەت باخچەلی. بایکاڵ تەنانەت پێیوایە کردنەوەی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بەزمانی کوردی کە ماوەیەك لەمەوبەر ئۆردوگان باسی لێکرد، مەترسییە بۆ سەر یەکێتیی خاکی تورکیا (٢٠٠٨/٣/١٥)! کەواتە پێویستە لەسەر ئاستی تاکتیکی ڕۆژانەیش کورد وریا بێت و ئاگای لە سەنگەرو بەرەکان بێت و لێی تێکنەچێت!

• من یەك بەبارە خۆم، لەدوای کشانەوەی سوپای تورکیا کە شك لەوەدانییە لەژێر کاریگەریی هۆکاری جۆراو جۆر بوو، لەوە دەترسام کە خوا نەکات هەڵسوکەوت و ڕەوتاری پەکەکە و تەنانەت دەتەپەیش بەئاقاری ڕەقەکاری و "خۆبادان" بکەوێتەوە، بەڵکە بکارێت بەشێوەیەکی سیاسییانە، کەڵکی لێوەربگرێت و وتووێژی ئاشتییانە بکاتە سەرمەشقی سیاسەتی لەمەوداو یەکلایەنە جاری ئاگربەس بدات، بەداخەوە قسەکانی ئەم یەکدوو ڕۆژەی "ئۆجالان" لە ئیمرالییەوە، بۆنی ئەمەی لێ نایەت.

Aso2karim@yahoo.com

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

# بارزانی حەقیقەتێکە و دەبێت تورکیا لەبەرچاوی بگرێت



ئیلنۆر چەڤیك

بێ ئەنجامدانی جۆرێك لە گفتوگۆ لەگەڵ بارزانیدا، ناتوانرێت کێشەی عێراق یاخود کێشەی پەکەکە لە شاخەکانی کوردستاندا چارەسەر بکرێت. ئەمە راستیەکە و وردە وردە لە هزری زۆرێك لە تورکە دەسترۆیشتوەکاندا دەچەسپێت، بەڵام هێشتا هەندێ بەرهەڵستی هەیە بۆ ئەم بیرۆکەیە لەلایەن هەندێ لە ناوەندە بڕیارسازەکانی دەوڵەتی تورکیاوە.

بەم دواییە مام جەلال سەردانی ئەنقەرەی کرد و بە سەرکردەکانی تورکیای ڕاگەیاند کە مەسعود بارزانی دوژمنی تورکیا نییە. بە پێچەوانەوە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بارزانی دۆستی تورکیایە و متمانەی بە تورکیا هەیە. هەروەها ئەوەی دووپات کردەوە کە پێویستە تورکەکان لەو راستییە تێبگەن کە هێزەکانی پێشمەرگە ٣٠٠٠ شەهیدیان دا، کاتێك ئەوپەڕی هاوکاری تورکیایان کرد لە شەڕی دژی پەکەکە لە ساڵەکانی نەوەتەکاندا و ئێستا خوازیاری دووبارە کردنەوەی ئەو شەڕە نین. ئەو خوازیاری شەڕێکی دیکەی هاوشێوە نییە کە ببێتە هۆی لە دەستدانی گیانی پێشمەرگەکان، لە هەمان کاتدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمە شەڕێکی بێهودە دەبێت، چونکە نابێتە هۆی هەڵکەندنی پەکەکە لە شاخەکانی کوردستاندا.

مام جەلال جەختی لە سەر گرنگی دانوستاندن و گفتوگۆ کرد لە نێوان ئەنقەرە و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. هەروەها سەرکردە تورکەکانی هاندا بۆ ئەوەی بانگهێشتی نێچیرڤان بارزانی بکەن بۆ ئەنقەرە.

مام جەلال دووپاتی کردەوە کەبارزانی خوازیاری پێکهێنانی پەیوەندیگەلێکی باشە لەگەڵ تورکیادا. ئاماژەشی بەوە کرد کە پێش سەردانەکەی بۆ تورکیا بە تێروتەسەلی گفتوگۆی لە سەر ئەو مەسەلانە کردووە لەگەڵ بارزانیدا. لەدوای سەردانەکەی، مام جەلال گەڕایەوە بۆ شاری هەولێر و دووبارە لەگەڵ مەسعود بارزانیدا هەڵسان بە هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی سەردانەکەی بۆ تورکیا.

هەروەها مام جەلال لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە ئەوەی روون کردەوە کە بارزانی هەست بەتوڕەیی دەکات لەبەر ئەوەی هەندێ کەس لە تورکیادا بە شێوەیەکی ئاشکرا بێڕیزیان لەگەڵدا کردوە و لە کەسایەتیان کەم کردۆتەوە. هەروەها رایگەیاند کە ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا بارزانی رێکخراوی پەکەکەی بە تیرۆریست وەسفکرد و خودی حزبەکەی تاڵەبانیش (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) هەر لەو کاتەدا بەرهەڵستی شەڕی پەکەکەی دەکرد. گوتی بارزانی هەمیشە دۆستی تورکیا بووە، بەڵام ئەگەر بە بەردەوام دژایەتی کەسێك بکەیت، بە تایبەتی کەسێکی وەك مەسعود بارزانی کە هەمیشە شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە دەکات، ئەوا لە دەرئەنجامدا تەنها کاردانەوەیەکی توندی لێ بەدی دەکرێت و ئەمەش ئەو بارەیە کە ئێستا روودەدات.

مام جەلال ئەوەی روون کردەوە کە ئەگەر بەردەوام گوشار بخەیتە سەر کەسێك بۆ ئەوەی بڵێت " پەکەکە رێکخراوێکی تێروریستیە" ئەوا لە ئاکامدا کاردانەوەی سلبی دەبێت.

لە هەمان کاتدا مام جەلال سەرکردە تورکەکانی هاندا بۆ ئەوەی رێگاچارەیەکی جیاواز بگرنە بەر بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیادا، لە رێی گرتنەبەری رێوشوێنی ئابووری و سیاسی و کەلتورییەوە، لە پاڵ بەکارهێنانی هێزی سەربازیدا لە دژی پەکەکە. مام جەلال ئەوەی خستەڕوو کە پێویستە حکومەتی تورکیا رێگاچارەی نوێ بگرێتەبەر و رای گشتی تورکیا ئامادەبکات بۆ قبوڵکردنی چارەسەری نوێ.

هاوکات، سەرۆك وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕایگەیاند کە پرۆژەیەکی ئابوری تێروتەسەل دەخاتەڕو کە بڕەکەی ١٢ ملیار دۆلارە بۆ ئەوەی لە ناوچە کوردنشینەکانی باشوری رۆژهەڵاتی تورکیادا جێبەجێبکرێت، کە ئەوەش هەنگاوێکی نوێیە بە ئاراستەی راست و دروستدا. بە هەر حاڵ سەرەڕای گومانەکان، ئێمە هەست دەکەین کە دەبێت ئەو رێوشوێنانە بە هەنگاوی سیاسی، کەلتوری و کۆمەڵایەتی تەواو بکرێن.

ئێستا ئەوە بەدی دەکەین کە وردە وردە سەرکردە سیاسیەکانی تورکیا هەست بەوە دەکەن کە دەبێت وەکو هاوبەش و هاوپەیمانێکی تورکیا لە بارزانی بڕوانن نەك وەك دوژمنێك.

لە راستیدا کلیلی هەمو ئەم مەسەلانە لە دەستی سوپای تورکیادایە. سوپای تورکیا سەرکردایەتی گروپێك دەکات لە ئەنقەرە کە بەرهەڵستی هەر جۆرە دانوستاندن و گفتوگۆیەك لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا دەکات هەتاوەکو کێشەی پەکەکە لەشاخەکانی کوردستاندا بمێنێت.

سەرۆك ئەرکانی سوپای تورکیا یەشار بویوکانت خوازیاری سەرەتایەکی نوێیە لەگەڵ بارزانیدا، بەڵام پێشبینی دەکات کە ئەم سەرکردە کوردە دەستپێشخەری بکات و هەنگاوگەلێکی پێویست بگرێتەبەر. بەهەرحاڵ، سەرۆك ئەرکان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هێزە چەکدارەکانی تورکیا ئامانجیان لە ناوبردنی پەکەکەیە لە شاخەکانی کوردستاندا و بە هیچ شێوەیەك نیازی نییە هەرێمی کوردستان بکاتە ئامانج، نە لە ئێستا و نە لە داهاتوودا.

تایبەت بە گوڵان دەینوسێت

# ئەوەی بە تورکیا کرا بە ئێران ناکرێت



سامی شۆڕش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

رەنگە دەوڵەتی ئێران خۆی تووشی هەڵەیەکی زۆر کوشندە بکات ئەگەر وای لێك بداتەوە ئەویش وەك تورکیا مافی ئەوەی هەیە لە بواری رەفتار کردن لە بەرامبەر کوردستانی عیراق، روو لە مەنتیقی هەڕەشەی سەربازی و بەهانەی راوەدوونانی بەرهەڵستکارە کوردە ئێرانیەکان بکات. ئەو بەرهەڵستکارانەی بە قسەی تاران، گوایە، لە ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عیراق خۆیان قایم کردوەو لەوێوە هێرشی سەربازی دەکەنە سەر هەندێك ناوچەی ئێران.

لەم بارەیەوە، لەنگەری ئێران لە بەرامبەر ئەگەری هێرشی لەو بابەتە زۆر جیاوازترە لەوەی تورکیا. بگرە، ئەگەر ئەم جۆرە رەفتارە بۆ تورکیا هەڵەیەکی زۆر کوشندەش نەبوو بێت، ئەوا گومان لەوەدا نیە، هەمان رەفتار رەنگە بۆ ئێران زۆر کوشندەو قورس بکەوێتەوە. ئەوەی راستی بێت، کورد لە عیراقدا مەبەستی نیە نە تورکیاو نە ئێران تووشی نائارامی و پشێوی و شەڕو ناکۆکی بێن لەگەڵ رێکخراوە سیاسیە ئۆپۆزیسیۆنەکانیان لەسەر خاکی کوردستانی عیراق. بگرە رێگەش لەوە دەگرێت هیچ کام لەو رێکخراوانە چالاکی سەربازی لە دژی تورکیاو ئێران لە رێگەی خاکی یان سنووری کوردستانی عیراقەوە بکەنە سەر دەرو دراوسێکان. بەڵام، پێ دەچێت، زۆربەی ئەو جیاوازیانەی لە نێو هەڵوێستی ئەو دوو دەوڵەتەدا هەیە لە بەرامبەر مەسەلەی هێرش کردنە سەر ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عیراق، هیچ پەیوەندیەکی ئەوتۆی بە کوردەوە نەبێت. بەڵکو زۆربەیان پەیوەندیان بە سروشتی هەڵوێست و ناکۆکی سیاسی لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە لەگەڵ ئەمریکاو ئەوروپاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبێت. جا کە مەسەلەکە وا بێت، مەعلوومە، هەڵوێستی ئەم دوو دەوڵەتە لە پانتایی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا چەند جیاوازو لە یەکتری دوورن.

بە هەر حاڵ، هۆکارەکانی جیاوازی زۆرن. یەکیان ئەوەیە کە لە دیدی رۆژئاواوە، بە تایبەتی ئەمریکاو ئەوروپا، نە ئێران تورکیایە و نە هێرشی ئێرانیش بۆ سەر هەر بستێکی عیراق، بە تایبەتی کوردستان، هەمان ئامانجی هێرشەکانی تورکیای هەیەو بە هەمان شێوەش وەڵام دەدرێتەوە. لەم بازنەیەدا رەنگە تاران وای لێك بداتەوە گوایە ئەمریکاو ئەوروپا خۆیان لەسەر کوردستانی عیراق تووشی شەڕ ناکەن لەگەڵ ئێران. ئەمە رەنگە تا رادەیەك راست بێت. بەڵام لەوە راستتر ئەوەیە کە ئەمریکاو ئەوروپا هەمان ئەو وەڵام و کاردانەوەیەیان نابێت لە بەرامبەر هەر دەستدرێژیەکی ئێران بۆ سەر ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عیراق وەك چۆن لە بەرامبەر هێرشەکانی ئەم دواییەی تورکیا هەیان بوو. وەڵامەکە لە بەرامبەر ئێران رەنگە زۆر توندترو زۆر زەقترو زۆر قورستر بێت لەوەی بەرامبەر تورکیا.

هێشتا لە سەرەتاوە، پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگرین کە ئەنقەرە هاوپەیمانێکی گیانی بە گیانی ئەمریکایە. ئەمەش لە کاتێك دایە کە ئێران دوژمنێکی گیانی بە گیانی ئەو وڵاتە گەورەیەی جیهانە تاك جەمسەریەکەی ئەمڕۆیە. ئینجا، تورکیا بە ئەنجامدانی هێرشە سەربازیەکانی بۆ سەر کوردستان، هەڵەیەکی گەورەی کرد. بەڵام هەڵەکەی ئەگەرچی لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە ئیدانەی توندی لێ کرا، لە لایەن ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپی قبوڵ نەکرا. سەرباری قبوڵ نەکردن، هەوڵیش درا قەناعەت بە ئەنقەرە بکرێت تا لە جیاتی هێزی سەربازی روو لە دایەلۆگ و شێوازی سیاسی و دیپلۆماسی بکات بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە.

هاندەری سەرەکی لەم مەیدانەدا ئەوە بوو کە ئەمریکا زۆری مەبەستە تورکیاو کوردستانی عیراق پەیوەندیەکی خۆش و پڕ هاوکاری و گەرم و گوڕیان لە نێوان دا هەبێت. بۆیە، لەگەڵ رازی بوونە گشتیەکەیشی لەسەر هێرشی تورکیا بۆ سەر ناوچە سنووریەکانی وڵاتێکی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانەی خۆی، فشارێکی زۆریشی هێنایە سەر کۆشکی یوڵدز تا هێرشەکە رابگرێت و هێزەکانی خۆی لە کوردستان بکێشێتەوە. ئێستا هەوڵو تەقەللایشی دەست پێ کردوە بۆ دەست پێ کردنی دایەلۆگی سیاسی لە نێوان ئەنقەرەو هەولێر.

بەڵام ئەو هەموو کەین و بەینە بە نیسبەت ئێران زۆر جیاوازە. لە لایەك، ئەمریکا نەك هەر دوژمنایەتیەکی توندی لەگەڵ تاران هەیە، بەڵکە لە بەهانەش دەگەڕێت بۆ ئەوەی هەندێك لە حیسابەکانی خۆی لەگەڵ تاران بە توندوتیژی چارەسەر بکات، جا چ بە شێوەی سەربازی بێت یان بە سەپاندنی سزای نێودەوڵەتی. لەوەش زیاتر، واشنتۆن خەمی ئەوەی نیە کوردستان و ئێران هیچ هەماهەنگیەکی سیاسی و ئابووری و بازرگانیان لە نێوان دا هەبێت. بگرە، هەر هەماهەنگیەکی لەو بابەتە رەنگە زیان لە هەڵوێستە توندوتیژەکەی ئەو بگەیەنێت لە بەرامبەر رژێمی ئێران. بۆیە، ئەگەر تاران روو لە هێرشی سەربازی یان شەڕفرۆشتنی سەربازی بکات لە بەرامبەر کوردستانی عیراق، ئەوا گومان لەوەدا نیە ئامانجێکی گەورە بۆ ئەمریکا جێ بە جێ دەکات و بەهانەیەکی گەورەشی دەداتە دەست بۆ ئەوەی تەوقی گۆشەگیریی سیاسی و ئابووری بەسەر ئێران توندتر بکات.

بێجگە لە ئەمریکا، وەك هەموو دەیزانین ئەنقەرە پەیوەندیەکی خۆشی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپاشدا هەیە. بگرە ماوەیەکی

درێژە هەوڵی وەرگرتنی سیفەتی ئەندامێتیی تەواو دەدات لە ریزەکانی یەکێتی ئەوروپیدا. لەم بوارەدا لەگەڵ بروکسل کەوتۆتە گفتوگۆیش. بەڵام ئێران نەك هەر ئەمریکا، بەڵکو ئەوروپاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشی لە خۆی کردوە بە دوژمن. لەوەش بەولاتر، خاڵی ناکۆکی لە نێوان ئەمریکاو ئەوروپاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە لایەك و، ئێران لە لایەکی دیکە، هەر تەنیا بەرنامەی ئەتۆمی نیە، بەڵکو چەند بابەتێکی گرنگی دیکەیشە وەك عیراق و دەستوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆی و هاندان و یارمەتی دانی گروپە تیرۆریستەکانی ناو عیراق، ئینجا هەڵوێستی تاران لە مەسەلەی لوبنان و لە پرۆسەی ئاشتی لە نێوان فەلەستینیەکان و ئیسرائیل. لەوانەش بەولاتر، تا ئێستا ئێران لە سەر لیستی دەوڵەتانی پشتگری تیرۆری نێودەوڵەتی دایە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

ئێران لە ناو گێژەنەی ئەو ناکۆکیانەدا دەژیێت لەگەڵ رۆژئاوا. کەچی تورکیا لەو هەموو هەڵوێستانەدا بە یاریدەدەرو هاوپەیمانێکی گەورەی ئەمریکا لە قەڵەم دەدرێت. ئینجا هاوپەیمانێکی ئاشکرای ئیسرائیلیشە. بگرە هەڵکەوتە جوگرافیەکەی لە باکووری سوریا، هەمیشە رۆڵێکی گەورەی هەبووە لەوەی دیمەشق زمانی کورتتر بێت لە ئاست ئیسرائیل و ئەمریکا. بۆیە، هەر جولەیەکی نایاسایی ئێران لە بەرامبەر کوردستانی عیراق رەنگە کاردانەوەیەکی زۆر خراپی هەبێت بۆ سەر تاران لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا.

لەوانەش بەولاتر، هەم ئەمریکاو هەم ئەوروپا، زۆریان مەبەستە لە رێگەی دیپلۆماسی نەرم و نیانەوە قەناعەت بە ئەنقەرە بکەن بەڵکو بە شێوەیەکی سیاسی کێشەی کورد لە ناو چوارچێوەی خۆی دا چارەسەر بکات. مەبەستیشیان لەو قەناعەت پێکردنە ئەوەیە دەوڵەتی تورکیا لە تەنگوچەڵەمە ناوخۆییەکانی رزگار بکەن و رێگەی بەرەو پێش چوون و گەشە کردنی لەبەردەمدا والا بکەن. لەم نێوانەدا، ئەنقەرە هەوڵ دەدا باوەڕ بە ئەمریکاو ئەوروپا بهێنێت کە کێشەی (پێ کە کە) و کێشەی کورد لە تورکیا دوو شتی لە یەکدی جیاوازن. یەکەمیان بە شێوازی سەربازی و دووەمیان بە شێوازی سیاسی چارەسەر دەکرێت. بەڵام واشنتۆن و ئەوروپا ئەگەرچی ئەم بۆچوونەی ئەنقەرە بە شێوەیەکی گشتی قبوڵ دەکەن، لە هەمان کاتدا، هەوڵ دەدەن قەناعەت بە ئەنقەرە بکەن بەڵکو کێشەی (پێ کە کە) یش بە شێوەیەکی سیاسی چارەسەر بکات. مەبەستی گەورەشیان رزگار کردنی تورکیایە لە تەنگوچەڵەمە ناوخۆییەکانی.

کەچی لە ئاست هەمان مەسەلەدا، بۆچوون و رەفتارێکی زۆر جیاوازتریان هەیە. ئەمریکا نە (پژاك) و نە هیچ لەو رێکخراوە سیاسیە کوردیانەی ئێران بە تیرۆریست نازانێت و هیچ جۆرە دیدێکی لە لا نیە لە باری ئەوەی گوایە کێشەی حیزبە کوردیەکان و کێشەی کورد جیاوازن و پێویستە بە شێوازی جیاوازیش چارەسەر بکرێن. رۆژئاوا پێی وایە ئەو دوو کێشەیە لە ئێران یەك فایلن. هەر توندوتیژیەکیش بەرامبەر یەکێکیان توندوتیژیە بەرامبەر کێشەکەی دیکە. بۆیە، لێرەشدا، پێیان وایە ئەم کێشانە زادەی سیاسەتە ئایدیۆلۆژیە توندوتیژەکەی ئێران خۆیەتی. بۆیە، ئەمریکاو ئەوروپا، ئەگەر مافێکی زۆر بچووکیش بدەن بە تورکیا بۆ هێرشی (مەحدود) بۆ سەر کوردستان ئەوا گومانی تێدا نیە هەمان ماف نادەن بە ئێران.

لەوانەش بەولاتر، هەمیشە ئەمریکاو ئەوروپا ویستویانە وا لە جیهان و دۆستە ناوچەییەکانی خۆیان بگەیەنن کە تورکیا مایەی ئیستیقرارو بوژانەوەی ئابووری و سیاسی و رۆشنبیریە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها بنکەیەکی گەورەی شەڕی دژەتیرۆرە لە ناوچەکەدا. ئینجا پێیان وایە کەموکورتیەکانی رژێمی سیاسی لە تورکیا دا (بۆ نموونە: سیما ئەتاتۆرکیە سەربازیەکەی ئەو وڵاتە) قابیلی چارەسەر کردنە لە رێگەی پرۆسەی سیاسیەوە. بەڵام ئێران، بە پێچەوانەوە، وڵاتێکە مایەی نائیستیقراری و رقەبەرایەتی و شەڕو ناکۆکی و تیرۆرو هەڵایسانی سیاسی و سەربازی لە ناوچەکەدا. کەموکورتیەکانیشی تا ئێستا هیچیان پێوە دیار نیە قابیلی چارەسەر بن لە رێگەی سیاسەتەوە.

پابەند بەم مەسەلەیەوە، ئەمریکاو ئەوروپا تورکیا بە دەوڵەتێك لە قەڵەم دەدەن کە بواری ئاشتەوایی تێدایە لە نێوان ئایین و دیموکراسیدا چونکە خۆی بە لای ئایدیۆلۆژیای ئایینیەوە ساغ کردۆتەوە. جا کە حاڵەکە ئەوەیە، ئەمریکیەکان وای دەبینن کە ئێران هیچ بوارێکی نەهێشتۆتەوە لەبەردەم ئاشتەوایی و دیموکراسی و فرەخوازی و لێبوردەیی. بگرە دەرگایشی داخستووە لەبەردەم هەر جۆرە پرۆسەیەکی دیموکراسی.

لەوانەش گرنگتر، تورکیا ئەگەرچی دەوڵەتێکی نەتەوەپەرست و شەڕانیە. ئەگەرچی هەوڵی دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆی کوردستان داوە لە رێگەی دنەدانی گروپی زۆر بچووك تا لە دژی ئیستیقراری کوردستان و ماددەی ١٤٠ و مەسەلەی کەرکوك بوەستنەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەنقەرە کارێکی ئەوتۆی وای نەکردوە یارمەتی گروپە تیرۆریستیەکانی ناو عیراق بدات و چاوی لە دەست بەسەردا گرتنی عیراق بێت. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئێران هەمیشە لە لایەن واشنتۆنەوە تۆمەتبار کراوە بەوەی یارمەتی تیرۆریستیەکان دەدات و هەوڵی فراوان کردنی دەسەڵاتی دەدات لە ناو عیراقدا. هەوڵیش دەدا دنەی شەڕی تایفەگەری بدات. بۆیە، پێ ناچێت ئەمریکا بەوە رازی بێت، هەمان ئەو ئێرانە، هەوڵ بدات ناوچە سنووریەکانی کوردستانیش ئالوودەی دەسەڵاتی خۆی بکات، یان وەك ناوچەکانی دیکەی عیراق تووشی نائارامیان بکات.

بە کورتی، ئەوەی بۆ تورکیا لوا لە کوردستانی عیراقدا بۆ ئێران نالوێ. وا چاکترە بۆ تاران، بە هۆی تۆپ باران کردن لە ناوچە سنووریەکانی کوردستان، خۆی تووشی قەیرانێکی تازە لەگەڵ ئەمریکا نەکات. کوردستانی عیراق بۆ تورکیا پاروو نەبوو. بە ناچاری پاشگەزیش بووەوە لەوەی قووتی بدات. رەنگە بۆ ئێران هەمان ئەو کوردستانە ژەهر بێت.

**ئەمریکاو ئەوروپا، ئەگەر مافێکی زۆر بچووکیش بدەن بە تورکیا بۆ هێرشی (مەحدود) بۆ سەر کوردستان ئەوا گومانی تێدا نیە هەمان ماف نادەن بە ئێران**

**ئێران هەمیشە لە لایەن واشنتۆنەوە تۆمەتبار کراوە بەوەی یارمەتی تیرۆریستیەکان دەدات و هەوڵی فراوان کردنی دەسەڵاتی دەدات لە ناو عیراقدا. هەوڵیش دەدا دنەی شەڕی تایفەگەری بدات. بۆیە، پێ ناچێت ئەمریکا بەوە رازی بێت، هەمان ئەو ئێرانە، هەوڵ بدات ناوچە سنووریەکانی کوردستانیش ئالوودەی دەسەڵاتی خۆی بکات، یان وەک ناوچەکانی دیکەی عیراق تووشی نائارامیان بکات**



# گەندەڵی حکومەتی عێراق گەیشتۆتە ئاستێک ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نائومێد کردووه

لەماوەی کەمتر لە ٢٠ مانگدا، ٥٦ بەرپرسی باڵای وەزارەتەکانی عێراق تۆمەتی گەندەڵیان لەسەر تۆمارکراوە و یان فەرمانی دەستگیرکردنیان دراوە.

● ● ●

بەپێی راپۆرتی نووسینگەی لێپرسینەوەی ئەمەریکی GAO لە ٢٠٪ -٣٠٪ ی کارمەندانی وەزارەتەکانی عێراق تەنیا ناویان هەیەو (ghost employees) مووچەکانیشیان وەردەگیرێت.

● ● ●

بە قاچاغ بردنی نەوت کە دەکاتە ٣٠٪ ڕێژەی نەوتی عێراق، ئامانجەکانی ئەمەریکای لەباربردووە.

● ● ●

وەزارەتی نەوتی عێراق لەبری ٣/٥ملیار دۆلار کە بۆ فراوانکردنی بەرهەمی نەوتی نیشتمانی تەرخانکراوە لە ڕێژەی١٪ کەمتری بۆ ئەم بوارە خەرجکردووە.

● ● ●

حکومەتی عێراق لە توانایدانییە بوودجەی پێویست لە پارەی بوودجەی ساڵانی پێویست بۆ پرۆژەکان دابین بکات.

● ● ●

وەزیری وەزارەتە سەرەکییەکانی حکومەتی عێراق و نەوت بێجگە لەوەی لە بوارەکانی خۆیان پسپۆر نین، فەرمانی حزبەکانیان جێبەجێ دەکەن و حزبەکانیشیان دژی حکومەتی ئەمەریکان.

● ● ●

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ڕێژەی زیادکردنی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە ٤٢٠٠ میگاواتەوە بۆتە ٤/٣١٧ میگاوات لە کاتێکدا عێراق پێویستی بە ٨/٢١٠میگاوات هەیە.

● ● ●

هەتا ئێستاش لە عێراقدا سیستەمێکی بانکی نییە، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق لە مامەڵەکردن بەکاش دوور بخاتەوە.

● ● ●

زۆربەی وەزارەتە سەرەکییەکانی عێراق شەفاف نین، لەگەڵ ئەوەی چاودێری دارایی و چاودێری گشتی لە هەر وەزارەتێکدا دانراوە، بەڵام فەساد هەر بەربڵاوە و توانای حکومەتی عێراقی نەهێشتووە.

● ● ●

حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٦ لەبڕی ٤٥ملیار دۆلار تەنیا لە ٤/٥٪ی بۆ ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوە تەرخانکردووە.

● ● ●

لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٨ بڕی ٧٠٠ ملیار دۆلار بۆ شەڕی دژە تیرۆر خەرجکراوە.

## گەندەڵییەکانی حکومەتی عێراق وادەکات«GAO» لێپرسینەوە لەگەڵ وەزارەتی بەرگری بکات

لە رۆژی ٢٠٠٨/٢/١٥ ژەنراڵ دەڤید- ئێمو- ۆڵکەر راپۆرتێکی بە ناونیشـــانی» بونیادنانی عێراق... ئاستەنگەکانی نەبوونی ئاســایش بێ توانایـــی حکومەتی عێراق تەحددای پرۆســەی ئاوەدانکردنـــەوە دەکەن» ئەم راپۆرتە وەك شـــاهیدیەك لەســەر کەموکورتییەکان و ئاســـتی گەندەڵی لـــە حکومەتی عێراق و هەروەها ئەو هەوڵانەی وەزارەتـــی بەرگری ئەمەریکا کراوە کە بۆ بونیادنانەوە و کۆنتراکتی پاراســـتنی ئاســـایش لە عێراقدا گرێداوە».

پێشکەشـــی لیژنەی حکومـــەت لە ئەنجوومەنـــی نوێنەران لە کۆنگریس کراوە.

لـــە رۆژی ٢٠٠٨/٣/١١جارێکی دیکە ژەنـــراڵ دەڤید - ئێم- ۆڵکـــەر راپۆرتێکـــی دیکەی بـــە ناونیشانی»ســـەقامگیری و ئاوەدانکردنـــەوەی عێـــراق پێویســـتی بەدەستنیشـــانکردنی کەموکورتییـــەکان و لێپرســـینەوەی هەوڵەکانـــی ئەمەریکا و وەبەرهێنان هەیە».

ئـــەم راپۆرتـــە وەك شـــاهیدیەك لەبـــەردەم لیژنـــەی ئیعتیمـــاد(Committee on appropriation) لـــە ئەنجوومەنی ســـەنات خوێندراوەتەوە و ئـــەم راپۆرتە زیاتر لێپرســـینەوە لەســـەر ئەو پارە زۆرەی کە دەڤیدۆڵکەر **لەماوەی ســـاڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٨بە ٧٠٠ملیار دۆلار دایناوە و هەمووشی بۆ شەڕی دژەتیرۆر خەرجکراوە** و، بەشی زۆری ئەم ٧٠٠ملیار دۆلارەش بۆ شەڕی عێراق و بونیادنانەوەی عێراق تەرخانکراوە.

بـــۆ ئەوەی لـــە نزیکەوە و لـــە زاری ژەنـــراڵ دەڤیدۆڵکەرەوە، زانیاری زیاتر بۆ خوێنەرانمـــان بڵاوبکەینەوە، گوڵان لەماوەی چەنـــد رۆژی رابردوو، هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ژەنـــراڵ ۆڵکەرەوە بکات، بەڵام بەداخەوە پێیان راگەیاندین دوای راپۆرتەکەی٢٠٠٨/٣/١١ دەستی لەکارکێشاوەتەوە و ئەوان وەکو نووسینگەی GAO ناتوانن ئەدرەسی دەڤیدۆڵکەرمان بدەنێ، بەڵام بەڕێز چارلس یۆنگ بەڕێوەبەری کارگێریی لە نووسینگەی لێپرسینەوەی حکومەتی ئەمەریکا بەڵێنی پێداین کە هەوڵدەدات بە نووسینگەیGAO بە فەرمی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان بداتـــەوەو، وەك لەدواین پەیوەندیـــدا ئاگاداریکردینەوە لە چەند رۆژی دادێGAOبە فەرمی وەڵامی پرســـیارەکانی گوڵان دەداتەوە.

ئێمە لەگەڵ ئەوەی چەندین لایەنی پەیوەنداری دیکەی پسپۆر و تایبەتمەندمان بۆ ئەم راپۆرتە دواندووە و بەشدارن لەم راپۆرتە وەك»پرۆفیسۆر پاولینا باکەر کە سەرۆکی رێکخراوی سندوقی ئاشـــتی جیهانە و، نووسەری حەوت راپۆرتە لەسەر فاشیلبوونی عێراق وەك دەوڵەت و، پرۆفیسۆر عەباس مەهدی کە راوێژکاری د. مالکی بـــووە و لەبەرفراوانی گەندەڵـــی لە حکومەتەکەی مالکی ماوەیەکـــی کورتە گەڕاوەتەوە بۆ ئەمەریکا و ئێســـتا ئوستادی سۆســـیۆلۆژیە لە زانکۆی کلۆد، هەروەها پرۆفیسۆر سوزان ئەکیرمان پســـپۆر لە رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی و یەکێکە لە ئامادەکارانی راپۆرتی گەندەڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ کە



تیایدا عێراق بە دووەمیـــن دەوڵەتی گەندەڵی لە جیهاندا پۆلێن کراوە)

### ئامانجی راپۆرتەکەی GAO

داڤیدۆلکەر ئەم راپۆرتەی کە وەك شاهیدیەك لەسەر باردۆخی عێـــراق و هەوڵەکانی وەزارەتی بەرگـــری ئەمەریکا لە عێراقدا پێشکەشی لیژنەی ریفۆرمی حکومی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆنگرێس کردووە، بەچەند خاڵێك دەیخاتەڕوو:

١. ئەم شـــاهیدیە پشـــت بەو کارانەی(GAO) دەبەســـتێت کە لەعێراقـــدا وەك بەدواداچوون لەســـەر هەوڵەکانی وەزارەتی بەرگری(DOD) و هەڵسەنگاندنی توانای حکومەتی عێراق ئەنجامدراوە.

٢. ئەم کارانـــەی ئێمە وەك بەدواداچـــوون کردوومانە، لەگەڵ پێوەری پێداچوونەوە لەکاری حکومی بەشـــێوەیەکی گشـــتی هاوتایە.



٣. ئەم دیراسەتە هەوڵێکە بۆ وتوویژ لەسەر ئەم مەسەلانە:
أ- ئەو هۆکارانەی بوونەتە ئاکامی سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی وەزارەتی بەرگری، هەروەها پێداچوونەوەیە بەو پارانەی کە وەزارەتی بەرگری بۆ سەقامگیری و بڵاوکردنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا خەرجی کردووە.
ب/ خراپبوونی باری ئاسایشی عێراق و هەروەها هەڵسەنگاندنی توانای هێزەکانی ئاسایشی عێراق.
ج/ ئەو هۆکار و ئاستەنگانەی کاریگەریان لەسەر بێ توانایی حکومەتی عێراق هەیە، ئەمە لە کاتێکدا پارەیەکی زۆر بۆ پەرەپێدانی تواناکانی حکومەتی عێراق تەرخانکراوە.
هەر یەك لەم مەسەلانەی ئاماژەیان پێکراوە، دەڤیدۆڵکەر لە راپۆرتێکی ٢٨لاپەرەیدا بە درێژی باسیکردووە و ئامادەباشیشی پیشانداوە کە ئامادەیە لەگەڵ هەر لایەنێك بیەوێت وتوویژی زیاتری لەسەر بکات.

## بێ ئومێد بوونیGAO:
## ئێمە لەم راپۆرتەدا هیچ پێشنیارێکی تازەمان نییە

ئەمە جاری یەکەم نییە حکومەت و ئیدارەی ئەمەریکی لەسەر بارودۆخی عێراق و گەندەڵییەکانی حکومەتی عێراق ئاگادار دەکرێتەوە، بەڵام هەتا ئێستا ئەم هەوڵانە نەگەیشتوونە ئەو ئاستەی کە حکومەتی ئەمەریکا هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵبگرێت، هەر بۆیە دەڤیدۆلکەر سەبارەت بە راسپاردەی ئەم راپۆرتە بۆ حکومەتی ئەمەریکا دەڵێت:
(GAO) لەم راپۆرتە هیچ راسپاردەیەکی تازەی بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی عێراق پێ نییە، پێشترGAO چەندین راسپاردەی داوەتە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا بۆ ئەوەی شێوازی بەرێوەبردنی کارەکانی و چۆنیەتی گرێدانی گرێبەستەکانی باشتر بکات، ئەمە لە کاتێکدا وەزارەتی بەرگری بەراسپاردەکانی GAO رازی بووە و هەندێك هەنگاویش بۆ هەڵگرتووە، بەڵام بەتەواوەتی جێبەجێی نەکردوون).

## رەخنەکانی GAOلە تواناکانی وەزارەتی بەرگری

ئەم راپۆرتە لێپرسینەوەیە لەو پارەیەی کە بۆ وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا تەرخاندەکرێت و بەشی زۆری ئەم پارەیەش لە عێراقدا سەرفدەکرێت، راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە سەرنەکەوتنی کارەکانی وەزارەتی بەرگری لە عێراقدا، دەبێتە هۆکاری ئەوەی بارگرانی زیاتر بکەوێتە سەر باجدەری ئەمەریکی هەر بۆیە بەمجۆرە بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی رادەگەیەنێت.
(ئەو تەحدییانەی رووبەرووی هەوڵەکانی وەزارەتی بەرگری دەبنەوە، رەنگدانەوەی ئەو کەموکورتییە درێژخایەنەیە کە لە سیستەمی کارکردنی وەزارەتی بەرگری بۆ بەرێوەبردنی کۆنتراکتەکان و هەوڵەکانیان بۆ سەقامگیری رەنگیداوەتەوە، ئاکامی ئەم کومکورتیانەش بریتین:
أ- ونبوونی سەرکردە و ئاراستەکردن و چاودێرکردنی کارەکان
ب- گۆڕانکاری بەردەوام لە داواکاری و پێداویستیەکان
ج- دواکەوتنی ئەو خشتە زەمەنیەی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان دانراوە.
ء-کەوتنەوەی کۆمەڵێك ئاکامی خراپی دیکە، هەر بۆ نموونە وەزارەتی بەرگری دەسەڵاتی داوە بە بەڵێندەرەکان کە دەست بکەن بە جێبەجێکردنی کارەکانیان پێش ئەوەی لەسەر شێوازی کارەکە و بری پارەی تەرخانکراو بگەنە رێککەوتنێك.
ه- ئاکامی خراپی هەوڵەکانی وەزارەتی بەرگری بۆتە ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم پرۆسەی بوونیادنانەوە لە عێراقدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە وێرای خەرجکردنی ئەو هەموو پارە زۆرە کەچی باری ئاسایش لە خراپبووندایە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ژمارەی ئەو هێزانەی ئاسایشی عێراق کە مەشقیان پێدراوە و پێداویستیان بۆ دابینکراوە زۆر زیادیکردووە و هەتا ساڵی ٢٠٠٦، **ژمارەی ئەو هێزانەی مەشقیان پێداوە و و پێداویستیان بۆ دابینکراوە گەیشتۆتە نزیکەی ٣٢٠ هەزار**، هەروەها لەگەڵ ئەوەی کەبەشێکی زۆری یەکەکانی سوپای عێراق لە پرۆسەی دژایەتی یاخیبوواندا جێگەی خۆیان گرتووە، بەڵام هێرشی تیرۆریستان و یاخیبووان بۆ سەر هێزەکانی هاوپەیمانان و هێزەکانی سوپا و ئاسایشی

عێراق لە زیادبووندایە).
ڕاپۆرتەکـــەی GAOپەردە لەســـەر ئەو هـــۆکارەش ڕادەماڵێت، کە وەزارەتی بەرگری لە کارەکانیدا شەفاف نەبووە و لە مبارەوە دەڵێت:
**GAO چەندین هەوڵی دووبارە و ســـێ بارەی داوە بۆ ئەوەی زانیاری پێویست لەسەر هێزە مەشقپێدراوەکان و پێداویستەکانیان و توانـــای ئەو هێـــزە کۆ بکاتەوە، بەڵام زانیاریـــان لەو بارەیەوە پێنـــەدراوە**، ئەمە لە کاتێکـــدا ئەو زانیاریانـــە زۆر گرنگن لە بەردەســـتی کۆنگرێس هەبن، بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر بنەمای زانیاری دروست بڕیار بۆ بەرپرسیاریەتی و تەفویزکردنی بدەن.

## گەندەڵی و بێ توانایی حکومەتی عێراق تەحددیەکی گەورەی سیاسەتی ئەمەریکان لە عێراقدا

GAO وەك دەزگایەکـــی چاودێری بـــۆ کارە حکومیەکانی حکومەتی ئەمەریکا و لەبـــەر ئەوەی ئەمەریکا بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاســـایش بەرپرسە لە ئاسایش و پاراستنی عێراق، هەر بۆیە پێش هەرلایەك بەرپرسیاریەتی یەکەم دەخاتە سەرشانی وەزارەتـــی بەرگری وڵاتەکەی و دابینکردنی ئاســـایش دەکاتە ئەرکی یەکەمی ئەو، لەم ڕاپۆرتەشـــدا بـــە پلەی یەکەم ڕەخنە لـــە حکومەتەکـــەی خۆی دەگرێـــت ، بەڵام لـــە هەمانکاتدا کەموکورتـــی حکومەتی عێراقیش دەخاتـــە ڕوو کە ئەمەریکا هەموو پشـــتگیرییەکی بۆ دابینکـــردووە، دەربارەی حکومەتی عێراقGAO بەم شێوەیە پێناسەی دەکات:
( لە کاتێکدا حکومەتی ئەمەریکا هەموو هەوڵێکی خســـتۆتە گەڕ بۆ ئـــەوەی گۆڕانکاری لە توانـــای حکومەتی عێراقدا پەرەپێبـــدات، بۆ ئـــەوەی ئـــەو حکومەتە بتوانێت پرۆســـەی بونیادنانەوە بەشێوەیەکی گشـــتی بگرێتە ئەستۆ، لەبەرامبەردا دەبینن حکومەتی عێراق سەرتاسەر بەشێکە لە کەموکورتی).
ڕاپۆرتەکە بە ســـێ خاڵ کەموکورتییەکانی حکومەتی عێراقی پۆلێن کردووە:

١. بێ توانایی وەزارەتەکانی عێراق
٢. بوونی گەندەڵی بەربڵاو
٣. حکومەتی عێراق تەنانەت ئەو توانایەشـــی نییە کە بتوانێت پـــارە بۆ جێبەجێکردنی ئـــەو پرۆژانە تەرخانبـــکات بۆ ئەوەی پرۆژەکانی جێبەجێ بکات.

بەپێی مەزندەکانی بەرپرســـانی ئەمەریـــکا و ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی، ئەو فاکتەرە ســـلبیانەی لە ناو حکومەتی عێراقدا بوونیان هەیە بوونەتە هۆکاری ئەوەی:
أ- ئەو ئامانجانەی ئەمەریکا خوازیاربوون بێنەدی نەهاتنەدی
ب- بوونـــی گەندەڵی لە ناو حکومەتی عێراق بۆتە مەترســـی لەســـەر هەوڵ و کۆمەکە نێودەوڵەتییـــەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق و بەپێی ڕاپۆرتی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، عێراق دووەمین دەوڵەتی گەندەڵە لە جیهاندا.

## نموونە دیارەکانی گەندەڵی لە حکومەتی عێراقدا


ڕاپۆرتەکـــە زۆر بە فراوانی شـــێوازی گەندەڵی لە ناو حکومەتی عێراقدا دەستنیشان کردووە، بەڵام ئێمە لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێدەکەین:
١. وەزیرەکانـــی وەزارەتە ســـەرەکییەکانی عێـــراق لێهاتوونین وپســـپۆڕنین لە کارەکانی خۆیاندا و فەرمانـــی ئەو حزبانەیان جێبەجێ دەکەن کە دژی حکومەتی ئەمەریکان.
٢. لـــە وەزارەتی نەوتی عێـــراق، گەندەڵی بەربـــڵاو هەیە لە بڕی ٣,٥ ملیـــار دۆلار کە بۆ فراوانکردنی بەرهەمی نەوتی نیشـــتمانی تەرخانکراوە، تەنیا کەمتر لە ١.٪ ی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهاتووە.
٣. هـــەر لە وەزارەتی نەوت و بەهـــۆی بەربڵاوی گەندەڵی ، ڕێژەی ٪٣٠ی نەوتی عێراق بە شـــێوەی قاچاخ لە بازاڕی ڕەش دەفرۆشرێت.
٤. ئامانجی ئەمەریکا بـــۆ بەرهەمهێنانی نەوت بەو جۆرە بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٦ بگاتە ٣ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، بـــەڵام بەهۆی بێ توانایی وەزارەت و گەندەڵییەوە تەنیا ٢,١٠٠ ملیۆن بەرمیل بووە لـــە ڕۆژێکدا، ئەمەش ئەو ئاکامە نییە کە ئەمەریکا ئومێدی بۆ دەخوازێت.
٥. دابینکردنی وزەی کارەبا، کە بەپێی ڕاپۆرتەکە تەنیا لە ٪٢٢ ی بوودجەی یەك ساڵی عێراقی پێویستەو، لەلایەن ئەمەریکاوە بڕی ٤٥ ملیار دۆلار بۆ چەند بەشێك تەرخانکراوە کە یەکێکیان دابینکردنی وزەی کارەبایە، تا ئێستا هەروەك خۆیەتی.

لـــە دوای ڕووخانی ڕژێم توانـــای بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا ٤,٢٠٠ میـــگاوات بـــووە، حکومەتی ئەمەریکا بـــەو هیوایە بوو لە ســـاڵی ٢٠٠٦ ئەم بڕە بگاتـــە ٦٠٠٠ میگاوات، بەڵام تەنیـــا توانراوە(٤,٣١٧) میـــگاوات زیادبکرێت بێگومان کارەبا پێداویســـتییەکی ڕۆژانـــەی خەڵکە و ڕۆژ لـــە دوای ڕۆژ ئەم پێداویستە زیاتر دەبێت بەپێی مەزندەکان ئێستا عێراق پێویستی بە بەرهەمێنانی ٨,٢١٠ میگاوات کارەبای ڕۆژانە هەیە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە بەڕێژەی ٪٥٠ کەموکورتی لەبەرهەمهێنانی وزەی کارەبـــا هەیـــە، هـــۆکاری هەموو ئەمانـــەش ئەوەیە کە حکومەتی عێراق کەم توانایە و نەیتوانیوە کادری باش دروســـت بکات و سپێر پارت دابین بکات.

* لـــە وەزارەتـــی ناوخـــۆی عێراق کـــە یەکێکە لـــە وەزارەتە ســـەرەکییەکانی حکومەتـــی عێـــراق بە ڕێـــژەی ٪٣٠-٪٢٠ کارمەندانی ئـــەو وەزارەتە ناویان هەیە و بوونیان نییە(ghosf employees) مووچەکانیان لەلایەن بەرپرســـانی وەزارەتی ناوخۆوە وەردەگیرێت.
* لـــە مانگـــی کانوونی دووەمـــی ٢٠٠٥- ئابی ٢٠٠٦، ٥٦ بەرپرســـی عێراق بە تۆمەتی گەندەڵی تۆمارکراون یان بڕیاری گرتنیان دراوە.
* بەپێی ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی هەتا ئێســـتاش حکومەتی عێراق ئەم کوموکورتییانەی هەیە:

١. هەتا ئێستاش حکومەتی عێراق سیستەمێکی بانکی نییە بۆ ئەوەی تەمویلکردن بە شێوەی کاش نەبێت.
٢. لە وەزارەتەکانی عێراقدا شەفافیەت نییە.

* بەشـــی زۆری ئەوانەی لە وەزارەتەکانـــی عێراقدا کاردەکەن لەسەر بنەمای حزبایەتی دانراون و هەندێك لە وەزارەتەکان لە ژێر کۆنترۆڵی هەندێك حزبدان کەدژی ئەمەریکان.
* لەگەڵ ئەوەی چاودێری دارایی و چاودێری گشتی (المفتشی العام) لە وەزارەتەکان دانراوە، بەڵام ئەمانە سەربەخۆنین و ناتوانن وەك پێویست کارەکانیان ئەنجامبدەن.



●●●
**لە عێراقدا سیستمی کارگێڕی کارا بوونی نییە**
●●●

پرۆفیسۆر عەباس مەهدی راوێژکاری باڵای پێشووی د.نوری مالکی بۆ گوڵان:

# کەسانێک حکومەت نابەن بەڕێوە کە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بخەنە سەرو بەرژەوەندییە تائیفی و حزبی و شەخسییەکانەوە

■ پرۆفیسۆر عەباس مەهدی کە تامانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٨ راوێژکاری باڵا د.نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بووە لەم بوارانەدا هاوکاری حکومەتی عێراقی کردووە:

١- راوێژکاری باڵای سەرۆك وەزیران
٢- راوێژکاری ئەنجوومەنی وەزیران
٣- راوێژکاری وەزیری پلاندانان
٤- لە ماوەی کانوونی دووەم هەتا ئایاری ٢٠٠٧ سەرۆکی بۆردی نیشتمانی عێراق بووە بۆ وەبەرهێنان

لە دوای مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٨ گەڕایەوە بۆ ئەمەریکا و ئێستا خەریکی وانە وتنەوەیە لە زانکۆی کلۆدستەینەت.

عەباس مەهدی بێجگە لەوەی کە ئوستادی سۆسیۆلۆژییە، لە هەمانکاتدا وەك یەکێك لە شرۆڤەکارانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق ناسراوە و لە زۆر بواردا کاریکردووە و هەتا ساڵێك راوێژکاری کوفی ئەنانی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بووە بۆ کاروباری عێراق.

پرۆفیسۆر عەباس لەو ماوەیەی کە وەك راوێژکاری د.مالکی لە گرین زۆن نیشتەجێ بووە، لە نزیکەوە واقیعی گەندەڵی حکومەتی عێراقی بینیوە، هەربۆیە دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتی نووسینگەی لێپرسینەوەی ئەمەریکا «GAO» سەبارەت بە گەندەڵییەکانی حکومەتی عێراق، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر عەباس مەهدی کرد و بەڕێزی بەمجۆرە ئەو گەندەڵییەی لە حکومەتی بینیوە بۆ گوڵانی باسکرد. ■

کەسانێک حکومەت نابەن بەڕێوە کە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بخەنە سەرو بەرژەوەندییە تائیفی و حزبی و شەخسییەکانەوە. گەندەڵی ئەوەندە ڕۆچۆتە حکومەت و دەزگاکانی دەوڵەتەوە کە بۆتە سەرەتان و زۆر زەحمەتە ڕیشەکێش بکرێت

ڕووداوەکەی وەزارەتی ناوخۆمان لە یادە کاتێک لیستی کارمەندەکانی بە ١٤٠ هەزار کارمەند پێشکەش کردبوو، بەڵام دواتر کە پشکنین کرا ژمارەی کارمەندەکان تەنها ٥٧ هەزار بوو و ئەوانی دیکە وەهمی بوون

## گەندەڵییەکی بەربڵاو لە عێراقدا هەیە و ڕۆچۆتە هەموو بەشەکانی دامەزروەی دەوڵەتەوە

***پێش هەمو شتێك دەمانەوێت بیربۆچوونی ئێوە لەسەر گەندەڵی وەربگرین بە شێوەیەکی گشتی؟**

-لە ڕاستیدا هیچ شتێکی نوێ نییە و هەموو کەسێك دەزانێت کە گەندەڵییەکی بەربڵاو هەیە لە عێراقدا و ڕۆچۆتە هەمو بەشەکانی دامەزراوەی دەوڵەتەوە، ئەوەش یەکێکە لە هۆکارەکانی وێرانبوون و دواکەوتن و بەرەوپێش نەچوونی وڵاتەکە. ئەمە هەموو کەسێك دەیزانێت و پێش دەرچوونی ئەو ڕاپۆرتە ئێوە و ئێمە و خەڵکانی دیکەش دەمانزانی کە گەندەڵی هەیە. کێشەکە نەبوونی دەزگای کارگێری کارا و نەبوونی دامودەزگای کارایە بۆ لێپرسینەوە و چاودێریکردن.

## هیچ میکانیزمێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی نییە دامودەزگا و سیستمی کارگێڕی کارا لە ئارادا نییە کەسانێک وڵاتەکە نابەن بەڕێوە کە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بخەنە سەرو بەرژەوەندییە تائیفی و حزبی و شەخسییەکانەوە

***بە ڕێزت لە یەکێك لە تازەترین وتارەکاندا ئاستی گەندەڵیت لەعێراقدا بە کابوس و نەگبەتی شوبهاندوە؟**

- بە دڵنیاییەوە کابوسە، لەبەر ئەوەی ئەگەر نەتوانیت گەندەڵی ڕیشەکێش بکەیت ناتوانیت وڵاتەکە بەرەوپێشەوە ببەیت، واتە ئەگەر دامودەزگای پێویستت نەبوو ناتوانیت گەندەڵی لە ناو ببەیت. لە عێراقدا سیستمی کارگێری کارا بوونی نییە، لەبەر ئەوە هەرگیز وڵاتەکە پێش ناکەوێت، هەتا ئەگەر سەرکردەکانی وڵات دڵسۆز بن، من دەڵێم ئەگەر دڵسۆز بن، لەبەر ئەوەی ئێستا دڵسۆز نین و ڕای بگەیەنن کە خوازیاری پەرەپێدانی وڵاتەکەن. لەبەر ئەوەی هیچ میکانیزمێك نییە بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی، دامودەزگا و سیستمی کارگێری کارا لە ئارادا نییە و کەسانێك وڵاتەکە نابەن بەڕێوە کە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بخەنە سەرو بەرژەوەندییە تائیفی و حزبی و شەخسییەکانەوە. گەندەڵی ئەوەندە ڕۆچۆتە حکومەت و دەزگاکانی دەوڵەتەوە کە بۆتە سەرەتان و زۆر زەحمەتە ڕیشەکێش بکرێت، هەر ئەمەش هۆکاری دواکەوتنی وڵاتەکەیە. هەمو ئەو پڕوپاگەندە سیاسییانەی دەکرێت بۆ ئەوەیە بارودۆخەکە وەك خۆی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی لە دزیکردن و گەندەڵیکردن بەردەوام بن.

## وەزارەتی ناوخۆ لیستی کارمەندەکانی بە ١٤٠ هەزار پێشکەش کردبوو، بەڵام دواتر کە پشکنین کرا ژمارەی کارمەندەکان تەنها ٥٧ هەزار بوو

*** بە پێی ئەم ڕاپۆرتەی GAO نزیکەی لە سەدا ٢٠ بۆ لە سەدا ٣٠ کارمەندەکانی وەزارەت و دامودەزگاکانی عێراق تەنها ناون و هیچ بونێکیان نییە، ئایا هیچ زانیارییەکەت هەیە لەم ڕووەوە؟ ئایا چ لێکدانەوە و تێڕوانینێکت هەیە لەسەر ئەم حاڵەتە؟**

- ئەوە شتێکی ڕاستە و بۆی هەیە ڕێژەکە لەوە زیاتر بێت، هەموومان ڕووداوەکەی وەزارەتی ناوخۆمان لە یادە کاتێك لیستی کارمەندەکانی بە ١٤٠ هەزار کارمەند پێشکەش کردبوو، بەڵام دواتر کە پشکنین کرا ژمارەی کارمەندەکان تەنها ٥٧ هەزار بوو و ئەوانی دیکە وەهمی بوون. لەبەر ئەوە ناوی وەهمی و گرێبەستی وەهمی و شتی دیکەی وەهمی زۆرە. بە داخەوە ئەو ڕاپۆرتەی لەبەردەستی ئێوەدایە شتێکی نوێ ناڵێت و قەبارەی ڕاستەقینەی کێشەکەی ناخاتەڕو، کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە و ئەوی لەو ڕاپۆرتەدا هاتوە تەنیا بەشێکی کێشەکەیە. شتی زۆر ترسناك دەرهەق بەم وڵاتە دەکرێت، تەنانەت خواردنی ژەهراوی و بەسەرچوو دەکڕن و دێن دەیفرۆشن بۆ ئەوەی قازانجیان دەستکەوێت، دەرمانی خراپ و بێکەڵك دەهێنن و دەیفرۆشن، بەهاکانی کۆمەڵگەکە زۆر گۆڕاوە، باسی ئیسلام دەکەن و پیادەی ناکەن، وڵاتەکە کەوتۆتە دەست کۆمەڵێك دز و چەتەو و ئەوان کاروباری وڵاتەکە بەڕێوەدەبەن.

## کوا داهات و سەروەت و سامانی وڵاتەکە؟ کێ جڵەوی ئەم وڵاتەی بەدەستەوەیە؟

**- گەندەڵی دارایی و ئیداری لە عێراقدا گەیشتۆتە ئاستێك کە کە نووسینگەی لێپرسینەوەی ئەمەریکا هەڵساوە بە ڕەخنەگرتن لە حکوومەتی عێراقی، پێتوایە گەندەڵی گەیشتۆتە ئەو ڕاددەیەی کە مەترسی بۆ سەر ئایندەی وڵاتەکە دروست بکات؟**

- گەندەڵی ئێستا بۆتە مەترسییەك و وڵاتەکە وێران دەکات، نابینیت وڵاتەکە چی بەسەر هاتووە و ڕۆژ بە ڕۆژ دوادەکەوێت، بەپێچەوانەوەی وڵاتانی دیکەوە کە لەبەرەوپێشچوونی بەردەوامدان. لەبەر ئەوە مەسەلەکە ئەوە نییە ئایا دەبێتە مەترسی یان نا، بەڵکو ئێستا لە مەترسیدایە، حاڵی حازر عێراق لە گەورەترین میحنەتدایە، کوا داهات و سەروەت و سامانی وڵاتەکە؟ کێ جڵەوی ئەم وڵاتەی بەدەستەوەیە؟

## حکومەتی عێراق هەمووی بۆتە دز و چەتە. بارودۆخەکە زۆر سەخت و دژوارە و زاڵ بوونی بەسەریدا زۆر زەحمەتە

***ڕاپۆرتی نووسینگەی بەرپرسیارێتی ئەمەریکی GAO ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەدا ٤,٥ ی بودجەی ساڵی ٢٠٠٦ بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە خەرجکراون، لەبەر ئەوە داوای ئەنجامدانی ووردبینی دەکەن لەو ڕووەوە، بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ئاستێك ئەم پرۆسەیە کاریگەری دەبێت لەسەر حکومەتی عێراقی؟**

- بە دڵنیاییەوە کاریگەری هەیە، وڵاتەکە هەمووی بۆتە دز و چەتە. بارودۆخەکە زۆر سەخت و دژوارە و زاڵ بوونی بەسەریدا زۆر زەحمەتە، لەبەر ئەوەی پێویستی بە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و بنەڕەتی هەیە و بە داخەوە وڵاتەکە تاوەکو ماوەیەکی دوورودرێژ هەر بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە. هەرچەندە ئەوە شتێکی زۆر ئازاربەخشە بەڵام ڕوودەدات.

## بە قاچاغ بردنی نەوت کێشە و گەندەڵییەکی گەورەیە

***لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە وەزارەتی نەوتی عێراقی تەنیا لە سەدا یەکی بۆ زیادکردنی ڕێژەی بەرهەم هێنانی نەوت تەرخان کردووە و لە سەدا سی نەوتی وڵاتەکە لە بازاڕی ڕەشدا دەفروشرێت، ئەوەش بە دڵنیاییەوە گەندەڵییەوە؟**

- بێگومان ئەوە کێشە و گەندەڵییەکی گەورەیە، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد گەندەڵی هەموو بوار و دامودەزگا و وەزارەتەکانی گرتۆتەوە، چ جێیەك هەیە گەندەڵی تێدا نەبێت، بە ڕاستی ئەوە کێشەیەکی گەورەیە و تا ماوەیەکی دوردرێژیش دەمێنێتەوە.

## دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق کەسانی لێهاتوو و ئەمین و دڵسۆز نین.

*** بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٨ نزیکەی ٥٦ ملیار دۆلارە، بەڵام هێشتا کێشەکانی دابینکردنی کارەبا و ئاو چارەسەرنەکراون، لە کاتێکدا بە پێی ڕای شارەزایان تەنها لە سەدا ٢٢ی داهاتی نەوت بەسە بۆ**

**چارەسەرکردنی ئەم کێشـــانە، بە تێڕوانینی ئێوە ئەو هۆکارانە چین کە وایان کردوە عێراق نەتوانێت تا ئێستا ئەو کێشانە چارەسەربکات؟**

- هۆکارەکان زۆر ڕوونن، نەبوونی دامودەزگای کارا، نەبوونی کەسانی لێهاتوو و کەسانی دڵسۆز و پەرۆش بۆ وڵاتەکە. **ئەو کەسانەی لە ئاستی بەرپرســـیارێتیدان یان ئەوەتا کەســـانی لێهاتوو نین، یان ئەوەتا ئەمین و دڵسۆز نین.**

## کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دانانرێت و دامەزراندنەکان لە سەر بناغەی پابەندبوونی سیاسی و حزبی و تائیفی بەڕێوەدەچن.

***لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە، کە حکومەتی عێراق و وەزارەتەکان لە ئاســـتی پێویستدا نین و ناتوانن پێداویستییە بنەڕەتییەکان بۆ هاووڵاتییان دابین بکەن، ئێوە وەکو ڕاوێژکاری پێشـــووی ســـەرۆك وەزیران چ لێکدانەوە و دەرئەنجامێکتان هەیە بۆ ئەم حاڵەتە؟**

- بە داخەوە ئەوەی مایەی ئازارە ئەوەیە کە زۆرێك لە بەرپرسەکانی عێراق خاوەنی پسپۆڕ و شارەزای نین. ئەگەر کارەکانیش بەو شێوەیە بەڕێوەبچن ئەوا کەســـی شیاو لە شوێنی شـــیاو دانانرێت و دامەزراندنەکان لە سەر بناغەی پابەندبوونی سیاسی و حزبی و تائیفی بەڕێوەدەچن.

## هۆکاری سووتـاندنی بانکی ناوەندی ئەوەبوو ڕێگە لە ئاشکرا بوونی حاڵەتەکانی گەندەڵی بگرن

***تا ئێســـتا وەزارەتی دارایی عێراق حیساباتی ساڵانی ٢٠٠٤، ٢٠٠٥، ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ی یەکلاتەکردۆتەوە و پێشکەشی پەرلەمانی نەکردووە، و بەڵگەنامەکانی بانکی ناوەندی عێراقیش سووتێنران بۆ ئەوەی زۆرێك لە بەڵگەکان لە ناوببردرێن، ئەگەر ئەمە حاڵەتەکە بێت ئایا دەبێت گەندەڵی لە عێراقدا گەیشتبێتە چ ئاستێك؟**

- ڕووداوەکەی بانکی ناوەندی تاوان و کارەساتێکی گەورە بوو، کە نەك هـــەر دەبێت لێکۆڵینەوەیەکی ووردی لە بارەیـــەوە بکرێت، بەڵکو دەبێت هەموو وردەکارییەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئاشکرا بکرێن. ئەو بێدەنگییەی ئێســـتا لە ئاست ئەو ڕووداوەدا هەیە بەڵگەی ئەوەیە کە گەندەڵی چەند ڕۆچووە و چەندە ڕەگ و ڕیشـــەی قوڵی هەیە. من پێموایە هۆکاری ئەو ســـووتانە ئەوەبوو کە ڕێگە لە ئاشکرا بوونی حاڵەتەکانی گەندەڵی بگرن.

## لەهەر وڵاتێکدا گەندەڵی بگاتە ئاستی خۆراک و دەرمان ئایندەییەکی ڕەش چاوەڕوانی ئەو وڵاتە دەکات

*** بە پێـــی ڕاپۆرتێکی ئەنجوومەنی نیشـــتمانی عێـــراق، زۆربەی حاڵەتەکانی گەندەڵی لە گرێبەســـتەکانی خواردن و دەرماندا ڕوودەدەن، گەر حکومەتێك لە ئاستی مەسەلەی تەندروستی نیشتمانیدا گەندەڵی بکات دەبێت چ جۆرە حکومەتێك بێت؟**

- لە ڕاستیدا هەر وڵاتێك ئەمە حاڵی بێت ئایندەیەکی ڕەش چاوەڕوانی دەکات. بەڵێ ئەوە ڕوودەدات و ئەوەش هۆکاری دواکەوتنی وڵاتەکەیە.

## ئێستا لە حکومەتی عێراقدا چەند کەسێک هەڵدەستن بە هەڵسوڕاندنی ئەم دەزگایانە و هەڵدەستن بە خەرجکردنی پارە بە بێ ئەوەی هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و بێ ئەوەی هیچ هەستێکی نیشتمانیان هەبێت

***ئەو گەندەڵییەی لە عێراقدا هەیە تەنها لە بوارەکانی دارایی و ئیداریدا نییە، بەڵکو لە بواری دادوەریشدا هەیە، پێتوایە ئەم گەندەڵییەی دواییەی بە هەمان ئاستی گەندەڵییەکانی پێشوو مەترسیدار بێت؟**

- بڕوانـــە کاتێك من دەڵێم کە دامودەزگاگەلێکی کارا نییە لە عێراقدا، مەبەستم دامودەزگا کارگێڕی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و دادوەرییەکانە. ئێمە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کارامان نییە. دامەزراوەکان لە سەر بناغەی زانستی و دیموکراسییەت و شەفافییەت و پابەندبوون بۆ نیشتمان بنیات نەنراون. واتە ئێستا چەند کەسێك هەڵدەستن بە هەڵسوڕاندنی ئەم دەزگایانە و هەڵدەستن بە خەرجکردنی پارە بە بێ ئەوەی هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و بێ ئەوەی هیچ هەستێکی نیشتمانیان هەبێت. لەبەر ئەوە دزی دەکەن و کەسیش لێپرسینەوەیان لە گەڵدا ناکات.

## ئەگەر حکومەتی عێراق خۆی چاک نەکات نابێت چاوەڕێی ئایندەی گەش بکەین

*** بوودجەی حکومەتی عێراقی ٥٦ ملیار دۆلارە، کە نزیکەی لە سەدا ٨٦ی ئەو بوودجەیە بە هۆی داهاتەکانی نەوتەوە دابین دەکرێت، کە ئێستا نرخی بەرمیلێك نەوت لە سەرووی ١٠٠ دۆلارەوەیە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر نرخی نەوت دابەزێت، ئایا چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر عێراق دەبێت؟**

- ئەگەر حاڵەتەکە بەم شـــێوەیە بەردەوام بێت ئەوا بارودۆخ و ئایندەیەك ڕەش چاوەڕوانی ئەم وڵاتە دەکات. ئەمە ڕۆژگارێکی زێڕینە هەڵکەوتووە و نرخەکان زۆر خەیاڵین. بڕوانە وڵاتانی کەنداو چۆن سوود و کەڵك لەو داهاتە وەردەگرن و چۆن لە وەبەرهێناندا دەیخەنەگەڕ و ئێمەش دەیدزین.

## ئێمە داهاتێکی زۆرمان هەیە ئەگەر بە باشی لە وەبەرهێناندا بەکار بهێنرانایە، ئەوا ژیانی هاوڵاتیان تا ڕاددەیەک سەقامگیری بە خۆوە دەبینێ

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی حکومەتێکی خاوەن توانا و لێهاتوو پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم کێشانە چارەسەر بکات؟**

- لە ڕاستیدا پێویستە حکومەتێکی سەربەخۆ و تەکنوکرات پێکبهێنرێت و لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ئەوپەڕی پشتگیری لێبکرێت بۆ ئـــەوەی بتوانێت پرۆژەکان جێبەجێبکات. یەکەم ئەرکی هەر حکومەتێك بریتییە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەك ئاو، کارەبا، خۆراك، دەرمان و قوتابخانە و هتد. ئێستا کاتێك هەر ئەندامێکە خێزانەکەی ئێمە دەچێتـــە دەرەوە لێی دڵنیانین کە بە ســـەلامەتی دەگەڕێتەوە، لە قوتابخانەکانمان دڵنیانین، لە هیچ شتێکی دیکە دڵنیانین. ئێمە داهاتێکی زۆرمان هەیە ئەگەر بە باشی لە وەبەرهێناندا بەکار بهێنرانایە، ئەوا ژیانی هاوڵاتیانی عێراق تا ڕاددەیەك سەقامگیری بە خۆوە دەبینی.

## کە دامودەزگای کارا و کەسانی پەرۆش و دڵسۆزت نەبوو چۆن بارودۆخی وڵاتەکە باشتر دەبێت.

***ئێوە پێشـــتر لە ناوچەی سەوزدا نیشەجێبوون و ئێستا لە ئەمەریکادا دەژین، تێڕوانینتان بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە چییە؟**

- لە ڕاســـتیدا من هیچ گەشـــبین نیم، من لێرەم بەڵام دڵم دەگوشرێت و پڕە لە ئـــازار، لەبەر ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بەدی ناکەم کە وڵاتەکە بەرەوپێشـــەوە دەچێت و بەو ئاراســـتەیەدا ناڕوات کـــە ئێمە خوازیارین پێیدا بڕوات. لەبەر ئەوە من گەشـــبین نیم بە دواڕۆژی ئەم وڵاتە. کە دامودەزگای کارا و کەسانی پەرۆش و دڵسۆزت نەبوو چۆن بارودۆخی وڵاتەکە باشتر دەبێت.

●●●

**شتی زۆر ترسناک دەرهەق بەم وڵاتە دەکرێت، تەنانەت خواردنی ژەهراوی و بەسەرچوو دەکڕن و دێن دەیفرۆشن بۆ ئەوەی قازانجیان دەستکەوێت، دەرمانی خراپ و بێکەڵک دەهێنن و دەیفرۆشن، بەهاکانی کۆمەڵگەکە زۆر گۆڕاوە، باسی ئیسلام دەکەن و پیادەی ناکەن**

●●●

●●●

**ئەو کەسانەی لە ئاستی بەرپرسیارێتیدان یان ئەوەتا کەسانی لێهاتوو نین، یان ئەوەتا ئەمین و دڵسۆز نین**

●●●

### پرۆفیسۆر پاولینا باکەر سەرۆکی سندوقی ئاشتی جیهان و نووسەری ڕاپۆرتی عێراق وەک دەوڵەتێکی فاشیل بۆ گوڵان:

# گەندەڵی مەترسییەکی گەورەی دەوڵەتە فاشیلەکانە



■ پرۆفیسۆر پاولینا باکەر سەرۆکی سندوقی ئاشتی جیهانییە(The Funj For Peace) هەروەها یەکێکە لەو توێژەرانەی کە لە ڕێکخراوەکانی دوورخستەوەی شەڕ و لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکارەکانی شەڕ دەکات. هەتا ئێستا زیاتر لە ٨٠ ڕاپۆرت و وتار و کتێبی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها خاتوو پاولینا ئامادەکاری حەوت ڕاپۆرتە لەسەر عێراق وەك دەوڵەتێکی فاشیل، ئەم ڕاپۆرتانەش بە هاوکاری لەگەڵ گۆڤاری فۆرین پۆلیس ئامادە دەکرێت و لە هەمان گۆڤاریش بڵاودەکرێتەوە.
سەبارەت بە ڕاپۆرتەکە نووسینگەی لێپرسینەوەی ئەمەریکا(gao) و ئاستی گەندەڵی لە حکومەتی عێراقدا گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر پاولینا کردوو بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە. ■

### گەندەڵی مەترسییەکی گەورەی هەیە لەسەر دەوڵەتە فاشیلەکان بە تایبەتی لە وڵاتێکی وەکو عێراق کە چەندین گرفتی تری هەیە

***بەڕێزت خاوەن ٧ ڕاپۆرتی لەسەر عێراق بەوەی کە دەوڵەتێکی فاشیلە، هەروەکو ئێوەش ئاگادارن، لـــەم دواییانەدا ڕاپۆرتێك دەرچووە لە لایەن نووسینگەی ژمێریاریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. کە تیایدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا عێراق دووبارە ئاگادار دەکاتەوە لەسەر مەترسییەکانی گەندەڵی. هەروەها لەبەر ئەوەی عێراق لەژێر هەڕەشەی گەندەڵییەو وڵاتێکی فاشیلە، ئایا ڕای بەڕێزت چییە لەم بارەیەوە؟**

- لەڕاستیدا دیاردەی گەندەڵی مەترسییەکی گەورەی هەیە لەسەر وڵاتە لاوازو فاشیلەکان، بە تایبەتی لە وڵاتێکی وەکو عێراق کە چەندین گرفتی تری هەیە، ئەوە کاریگەرییەکانـــی دیاردەی گەندەڵی گەورەتر دەبێت. تەحەدداکەی ئێوە لە عێـــراق تەنیا لەگەڵ گرفتی دیاردەی گەندەڵی نییە، بەڵکو ئێـــوە ڕووبەڕووی گرفتی تر دەبنەوە بە هۆی کاریگەریی دیاردەی گەندەڵی لەســـەر فاکتەرەکانی تر، بۆ نموونە: کاریگەرییەکان لەسەر بواری یاسادانان و گەنجینە ئابوورییەکان و ئاشتەوایی نەتەوەیی. بۆیە، ئەمە گرفتێکی گەورەیەو پێویســـتە بـــاس بکرێت و بە جددی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوەو ناکرێت پشتگوێ بخرێت.

*** گەندەڵی یەکێکە لە بنەماکانی وڵاتی فاشـــیل. ئەمڕۆش دیاردەی گەندەڵی بەشـــێوەیەکی فراوان بڵاوبووەتەوە لـــە عێراق. ئایا تێڕوانینی بەڕێزت چییە بۆ ڕەوشی ئەمڕۆی عێراق؟**

- هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێی کرد، پێویستە ئەم گرفتە باس بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم گرفتەی گەندەڵی پەیوەستە بە پیادەکردنی ســـەروەریی یاسا. ئەو کاتەی کە سەروەریی یاسا وەدی بێت، ئەوە جۆرە میکانیزمێکتان بۆ دەڕەخسێت بۆ ناسینەوەو سزادانی ئەو کەسانەی کە کاری گەندەڵی ئەنجام دەدەن.

### لەو بڕوایەدام گەندەڵی دەبێتە مایەی مەترسی لەسەر ئایندەی عێراق

*** گەندەڵیی دارایی و ئیداری لە حکومەتی عێراقی گەیشـــتووەتە قۆناغێك کە وای کردووە لە ئۆفیسی ژمێریاریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریـــکا ڕەخنە لە حکومەتی عێراقی بگیرێت. ئایا لەو بڕوایەدای دیاردەی گەندەڵی لە حکومەتی عێراقی گەیشتووەتە ئاستێك کە ببێتە مایەی مەترسی بۆ ئایندەی وڵاتەکە؟**

- بەڵێ لەو بڕوایەدام کە دەبێتە مایەی مەترسی لەسەر ئایندەی عێراق. بەڕای مـــن، دیاردەی گەندەڵی فاکتەرێکی زۆر مەترســـیدارە، لەبەر ئەوەی دیاردەی گەندەڵی بریتییە لە پیشـــێل کردنی یاســـاو شێواندنی ســـەقامگیریی وڵاتەکە. هەروەها بەربەســـت و ئاســـتەنگە لەڕێگای بوژاندنەوەی ئابووری و ئاشتەوایی نەتەوەیی.

### ئەمەریکا هەموو هزرێکی ڕەتکردۆتەوە بۆ فیدراڵییەت یان بۆ دابەشکردنێکی نەرم

*** بەڕێزت پێشـــنیاری یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراقـــت کردووە، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری لە حکومەتێکی ناوەندی بەهێـــز دەکات بۆ عێراق. بەڵام ئەمڕۆ دەبینیـــن حکومەتی ناوەندی عێراق شکســـتی بەدەســـت هێناوە. ئایا تۆ لەو بڕوایەدای کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێداچوونەوەی سیاســـەتەکانی بکات بۆ ئەم مەبەستە؟**

- نەخێر، بە بڕوای من، ئیـــدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری دەکات لە عێراقێکی یەکگرتوو و هەموو هزرێکی ڕەتکردۆتەوە بۆ فیدراڵییەت یان بۆ دابەشکردنێکی نەرم.

**ئەگەربتوانرێت هەموو نهێنییەکانی دیاردەی گەندەڵی و کەسە گەندەڵەکان ئاشکرابکرێت، کاریگەریی گەورەی لەسەر حکوومەتی عێراقی دەبێت**

***بە پێی راپۆرتی GAO، هاتووە کە ٤،٥٪ی بودجەی ساڵی ٢٠٠٦ بۆ بونیاتنانەوە ســـەرفکراوە، لەبەر ئەوە، ئۆفیسی ژمێریاریی ویلایەتە یەکگرتووەکانــــی ئەمەریکا داوای ئەنجامدانـــی وردبینییەکی ووردی کردووە. بەڕای بەڕێزت، ئایا ئەم پرۆسەیە هیچ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر حکوومەتی عێراقی؟**

- گەر بێت و ئەم ووردبینییە بەشێوەیەکی راست و درووست و ڕێك و پێك ئەنجام بدرێت، هەروەها بتوانێت هەموو نهێنییەکانی دیاردەی گەندەڵی و کەسە گەندەڵەکان ئاشکرابکاتەوە، ئەوە بێ گومان کاریگەریی دەبێت لەسەر حکوومەتی عێراقی. هەر وەکو لە چەندین وڵاتی تر بینیومانە، ئاشـــکراکردنی زانیارییەکان لەســـەر دیاردەی گەندەڵی بووەتە مایەی تێوەگلانی کەســـانێك لە دەسەڵات کە دەســـتیان لە دیاردەی گەندەڵی هەبووە، هەروەها بووەتە مایەی ئیحراج بوونی حکوومەت و کاریگەریی نێگەتیڤانەی لەسەری هەبووە.

**هەموو هۆکارەکان**
**بۆ ناکارایی و سستی حکوومەتی عێراقی دەگەڕێنەوە.**

***بودجەی حکوومەتی عێراقی بۆ ســـاڵی ٢٠٠٨ نزیکەی ٥٦ بلیۆن دۆلارە. ســـەرەڕای ئەوەش، لە عێراق دەبینین چەند گرفتێك هەنە کە تاکو ئێستا چارەســـەرنەکراون، بەتایبەتی لەبواری خزمەتگوزارییەکان. بۆ نموونە: ئاوو کارەبا. لە هەمان کاتدا، بە پێی مەزەندەی پسپۆرەکان، ٢٢٪ی داهاتەکانی نەوت بەسە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە. بەڕای تۆ ئەو هۆکارانە چین کە حکوومەتی عێراقی سستە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەو گرفتانە؟**

- ئێمە هەر لەســـەرەتاوە باسی گەندەڵی دەکەین، گەندەڵیش یەکێکە لە فاکتەرەکان. فاکتەری دووەم بریتییە لە ناشیاوی و ناکارایی حکوومەتی عێراقی، هەروەها دامودەزگاو وەزارەتەکانی حکوومەت بە پێی پێویست کارناکەن. بێ گومان، ناکۆکی و توندوتیژیی بەردەوام فاکتەرێکی ترە لە دواکەوتنی خزمەتگوزارییەکان. بەڵام هەموو هۆکارەکان بۆ ناکارایی و سستی حکوومەتی عێراقی دەگەڕێنەوە.

**لە ئەفریقیا راستەوخۆ لە گەنجینەی وڵاتەکەوە پارەیان دەردەهێنا لە وڵاتانی تر، وەبەرهێنانی بیانی بەکاردێنن بۆ دزینی پارە.**

*** بە پێی راپۆرتێکی پەرلەمانی عێراقی، گرنگترین جۆری گەندەڵی ئەو جـــۆرە گەندەڵییەیە کە لە گرێبەســـتەکان هەیـــە، بەتایبەتی لە گرێبەســـتەکانی خۆراك و دەرمان. وڵاتێك کە هەستێت بە پیادەکردنی گەندەڵی لەسەر حیســـابی ژیان و تەندرووستیی هاووڵاتییەکانی، ئەوە ئایندەی ئەو وڵاتە چۆن دەبێت؟ ئایا هیچ نموونەی تر هەیە لە جیهان کە وەکو عێراق بێت لە پیادەکردنی گەندەڵی لەسەر حیسابی تەندروستی و ژیانی هاووڵاتییەکانی؟**

- چەندین جۆرو شـــێوازی تر هەیە بۆ ئەنجامدانی کاری گەندەڵی و دزینی ســـەروەت و ســـامانەکانی وڵات، نەك تەنیا لە گرێبەستەکانی خـــۆراك و دەرمان. بـــەڵام نموونە زۆرە کە هاوشـــێوەن لەگەڵ عێراق، بۆ نموونە: لە ئەفریقیا راســـتەوخۆ لە گەنجینـــەی وڵاتەکەوە پارەیان دەردەهێنـــا. لە وڵاتانی تر، وەبەرهێنانی بیانـــی بەکاردێنن بۆ دزینی پارە. بەڵام بەهەر شـــێوازێك بێت و لە لایەنی هەر دەزگایەك بێت، گەر وەزارەتێك بێت گەندەڵی ئەنجام بدات لە گرێبەستەکانی خۆراك و دەرمان، یـــان دەزگایەك بێت لە بەکارهێنانی وەبەرهێنانی بیانی، ئەوە هەمووی گەندەڵییەو دیاردەیەکی ناشـــیاو و ناپاکە. لەبەر ئەوە، پێویستە هەموو چالاکی و حیساباتەکان تۆمار بکرێت.

**گەندەڵی لە سیستەمی دادوەریدا**
**هۆکارێکە بۆ پەنابردنە بەر هێزو توندوتیژی**

*** دیـــاردەی گەندەڵی لە عێراق تەنیا لەبواری دارایی و ئیداری نییە، بەڵکو گەیشتووەتە بواری دادوەریش. بەڕای تۆ، گەندەڵیی سیستەمی دادوەری مەترسیدارە وەکو گەندەڵی لەبوارەکانی دارایی و ئیداری؟**

- بەڵێ بێ گومان. گەر سیســـتەمێکی دادوەری سەربەخۆتان نەبێت، ئـــەوە دادگایی کردنی عادیلانە نابینرێت لـــە وڵاتەکە. ئەوەش مانای ئەوەیە ناکۆکییەکان لەڕێگای دادگاوە چارەســـەر ناکرێت، بەڵکو پەنا دەبرێتە بەر توندوتیژی و هێز. کارێکی زۆر پێویستە بۆ سەروەریی یاسا سیستەمێکی دادوەریی سەربەخۆ بوونی هەبێت.

**تەنیا بە سەروەریی یاسا گەندەڵی بنبڕدەکرێت**

***. بـــەڕای تۆ، ئایا عێـــراق چۆن دەتوانێت لـــە وڵاتێکی گەندەڵ و فاشیلەوە بگوازرێتەوە بۆ وڵاتێکی سەرکەوتوو؟ هەروەها پێشنیارەکانت چین بۆ عێراقییەکان؟**

- گەر بێت و عێراق بە وڵاتێکی یەکگرتوویی بمێنێتەوەو دابەش نەکرێت، ئەو کات پێویستە لەسەر سەرکردەکانی عێراق کە نوێنەرایەتیی هەموو لایەن و پارتە سیاســـییەکان دەکەن، بێن و بە یەکەوە دانیشـــن و بگەنە کۆدەنگییەکی راســـتگۆیانەو بونیاتنەرانە، هەروەها پێویســـتە هەموو هەنگاوێکی پێویســـت بگرنە بەر لەپێناوی وەدی هێنانی ئەم هەنگاوە. هەروەکو دەبینین هەر لایەن و گرووپێك بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە بەرژەوەندیی گشتی و بەرژەوەندیی وڵات و هاووڵاتییەکان لەسەرووی هەموو شتێکەوە بێت و پێویستە بەشێوەیەکی فراوان گرنگیی پێ بدەن. خاڵی دووەم، ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە میلیشیای سەربەخۆ بوونیـــان هەیە لە عێراق، ئەوانەش گرووپە چەکدارێکن کە بە ئارەزووی خۆیان دەجوولێنەوەو رەفتار دەکەن. لە ئایندەیەکی دووردا و کاتێك رەوشی ئاسایشی عێراق ئارام و سەقامگیر دەبێت پێویستە ئەم میلیشیاتانە چەك بکرێن و هەڵبوەشنرێنەوە. یان دەکرێت ئەو میلیشیاتانە رێك بخرێن و تێکەڵ بە سووپاو هێزە سەربازییەکانی عێراق بکرێن، هەروەکو پێشمەرگەکانی کوردستان کە تێکەڵ بە گاردی نیشتیمانی کراون لەپێناوی بەکارهێنانیان بۆ پاراستنی وڵاتەکەو سەقامگیرکردنی ئاسایش. سێیەم خاڵ: پێویستە لەســـەرتان هەستن بە پیادەکردنی سەروەریی یاساو بگەنە کۆدەنگییەك لەســـەر دەســـتوورێك کە بۆ هەموو لایەنەکان گونجاو بێت و کارا بێت لەبواری یاسادانان. بێ گومان ئەو کاتەش سەروەریی یاسا کاریگەریی دەبێت لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ گرفتی گەندەڵی لە وڵاتەکە. بۆیە، پێویستە لەسەر سەرکردەکان ئەو پابەندبوونەیان هەبێت بەرامبەر بە عێراق و رووبەڕووی میلیشـــیاکان ببنەوەو سەروەریی یاسا پەیڕەو بکەن. گەر بێت و ئەم ســـێ خاڵە پیادە بکەن، ئەوە شـــتەکانی تر بە خۆیان وەدی دێن و گرفتەکان یەکە یەکە چارەســـەر دەکرێن، بۆ نموونە: بوژاندنەوەی ئابووری، هەروەها هەستکردن بە خۆبەڕێوەبردن دەبێتە مایەی نەهێشتنی توندوتیژیی تایفەگەری، هەروەها دەرفەتێك بۆ وڵاتەکە دەڕەخسێت بۆ بوژاندنەوەو پێشکەوتن.

●●●

**گەندەڵی پەیوەستە بە پیادەکردنی سەروەریی یاسا. ئەو کاتەی کە سەروەریی یاسا وەدی بێت، ئەوە جۆرە میکانیزمێکتان بۆ دەڕەخسێت بۆ ناسینەوەو سزادانی ئەو کەسانەی کە کاری گەندەڵی ئەنجام دەدەن**

●●●

●●●

**ئاشکراکردنی زانیارییەکان لەسەر دیاردەی گەندەڵی بووەتە مایەی تێوەگلانی کەسانێک لە دەسەڵات کە دەستیان لە دیاردەی گەندەڵی هەبووە**

●●●

●●●

**دامودەزگاو وەزارەتەکانی حکوومەت بە پێی پێویست کارناکەن. بێ گومان، ناکۆکی و توندوتیژیی بەردەوام فاکتەرێکی ترە لە دواکەوتنی خزمەتگوزارییەکان. بەڵام هەموو هۆکارەکان بۆ ناکارایی و سستی حکوومەتی عێراقی دەگەڕێنەوە**

●●●



### پرۆفیسۆر سۆسن ئەکیرمان ئەندامی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی و پسپۆر لەسەر گەندەڵی بۆ گوڵان:

# عێراق لەژێر هەڕەشەی گەندەڵیدایەو دەبێت ئەو مەسەلەیە بەجدی وەربگرێت

**■ پرۆفیسۆر سوسن ئەکیرمان ئوستادی فیقهە «Jurisprudence» واتە «یاساو زانستی سیاسەت»ەو، لە هەردوو کۆلیژی ماف و کۆلیژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی یەڵ «yale» ئوستادی سیاسەت و یاسایە.**
**پرۆفیسۆر ئەکیرمان پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر کێشەکانی گەندەڵی و بەرەوپێشەوەچوونی ئابووری و دیموکراسی، هەروەها یەکێکە لە ئەندامانی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی و پسپۆرێکی بەشداربووە لە ئامادەکردنی پۆلێنکردنی دەوڵەتان بەپێی ئاستی گەندەڵیان و لەم ڕاپۆرتەی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەولەتیش عێراق بە دووەمین دەوڵەتی گەندەڵ لە جیهاندا پۆلینکراوە بۆ قسەکردن لەسەر ڕاپۆرتەکەی GAOو ئاستی گەندەڵی لە عێراقدا، پرۆفیسۆر سوزان ئەکیرمان بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.■**

**داهاتێکی زۆر بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی عێراق تەرخان دەکرێت، بەڵام کۆنترۆڵێکی لاواز هەیە لەسەر چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژانە**

***ساڵی پار ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە و تێیدا عێراق لە ریزبەندی وڵاتە گەندەڵەکاندا سێیەم وڵاتی گەندەڵ بوو، بەم دواییەش ڕاپۆرتێکی نووسینگەی لێپرسینەوە لە ئەمەریکا بڵاوکرایەوە و هۆشداری دەدات لە بارەی گەندەڵییەوە لە عێراقدا، لێدوانی ئێوە چییە و چۆن سەیری بارودۆخەکە دەکەن؟**

- پێدەچێت ئەوە کێشەیەکی زۆر جیدی بێت. داهاتێك زۆر لە سەرچاوەگەلێکی زۆرەوە بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی عێراق تەرخان دەکرێت، بەڵام کۆنترۆڵێکی لاواز هەیە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژانە، هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە رووی چۆنییەتی چاودێریکردنی ئەو بڕە داراییەی تەرخانی دەکات بۆ ئەو پرۆژانە لاوازە، هەروەها حکوومەتی عێراقی لاوازە لە چاودێریکردنیان. واتە داهاتێکی زۆر دێتەوە وڵاتەکانەوە، بەڵام دامەزراوەگەلێکی شەرعی و هەڵسوڕاو نییە بۆ ئەوەی هەڵبستن بە تەرخانکردن و خەرجکردنی ئەو داهات و داراییانە و دواتر چاودێریکردن و وردبین کردن تێیدا بۆ ئەوەی بۆیان دەربکەوێت ئەو داهاتانانە بە چ شێوەیەك بەکارهاتوون.

**راستە چارەسەرکردنی کێشە گەندەڵی دژوارە بەڵام دەبێت لە پێشینەی کارەکانی ئەو کەسانە بێت کە هەوڵدەدەن حکوومەتێکی کارا و سەرکەوتوو بخوڵقێنن**

*** گەندەڵـــی دارایـــی و ئیـــداری لە عێراقدا گەیشـــتۆتە ئاســـتێك کە کە نووسینگەی لێپرسینەوەی ئەمەریکا هەڵساوە بـــە رەخنەگرتن لە حکوومەتی عێراقـــی، پێت وایە گەندەڵی گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە مەترسی بۆ سەر ئایندەی وڵاتەکە دروست بکات؟**

- من پێموایە ئەوە مەســـەلەیەکە دەبێت بە جیدی وەربگیرێت وەك بەشـــێك لە هەوڵە بەردەوامەکانی چاکســـازی. راســـتە چارەســـەرکردنی ئەو کێشەیە دژوارە بەڵام دەبێت لە پێشینەی کارەکانـــی ئەو کەســـانە بێت کە هەوڵوکۆششـــی ئەوە دەدەن حکوومەتێکی کارا و سەرکەوتوو بخوڵقێنن.

***راپۆرتی نووسینگەی بەرپرسیارێتی ئەمەریکی ئاماژە بەوە دەکات کە لە ســـەدا ٤,٥ ی بوودجەی ســـاڵی ٢٠٠٧ تاوەکو مانگی ئابی ســـاڵی ٢٠٠٨ بۆ پرۆژەکانـــی ئاوەدانکردنەوە خەرجکراون، لەبەر ئـــەوە داوای ئەنجامدانی وردبینی دەکەن لەو رووەوە، بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ئاســـتێك ئەم پرۆســـەیە کاریگەری دەبێت لەسەر حکوومەتی عێراقی؟**

- رەنگە داواکاری ئەنجامدانی وردبینی کارێکی ئیجابی بێت بۆ ئەوەی عێراقییەکان هەڵبســـتن بە دارشتنی سیستمێك بۆ دەستنیشانکردنی کێشەکان وخولقاندنی میکانیزمێکی ناوخۆیی بۆ کۆنترۆڵکردن و سنووردارکردنی ئەو کێشانە لە داهاتوودا. کە هیوادارم ئەوە ببێتە مایەی هێنانەدی شەفافییەتی زیاتر لە کارەکانی حکوومەت و ئاشکراکردنی چۆنییەتی خەرجکردنی ئەو داهات و داراییانەی لە بەردەستیدایە.

*** بودجـــەی عێراق بۆ ســـاڵی ٢٠٠٨ نزیکـــەی ٥٦ ملیار دۆلارە، بەڵام هێشـــتا کێشـــەکانی دابینکردنـــی کارەبا و ئاو چارەســـەرنەکراون، لە کاتێکدا بەپێی رای شـــارەزایان تەنها لە ســـەدا ٢٢ی داهاتی نەوت بەســـە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، بە تێڕوانینی ئێوە ئەو هۆکارانە چین کە وایانکردووە عێراق نەتوانێت تا ئێستا ئەو کێشانە چارەسەربکات؟**

- رەنگـــە هـــۆکارەکان بریتی بـــن لە خـــراپ بەکارهێنانی ئەو داهاتانـــە و نەبوونی خەڵکانی پســـپۆر و تایبەتمەند بۆ هەڵســـوڕاندن و جێبەجێکردنـــی بەرنامـــەکان و هەڕەشـــە و کاریگەری ئەو توندوتیژییەی کە بەربەســـت و ئاستەنگێکی زۆر بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان دروست دەکەن. کە رێژەیەکی زۆری ئەو داهاتانە بۆ بواری ئاســـایش تەرخانکراون کە دەکرا لە بواری بونیاتنان و ئاوەدانکرادنەوەدا بخرایەتەگەڕ.

**حاڵەتەکانی گەندەڵی لە گرێبەستەکانی خواردن و دەرماندا لە زۆرێک لە وڵاتانی دیکەش بەدیدەکرێت بەڵام دەرئەنجامی مەترسیداری لێکەوتۆتەوە**

*** بە پێی راپۆرتێکی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق، زۆربەی حاڵەتەکانی گەندەڵی لە گرێبەســـتەکانی خواردن و دەرماندا روودەدەن، گەر حکوومەتێك لە ئاستی مەسەلەی تەندروستی نیشتمانیدا گەندەڵی بکات دەبێت چ جۆرە حکوومەتێك بێت؟ ئایا هیچ وڵاتێکی هاوشـــێوەی عێراق هەیە کە لە مەسەلەی تەندروستی نەتەوەییدا گەندەڵی بکات؟**

- ســـەرەتا مـــن مەزەندەی ئەوە دەکەم کە ئاســـتێکی بەرزی گەندەڵی لە پرۆژەکانی بونیاتنانەوە ژێرخاندا هەبێت نەك تەنها لە گرێبەســـتەکانی خواردن و دەرمانـــدا. دووەم، حاڵەتەکانی گەندەڵی لە گرێبەســـتەکانی خورادن و دەرماندا لە زۆرێك لە وڵاتانی دیکەش بەدیدەکرێت، کە دەرئەنجامی مەترســـیداری لێکەوتۆتەوە، بۆ نموونە لە هەندێ وڵاتی هەژاری ئەفریقیادا کـــە گەندەڵییەکی بەربڵاویان تێدا هەیـــە حاڵەتەکانی دزینی دەرمان و دووبارە فرۆشـــتنەوەیان بـــەدی دەکرێت لەلایەن ئەو کەســـانەی کە کەم دەرامەت و کـــەم داهاتن، کە بەداخەوە بە تەنها عێراق بە دەست ئەم کیشـــەیەوە ناناڵێنێت، بەڵکو چەند وڵاتێکی دیکەش هەن کە هەمان کێشەیان هەیە.

**ئەگەر گەندەڵی دەزگای دادوەریش بگرێتەوە ئەوا مانای وایە کۆنترۆڵ و لێپرسینەوەیەک بوونی نامێنێت**

***ئەو گەندەڵییەی لە عێراقدا هەیە تەنها لە بوارەکانی دارایی و ئیداریدا نییە، بەڵکو لە بواری دادوەریشدا هەیە، پێتوایە ئەم گەندەڵییەی دواییەی بە هەمان ئاستی گەندەڵییەکانی پێشوو مەترسیدار بێت؟**

- ناتوانم بە تەواوەتی بەراوردیان بکەم، بەڵام بوونی گەندەڵی لە بواری دادەوەریشـــدا مەترسیدارە. کە دەرئەنجامەکەی ئەوە دەبێت، کە لە لایەکەوە کاتێك ناکۆکییەکت لەسەر بەڵێندەرایەتی، یاخود ناکۆکی موڵك و ماڵت دەبێت ئەوا ناکرێت بەشێوەیەکی رەوا و دادوەرانە چارەسەر بکرێت و یەکلابکرێتەوە لەبەر ئەوەی حوکمەکە لەســـەر بنچینەی پارەپێدان و بەرتیل دەردەچێت. لە لایەکی دیکەوە دەزگای دادوەری کاری ئەوەیە کە لێپێچینەوە لە رەفتار و کردارە نایاساییەکانی بەرپرسەکانی حکومەت بکات و خەڵکی لـــە بەرامبەر ئەو کردەوانەی حکوومەتدا بپارێزێت، ئەگەر ئەم دەزگایەش دووچـــاری گەندەڵی بوو ئەوا مانای وایە کۆنترۆڵ و لێپرســـینەوەیەکی کەمتر لەگەڵ حکوومەتدا دەکرێت لەوەی کە پێویستە.

**بانگەشەکردنی دامەزراوەیەک بۆ ئەوەی کە ژمارەیەکی گەورەی کارمەندی هەیە لە کاتێکدا ئەو کارمەندانە بوونیان نییە بێجگە لە عیراق لە وڵاتانی ئەفریقیا و هیندستان و هەندێ بەشی دیکەی ئاسیادا هەیە**

*** بە پێی ئەم راپۆرتە نزیکەی لە ســـەدا ٢٠ بۆ لە سەدا ٣٠ کارمەندەکانـــی وەزارەت و دامودەزگاکانی عێراق تەنها ناون و هیچ بونێکیان نییە، ئایا هیچ زانیارییەکەت هەیە لەم رووەوە؟ ئایا چ لێکدانەوە و تێڕوانینێکت هەیە لەسەر ئەم حاڵەتە؟**

- لە راســـتیدا ئەمە دیاردەیەکی ســـەیرەو مـــن لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم حاڵەتە نیم، بەڵام ئەگەر ئەم حاڵەتە بوونی هەبێت ئەوا رەنگە کۆنترۆڵکردن و چارەســـەرکردنی تا رادەیەك ئاسان بێت لەبەر ئەوەی دەتوانیت ئەو ناوانە بســـڕێتەوە و داهاتێکی زۆر بگەڕێنیتەوە، هەرچەندە رەنگە لە رووی سیاسییەوە ئەوە زەحمـــەت بێت، بەڵام لە رووی مەوزوعییەوە رەنگە تا رادەیەك ئاسان بێت. هەندێ بارودۆخ هەیە کە هەندێ کەس وەك

●●●

**دامەزراوەگەلێکی شەرعی و هەڵسوڕاو نییە بۆ ئەوەی هەڵبستن بە تەرخانکردن و خەرجکردنی ئەو داهات و داراییانە و دواتر چاودێریکردن و وردبین کردن تێیدا بۆ ئەوەی بۆیان دەربکەوێت ئەو داهاتانانە بە چ شێوەیەک بەکارهاتوون**

●●●

●●●

**بوونی گەندەڵی لە بواری دادوەریشدا مەترسیدارە**

●●●

●●●
**بانگەشەکردنی ئەوەی کە ژمارەیەکی گەورەی کارمەندی هەیە لە کاتێکدا ئەو کارمەندانە بوونیان نییە، نموونەی ئەم حاڵەتانە لە وڵاتانی ئەفریقیا و هیند و هەندێ بەشی دیکەی ئاسیادا هەیە**
●●●



فەرمانبەر و کارمەند ناویان تۆمارکراوە و بوونیشیان نییە، کە پێیان دەوترێت کارمەندانی تارمایی کە دەرفەت بۆ بەرپرسی ئەو دەزگایە دروست دەکات بۆ ئەوەی داهاتی زیاتر بە دەست بهێنێت، بە بانگەشەکردنی ئەوەی کە ژمارەیەکی گەورەی کارمەندی هەیە لە کاتێکدا ئەو کارمەندانە بوونیان نییە، نموونەی ئەم حاڵەتانە لە وڵاتانی ئەفریقیا و هیند و هەندێ بەشی دیکەی ئاسیادا هەیە. بەڵام ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە رەنگە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئاسان بێت لەبەر ئەوەی دەکرێت بە ئاسانی لەوە بکۆڵینەوە کە ئایا ئەو ناوانە ناوی ساختە و وەهمین یان نا، لە راستیدا کێشەیەکی دیکەش هەیە کە بریتییە لەوەی کەسانێك ناویان وەکو فەرمانبەر و کارمەند تۆمار دەکرێت بەڵام لە شوێنی کار دەرناکەون وکارێکی دیکە دەکەن، کە ئەوەش دەبێت لەبەرچاوبگیرێت.

*** بوودجەی حکوومەتی عێراقی ٥٦ ملیار دۆلارە، کە نزیکەی لە سەدا ٨٤ی ئەو بوودجەیە بەهۆی داهاتەکانی نەوتەوە دابین دەکرێت، کە ئێستا نرخی بەرمیلێك نەوت لە سەرووی ١٠٠ دۆلارەوەیە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر نرخی نەوت دابەزێت، ئایا چ رەنگدانەوەیەکی لەسەر عێراق دەبێت؟**

- رەنگە عێراق پێویستی بەوەبێت کە پەرە بە سیستمی دانانی باج بدات لەسەر هاووڵاتییان و دانیشتوانی وڵاتەکەی، بۆ ئەوەی تەنها پشت بە داهاتەکانی نەوت نەبەستێت، ئەوەش گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی هاووڵاتییان زیاتر حکوومەتەکەیان بخەنە ژێر چاودێری و بەرپرسیارێتییەوە، لەبەر ئەوەی داهاتەکانی حکوومەت راستەوخۆ لە گیرفانی ئەوانەوە دەردەچێت.

**بە دڵنیاییەوە بەرەوپێشەوەچوونی عێراق لە ژێر هەڕەشەی گەندەڵیدایە دەبێت ئەو مەسەلەیە بە جیدی وەربگیرێت**

***گەشە و بەرەوپێشچوونی عێراق لەژێر هەڕەشەی گەندەڵیدایە، راوبۆچوونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە لەژێر هەڕەشەی گەندەڵیدایە، ئەوە مەسەلەیەکە دەبێت بە جیدی وەربگیرێت. نابێت تەنها بەهۆی تاوانبارکردن و دادگایکردنی کەسانی گەندەڵ ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، بەڵکو دەبێت لە هەمانکاتدا چۆنییەتی بەڕێوەچوون و هەڵسوڕاندنی کاروبارەکان لەلایەن دامودەزگاکانی حکوومەتەوە گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، لە رێی سادەکردنەوەی رێساکان و بەهێزکردنی میکانیزمەکانی چاودێری و گۆڕانی بونیادییەوە، بۆ سنووردارکردنی کێشە ئاماژە پێکراوەکان و بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی بۆچی دیاردەی بەرتیلدان بوونی هەیە. لە لایەکی دیکەوە زۆرێك لە داهاتەکانی عێراق لە لایەن ئەمەریکا و وڵاتە کۆمەك بەخشەکانەوە دابین دەکرێت، کە پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەو دەوڵەتە کۆمەکبەخشانەش رۆڵیان هەبێت لە کۆنترۆڵکردنی ئەو گەندەڵییەدا.

کێشەکە بە دەستنیشانکردنی کەسە گەندەڵەکان چارەسەر ناکرێت

**هەرچەندە ئەوەش پێویستە**
**دەبێت حکوومەت دامودەزگای بەهێزتر دروست بکات**

*** چۆن دەتوانین رووبەرووی گەندەڵی ببینەوە لە ناو حکوومەتی عێراقیدا؟**

- سەرەتا من پێموایە رۆژنامەنووسانی وەك ئێوە دەتوانن بە دوای ئەو کێشەیەدا بچن و باسی بکەن، هەروەها گرنگە کە هاووڵاتییان و رێکخراوە سیاسییەکان سکاڵا بکەن لە بارەیەوە و پەردەی لەسەر لابدەن. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە گرووپ و پێکهاتەکانی ناو حکوومەت بە شێوەیەکی بنیاتنەرانە بیری لەو چاکسازییە بکەنەوە کە گۆڕانکاری بونیادی لە چۆنییەتی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی حکوومەتدا دروست دەکات. کێشەکە بە دەستنیشانکردنی کەسە گەندەڵەکان چارەسەر ناکرێت، هەرچەندە ئەوەش پێویستە، بەڵکو دەبێت حکوومەت دامودەزگای بەهێزتر دروست بکات کە بتوانن خزمەتگوزارییەکان دابین بکەن و ئەو رێگایانەش بۆ گرووپەکانی دەرەوەی حکوومەت دابین بکات بۆ ئەوەی بتوانن چاودێری گەندەڵی بکەن و کۆنترۆڵی بکەن و سکاڵای لە بارەوە بکەن.

## کۆبوونەوەی پەرلەمانتارانی عەرەب لە هەولێر

# داننانی جیهانی عەرەب بوو بە هەرێمی کوردستاندا



**کۆبوونەوەی پەرلەمانەکانی دەوڵەتانی عەرەبی لە هەولێر، دانپێدانێکی راستەوخۆی دەوڵەتانی بەشداربوو بە بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستاندا**

ئەم کۆبوونەوەیەی هەولێر لەسەر ئاستی سیاسی رەهەندی ئیجابییانەی زۆری هەبوو، بەتایبەتی بۆ عێراق وەك دەوڵەتێك کە هەنگاو بۆ دامەزراندنەوەی خۆی دەنێت لەسەر بنەمای یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە و هەروەها هەستکردنی نوێنەرانی دەوڵەتی عەرەبی کە چیدیکە عێراق ئەمرۆ عێراقی پێشوو نیەو، ئەمرۆ دەبێت رێز لە فرەیی و ئایین و نەتەوەکانی عێراق بگیرێت، لایەنێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەی هەولێر، ئەوەبوو کە ئیترزەمەنی هەڕەشـــەو کورد بە دوژمن زانین کۆتایی بێت، کورد پەیامێکی ئاشـــکراو روونی هەیە، لەکاتێکدا هەوڵدەدات و، خەبات دەکات بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی، بەڵام بەشـــێك لە خەباتەکەی بۆ توندوتۆڵکردنی پەیوەندی برایەتی لەســـەر بنەمـــای رێزی هاوبەش لەگەڵ ئەو گەلانەی لەدەورووبەریدا لەگەڵیدا دەژین و، پێش هەمووشیان گەلی عەرەب.

دانانی رۆژی ١١ی مارتی ٢٠٠٨ یان ١١ی ئاداری بۆ گێرانی ئەم کۆنگرەیە خۆ لەخۆیدا بەیانێکی کوردانە بوو بۆ تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی بەوەی کورد خۆشـــحاڵە برایەتی نێوان کوردو عەرەب قۆڵتربکەنەوە و قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان کوردو عەرەب دەست پێبکات بۆ شەڕکردن لەسەر ئەم مەسەلەیەو چەند مەسەلەیەکی دیکە

ئەم بەرێزانە بەشداری گوڵانیان کردووە:


**١- باڵیۆز رەند رەحیم: باڵیۆزی پێشووی عێراق لە ئەمەریکا**

**٢- پرۆفیســـۆر فوئاد عەجەب: بەرێوەبەری پرۆگرامەکانی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەندی لە ئەمەریکا**

**٣- پرۆفیسۆر داڤیدبیلپس: ئەندامانی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە**

**٤- پرۆفیسۆر روس ویلادۆد: پرۆفیسۆری یاسایی نێودەوڵەتی**

## پرۆفیسۆر فوئاد عەجەمی
## بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:



**من شانازی بە دەسکەوتەکانی کوردستان دەکەم و پاراستنی ئەم هەرێمە ئەرکی ئەخلاقی ئێمەیە**

■ پرۆفیسۆر فوئاد عەجەمی ساڵی ١٩٤٥ لە باشووری لوبنان لە دایکبووەو بە ڕەگەز فارسەو هەر بە منداڵی چۆتە ئەمەریکاو وەك خۆشی لەو دیمانەیەدا ئاماژەی پێکردووە شانازی بەوە دەکات کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەمەریکییەو هاووڵاتییەکی ئەمەریکییە. پرۆفیسۆر عەجەمی یەکێکە لەو کەسانەی کە نزیکە لە بڕیارسازانی ئەمەریکا، هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی ئەمنیدارییەتی زانکۆی ئەمەریکیشە لە سلێمانی. سەبارەت بە گرێدانی کۆنگرەی پەرلەمانتارانی عەرەب لە هەولێرو سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق گوڵان هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر عەجەمی گرێدا کە ئەمە دەقەکەیەتی. ■

### کاتێک سەیری هاوکێشە بنەڕەتییەکەی عێراق دەکەم من شانازی بەوەوە دەکەم کە لە کوردستاندا ڕوویداوە و ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا ڕوودەدات

***کاتێك فوئاد عەجەمی وتارێك دەنووسێت دەبێتە جێی سەرنج و بە وریایی و وردییەوە دەخوێنرێتەوە، گەر ئێستا لەسەر بارودۆخی عێراق بنووسیٚ ئایا سەرنجەکانتان لەسەر چی چڕدەکەنەوە؟ پتر بایەخ بە چ لایەنێك دەدەن؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە، کاتێك ئاماژەی سەرکەوتن لە عێراقەوە بەدی دەکەم ئەوا کەمتر لە بارەی ئەو وڵاتەوە دەنووسم. ئێستا کەمتر نیگەرانم لە بارەی عێراقەوە، لەبەر ئەوەی دەرئەنجامی ئیجابی و باش بەدی دەکەم. من لە مانگی ئابی ساڵی پاردا سەردانی عێراقم کرد و لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخەکە بووم، هەروەها لەگەڵ بەڕێز د.بەرهەم ساڵحدا کە دۆست و هاوڕێی یەکین سەردانی سلێمانیم کرد، بە حوکمی ئەوەی من ئەندامی ئەنجوومەنی ئەمینداریيەتی زانکۆی ئەمەریکیم لە سلێمانی. لەبەر ئەوەی من پێموایە بێجگە لە بارودۆخ و هەلومەرجە سیاسییەکە لایەنی دیکەش هەیە کە پێویستە بایەخیان پێبدرێت و منیش ویستم بەشداری بکەم. من دەمەوێت چەند شتێك بڵێم، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو جەنگەی لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە دژی سەدام حوسێن بەرپا کرا شەڕێکی پیرۆز بوو، ڕاستە هەڵە و کەموکوڕی هەبوو، ڕاستە هەموو شتێك بە باشی و بە پێی پێویست جێبەجێنەکران، بەڵام ئەو شەڕە بووە هۆی ڕووخاندن و ڕاماڵینی دەسەڵاتی سەدام حوسێن من بە شەڕێکی پیرۆزی دەزانم. من ئەم لێدوانەم لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا و لە جیهانی عەرەبیشدا دووبارە کردۆتەوە. کاتێك سەیری هاوکێشە بنەڕەتییەکەی عێراق دەکەم، پێموایە ئازادکردن و پاراستنی کوردستان ئەرکێکی ئینسانی تا دوا ڕادە گرنگ بووە. من شانازی بەوەوە دەکەم کە لە کوردستاندا ڕوویداوە و ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا ڕوودەدات، هەروەها شانازی بەو کارەوە دەکەم کە ئێستا لە بەغدادا دەیکەین.

گەر وەك شەڕێکی پیرۆز لەم شەڕە بڕوانیت، ئەوا من پێموایە سەرۆك بۆش، کە من چەند جارێك چاوم پێکەوتووە و زۆر پێی سەرسامم، کار و ئەرکێکی ئینسانی ئەنجامدا لە عێراقدا کاتێك هەڵسا بە ڕووخاندنی تاکڕەوی و دیکتاتۆرییەت لەم وڵاتەدا. لەبەر ئەوەی ئەو کارەی سەرۆك بۆش بووە دەستپێکی بیرۆکەی گۆڕان و ئازادی لە ناوچەکەدا. هەر بۆیە من گەشبینم بە ئایندەی دووری عێراق. ئەگەر قسەکانم پوخت بکەمەوە، ئەوا دەکرێت بەدەستهێنانی فیدراڵی بۆ کوردستان کە شتێکی بنەڕەتی و بنچینەییە، هەروەها ڕزگاربوونی شیعەکان کە قوربانی دەستی ڕژێمە کۆنەکە بوون و بە دەستهێنانی ڕۆڵێکی نویٚ لە عێراقدا، لەلایەکی دیکەوە دابینکردنی پاراستن و پارێزگاری بۆ سوونەکان کە ئێستا ئەمە ڕوودەدات بە دەرئەنجامێکی ئیجابی ئەم شەڕە لە قەڵەم بدەین.

### گرێدانی کۆنگرەی پەرلەمانەکانی عەرەب لە هەولێر ئەوە فێری جیهانی عەرەبی دەکات کە کۆمەڵگەیەکی فرەیی چییە و دەبێت چۆن بێت

***ئارامی و سەقامگیری کوردستان بۆتە ڕەمزێك بۆ عێراقێکی ئارام، ئەم سەقامگیرییەش وایکردووە کوردستان ببێتە مەڵبەندێك**

**بۆ کۆبوونەوە و جموجوڵە سیاسییەکان، بۆ نموونە ئێستا ئەندام پەرلەمانەکانی ٢٢ وڵاتی عەرەبی لە هەولێری پایتەختی کوردستاندا کۆنفرانس ساز دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن کوردستانێکی ئارام و سەقامگیر خزمەتی سەرووری عێراق دەکات لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییدا؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە. گرنگی ئەو جۆرە چالاکییانە لەوەدایە کە عێراق و بەتایبەتی کوردستانی عێراق ئەوە فێری جیهانی عەرەبی دەکەن کە کۆمەڵگەیەکی فرەیی چییە و دەبێت چۆن بێت، واتە نموونەی فرەیی پیشانی جیهانی عەرەب دەدەن. ئێمە دەبێت راستگۆ و راشکاو بین دەربارەی سروشتی جیهانی عەرەبی، کە لە سالانی شەست و حەفتا و هەشتاکاندا رێگەیان بە کەمینەکان نەدا رۆڵێکی شایستەیان هەبێت لە کۆنترۆڵی کاروباری گشتیدا، ئەمەش بۆ زاڵبوون و باڵادەستی بیری نەتەوەی عەرەب دەگەڕێتەوە. کە ئەم بیری نەتەوەییەش بووە رێگەیەك بۆ پەراوێزکردن و رۆڵپێنەدانی کەمینەکان. بەڵام کاتێك لە عێراق دەروانیت کە جەلال تاڵەبانی سەرۆکی کۆماری عێراقە و بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆك وەزیرانە و هوشیار زێباری وەزیری دەرەوەیە، ئەوا عێراق نموونەیەك پێشکەش بەجیهانی عەرەبی دەکات لەسەر ئەزموونی فرەیی و چۆنییەتی پێدانی دەنگ و رۆڵی شایستە بە کەمینەکان لە هەڵسوڕاندنی کاروباری گشتی وڵاتەکەدا. ئەم ناوچەیە هەمیشە هەر عەرەبی تێدا نیشتەجێ نەبووە، بەڵکو کورد و تورکمان و ئەرمەنیشی تێدابووە. پێکهاتە و کەمینەی ئایینی و ئیتنی جیاواز لە وڵاتانی عەرەبیدا نیشتەجێن، جیهانی عەرەبی زۆر دەوڵەمەندە لە رووی بوونی ئەو گرووپ و پێکهاتانەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سالانی حەفتا و هەشتا و نەوەتەکان ئەوا دەبینین کە جیهانی عەرەبی هەڵوێستی بێدەنگیان لە ئاست ئەو تاوانانەدا نواند کە دەرهەق بە گەلی کورد دەکران. کە من پێی دەڵێم کەلتووری بێدەنگی. هەروەها ئەوان بێدەنگ بوون لە ئاست ئەو تاوانانەدا کە دژ بە شیعەکان دەکران. من هیوادارم ئەمە سەرەتایەك بێت بۆ ئەوەی جیهانی عەرەبی بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ و ئەو راستییە قبووڵ بکەن کە ئەوان بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقیان دەکەوێتە ئەستۆ لە ئاست ئەو تاوانانەی سەدام حوسێن ئەنجامی داون.

**ئومێدەوارم کە ژمارەیەکی پتر لە عەرەبەکان دان بەوەدا بنێن**
**کە پیادەکردنی ئایدۆلۆجیای بیری نەتەوەیی عەرەب لە سالانی حەفتا و هەشتاکاندا سەرئێکێشا بۆ ئەنجامدانی تاوانگەلێکی گەورە دژ بە مرۆڤایەتی.**

من هیوادارم ژمارەیەکی زیاتری عەرەبەکان دان بەو راستییەدا بنێن و بەرپرسیارێتییەکە قبووڵ بکەن، من ئەو هەڵوێستە لە عەمر موسا چاوەڕێ ناکەم، بەڵام ئومێدەوارم کە ژمارەیەکی پتر لە عەرەبەکان دان بەوەدا بنێن کە پیادەکردنی ئایدیۆلۆجیای بیری نەتەوەیی عەرەب لە سالانی حەفتا و هەشتاکاندا سەرئێکێشا بۆ ئەنجامدانی تاوانگەلێکی گەورە دژ بە مرۆڤایەتی. من پێمواپە ئەم پرۆسەیە لە سەرەتادایە، مەبەستم لە قبوڵکردنی ئەم بەرپرسارێتییە لە لایەن عەرەبەکانەوە، بە تایبەتی لە وڵاتانی میسر و ئوردن و تەنانەت لە ناو فەڵەستینییەکانیشدا کە بە ئاشکرا ستایشی سەدامیان دەکرد، بەڵام پرۆسەیەکی خاو و لەسەرخۆیە. واتە هەموو ئەوانە ئێستا سەر بە رابردوون. ئێستا دەرفەتێك لە بەردەم عەرەبەکاندایە بۆ داننان بە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی ئەوان بەرامبەر بەو تاوانانە. لەبەر ئەوەی ناکرێت عەرەبەکان هەمیشە ئەوە دووپات بکەنەوە کە ئەوان قوربانین، قوربانین لە کەرتی غەززە و قوربانین لە کیشوەری ئەورووپادا، کە ئەگەر چاوێك بە رۆژنامە دیارەکانی وەك ( ئەلشەرق ئەوسەت و ئەلحەیات) دا بخشێنیت ئەم سکالا کردنانە لەلایەن عەرەبەکانەوە بەدیدەکەیت، واتە ناکرێت عەرەبەکان ئەوە دووپات بکەنەوە کە ئەوان قوربانین و ئەوەیان لە بیربچێت کە ئەوانیش تاوانیان ئەنجام داوە و کەسانێکیش قوربانی دەستی ئەوانن. واتە جیهانی عەرەبی پێویستی بە راستگۆیی و راشکاوی زیاترە، بەو پێیە لێگەڕێ با عەرەبەکان بێن بۆ کوردستان و راستییەکان ببینن و ئەوە ببینن کە عێراق دەوڵەتێکە لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە، کورد و عەرەب، هەروەها بیری نەتەوەی عەرەب و بیری نەتەوەی کورد لەم وڵاتەدا هەیە و دەبینن کە جەلال تاڵەبانی بەشێکە لە بوونیادی دەسەڵات و سەرۆکی دەوڵەتێکی گەورەی عەرەبییە، ئەوا ئەمە هەنگاوێکە بۆ تێگەیشتن لەو راستییەی کە دەبێت گرووپ و پێکهاتە کەمینەکانیش بەشداری دەسەڵات و هەڵسوڕاندنی کاروبارەکاندا بکەن.

**پابەندبوونی ئێمە بەرامبەر کورد پابەندبوونێکی ئەخلاقی گرنگە و دەبێت لە پابەندبوونی ئێمە بەرامبەر تورکەکان گەورەتر بێت.**

***کورد بە گومانەوە لە ئەمەریکا دەڕوانێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەمەریکا تیشکی سەوزی بە تورکیا هەڵکرد بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی لە خاکی هەرێمی کوردستاندا، پێتوایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشت لە کوردەکان دەکات؟**

-من هەمیشە ئەوەم وتوە کە کوردەکان تەنها شەریکێکیان هەیە، بە پێچەوانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە وەك هێزێکی جیهانی گەورە چەندەها شەریکی وەك تورکیای هەیە و بەرژەوەندی لە زۆرێك لە ناوچە و شوێنەکانی جیهاندا هەیە واتە کوردەکان پتر پەیوەستن بە ئەمەریکاوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئەوەم دووپاتکردۆتەوە کە پابەندبوونی ئێمە بەرامبەر کوردەکان پابەندبوونێکی ئەخلاقی گرنگە و دەبێت لە پەیوەندی و پابەندبوونی ئێمە بەرامبەر تورکەکان گەورەتر بێت. من هەمیشە لەم بوارەدا رەخنەم گرتووە و لە ساڵی ٢٠٠٣دا کاتێك حکوومەت و پەرلەمانی تورکیا یارمەتیدانی ئەمەریکیایان رەتکردەوە لە کردنەوەی بەرەی باکوور بۆ لێدانی سوپاکەی سەدام حوسێن، ئەوکاتە رامگەیاند کە تورکەکان بانگەشەیەکی ساختە دەکەن کاتێك هاوسۆزی و هاوهەڵوێستی خۆیان بۆ ئەمەریکا دەردەبڕن و وتم ئێمە پتر قەرزاری کوردەکانین. راستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مۆڵەتی بە تورکیادا تاوەکو ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجام بدات دژی بنکە و چەکدارانی پەکەکە لە ناوچە سنوورییەکاندا، بەڵام رەنگە من زۆر هاوڕانەبم لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا کە ئەمەریکا دەستی لە کوردەکان هەڵگرتووە.

●●●

**ئەم ناوچەیە هەمیشە هەر عەرەبی تێدا نیشتەجێ نەبووە، بەڵکو کورد و تورکمان و ئەرمەنیشی تێدابووە**

●●●

●●●

**جیهانی عەرەبی زۆر دەوڵەمەندە لە رووی بوونی ئەو گرووپ و پێکهاتانەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سالانی حەفتا و هەشتا و نەوەتەکان ئەوا دەبینین کە جیهانی عەرەبی هەڵوێستی بێدەنگیان لە ئاست ئەو تاوانانەدا نواند کە دەرهەق بە گەلی کورد دەکران. کە من پێی دەڵێم کەلتووری بێدەنگی. هەروەها ئەوان بێدەنگ بوون لە ئاست ئەو تاوانانەدا کە دژ بە شیعەکان دەکران**

●●●

●●●

**پابەندبوونی ئێمە بەرامبەر کوردەکان پابەندبوونێکی ئەخلاقی گرنگە و دەبێت لە پەیوەندی و پابەندبوونی ئێمە بەرامبەر تورکەکان گەورەتر بێت**

●●●

## نابێت ڕێگە بدەین تورکیا بچێتە قوڵایی خاکی کوردستان دەبێت ئەوە بکەینە هێڵی سوور بۆ تورکیا

کوردســـتان زۆر گرنگە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبەر چەند هۆکارێك، لەبـــەر هۆکارە ســـتراتیجییەکان، لەبەر هۆکارە ئەخلاقییـــەکان. من پێموایـــە ئەمەریکا دەتوانێـــت لە یەك کاتدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا بپارێزێت و ڕێگە بە تورکیا نەدات دەســـتێوەردان لە کاروباری سیاســـی هەرێمی کوردستاندا بکات. من پێموایە دەبێت لە یەك کاتدا دووشـــت ئەنجام بدەین، لە کاتێکدا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیادا دەپارێزین ئەوا دەبێت دەستەبەری پاراســـتنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کوردەکاندا بکەین و نەهێڵین تورکیا بچێتە قوڵایی خاکی کوردستان و ئەوە بکەینە هێڵی سوور بۆ تورکیا، من پێموایە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا ڕێگە بە تورکیا نادات بە قوڵی و بە شێوەیەکی بەربڵاو بچێتە خاکی کوردستانەوە، لە ماوەی ڕابردووشـــدا ڕێگەی بە ئەنجامدانی ئۆپەراســـیۆنێکی بچووك و ســـنووردار‌دا. بەڵام دەبێت دان بەو ڕاســـتییەدا بنێین کە ژیانـــی کەمینەکان، بەتایبەتی ژیانی کـــوردەکان کە لە وڵاتانی تورکیا و ئێران و عێراقدا دەژین هەمیشە لەژێر هەڕەشە و مەترسیدا بووە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو ئەوا هەمیشە کوردەکان لەلایەن نەتەوە گەورەکانەوە خیانەتیان لێکراوە، بەڵام بەشـــێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و کوردەکان پەیوەندیگەلێکی تەندروستن، پابەندبوونـــی ئەمەریـــکا بەرامبـــەر کـــوردەکان پابەندبوونێکی تەندروستە، پابەندبوونی ئەمەریکا بەرامبەر ئۆتۆنۆمی کوردەکان لە چوارچێوەی عێراقدا پابەندبوونێکی تەندروستە. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەمەریکا پشتگیری لە لێکترازانی عێراق ناکەن و خوازیاری لەبەریەکهەڵوەشـــانەوەی عێـــراق نین. ئـــەوان عێراقێکی فیدراڵیان دەوێـــت، ئەوان لەگەڵ ئـــەوەدان کە کوردەکان ڕۆڵێکی گەوریـــان هەبێت لە عێراقدا بەڵام ئەوان دەیانەوێت کوردەکان لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە.

### سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ڕوون نییە

***هەڵویســـتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چییە لە ئاســـت کوردەکاندا، بەتایبەتی لە بەرامبـــەر جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دەســـتووری عێراقی و گەڕاندنەوەی شـــاری کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان؟**

- گـــەر بە ڕاشـــکاوی بدوێم پێموایە سیاســـەتی ئەمەریکا ڕوون نییە لـــەو ڕووەوە. ئەوەتان لەبەرچاو بێت ئەم ئیدارەیە کەمتر لە دە مانگی ماوە لە سەرۆکایەتییدا و ئەم ئیدارەیە نزیکەی هەشت ساڵە حوکومڕانێتی دەکات، هەر ئیدارەیەکیش هەشت ساڵ حوکومڕانێتی بکات ئەوا لە ساڵی شـــەش یاخود حەوتەمدا وزە و توانای بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و گڕوتینی کەمترە دەبێتەوە، ئێستا ئیدارەکەی سەرۆك بۆش لە ساڵی هەشـــتەمی حکومڕانێتییەکەیدا و ڕەنگە پتـــر دەرفەت بە عێراقییەکان بدات و پتـــر ئامادە بێت بۆ ئەوەی عێراقییـــەکان خۆیان جڵەوی کاروبارەکانی خۆیان بکەن، ڕەنگە بە عێراقییەکان بڵێت بڕوانن، ئێمە ئازادیمان بۆ هێنان، ئێمە شەڕمان لە پێنـــاوی ئازادی ئێوەدا کرد، ئێمـــە ڕژێمەکەمان بۆ ڕووخاندن و لەو پێناوەشـــدا نزیکەی چوار هەزار سەربازمان کردە قوربانی، ئێمە نائومێدبووین لە ئاســـت عێراقدا لەبەر ئـــەوەی هەر جارێك هەواڵێکـــی خۆش هەبێت ئەوا هەواڵێکی خراپـــی بە دوادا دێت، هەر جارێك چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە چارەسەرێك بۆ قەیرانێکی عێـــراق بدۆزرێتـــەوە، ئەوا قەیرانەکـــە قووڵتر دەبێتـــەوە. ئەوەی پەیوەنـــدی بە مادەی ١٤٠ ی دەســـتووری عێراقەوە هەبێت، من پێموایە ڕەنگە ئەمەریکییەکان وردەکارییەکانی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە بۆ عێراقییەکان بەجێبهێڵن و ئەو متمانەیە بە عێراقییەکان بـــدات کە خۆیان قەیرانەکانی خۆیـــان یەکلابکەنەوە، واتە ناکرێت ئەمەریکییەکان شەڕە بچووکەکانی ناو عێراقیش بکەن و دەرفەتیان پێدەدات خۆیان ئەو کێشـــانە لە ناو خۆیانـــدا یەکلابکەنەوە. گەر لە هەڵمەتی هەڵبژاردنە ســـەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکا بڕوانیت، چ لەلایـــەن باراك ئۆباما و هیلاری کلینتۆنـــەوە، یاخود لەلایەن سیناتۆر مەککاین لە بەرەی کۆمارییەکانەوە، ئەوا گفتوگۆیەکی زۆر دەربارەی عێراق ناکرێت و ئاماژەیەکی زۆری پێناکرێت، زیاتر گفتوگۆ لە بارەی ئابووری ئەمەریکا و کەسایەتی پاڵێوراوەکانەوە دەکرێت. تەنها ســـیناتۆر مەککاین جارێك باسی لە عێراق کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێت ســـەد ســـاڵ لەو وڵاتەدا بمێنینەوە، دواتـــر ڕایگەیاند کە ئەو مەبەســـتی لە ســـەد ســـاڵ نەبووە و مەبەستێکی تەواو جیاوازی هەبووە. گەر بە ڕاشکاوی بدوێم ئەوا پابەندبوونێکی ئەمەریکی نییە بۆ پشـــتیوانیکردن لە هەڵوێستی کوردەکان لە ئاست کەرکوکدا، بەڵکو تەنها ئەمەریکا بەوەوە پابەندە کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە شیعە و سوننە و تورکمانەکانەوە کە بگەنە ڕێککەوتنێك و هەموولایانەکان بە دەرئەنجامی کۆتایی یەکلاکردنەوەی کێشـــەی کەرکووك ڕازی بن، لەبەر ئەوەی ناکرێت دووبارە شـــەڕ هەڵبگیرســـێنرێتەوە لەســـەر کەرکووك و پڕۆژەی ئەمەریکا لە عێراق تێکبدرێتەوە. لەبەر ئەوە ئەمەریکا خوازیار نییە هەڵوێســـتێکی دیاریکراوی هەبێت لە ئاست کەرکووکدا، ئەمەریکا پتر خوازیارە ئەو متمانەیە بە عێراقییەکان بدات، بە کورد و عەرەب و تورکمانەکان کە ئەو کێشەیە یەکلابکەنەوە. ئەمەریکا دەزانێت کە هەلومەرجی کەرکووك لەرزۆکە، ســـەخت و هەستیارە، لەبەر ئەوە زۆر بە وریایی و هەســـتارییەوە گفتوگۆ و دانوستاندن لە بارەی کەرکووکەوە دەکەن و پێیانوایە نابێت هیچ لایەنێکی عێراقی یاری بە ئاگر بکات، من پێموایە ئەوە هەڵوێســـتی ڕەسمی ئەمەریکایە. ئەمەریکا نایەوێت جڵەوی وردەکارییەکانی ژیانی سیاســـی عێراق بکات، ئـــەو وردەکارییانە بۆ خودی عێراقییـــەکان و بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە دەگەڕێننەوە و دەبێت ئەوان دەرئەنجامێکی خـــوازراو و جێی ڕەزامەندی بۆ کەرکـــووك بەدی بهێنن. هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەم ئیدارەیە ماوەیەکی زۆری لە دەســـەڵاتدا نەماوە و دەسەڵات و دەستڕۆیشـــتویەکی زۆریشی نەماوە، واتە ناتوانێت بڕیارێکـــی نوێ لە بارەی کەرکووکـــەوە دەربکات و هەموو لایەك ناچار بـــکات کە پێوەی پابەنـــد بن. بەڵکو زیاتر بۆ ســـەرکردە عێراقییەکان جێیدەهێڵێت بۆ ئەوەی بە شـــێوەیەکی ئاشتییانە ئەو کێشەیە یەکلابکەنەوە و کۆتایی پێبهێنن. من پێموانییە ئیدارەکەی ســـەرۆك بۆش ڕایبگەیەنێت و بڵێت ئەوە حووکمی ئێمەیە لەســـەر کەرکـــووك و دەبێت ئەمـــە چارەنـــووس و دەرئەنجامی کۆتایی یەکلاکردنەوەی کێشەی ئەو شارە بێت.

●●●
**ناکرێت عەرەبەکان ئەوە دووپات بکەنەوە کە ئەوان قوربانین و ئەوەیان لە بیربچێت کە ئەوانیش تاوانیان ئەنجام داوە و کەسانێکیش قوربانی دەستی ئەوانن. واتە جیهانی عەرەبی پێویستی بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی زیاترە، با عەرەبەکان بێن بۆ کوردستان و ڕاستییەکان ببینن و ئەوە ببینن کە عێراق دەوڵەتێکە لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە، کورد و عەرەب**
●●●

●●●
**کوردستان زۆر گرنگە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبەر هۆکارە ستراتیجییەکان، لەبەر هۆکارە ئەخلاقییەکان**
●●●

●●●
**من پێموایە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا ڕێگە بە تورکیا نادات بە قوڵی و بە شێوەیەکی بەربڵاو بچێتە خاکی کوردستانەوە**
●●●

●●●
**ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەدان کە کوردەکان ڕۆڵێکی گەوریان هەبێت لە عێراقدا بەڵام ئەوان دەیانەوێت کوردەکان لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە**
●●●

## کیمیابارانی هەڵەبجە یادەوەرییەکی پیرۆز و گرنگە بۆ کورد
## هەمیشە چارەنووسی کورد ئەوەبووە کە لە مەترسیدا بژین
## ئێستاش کورد لە دەوڵەتانی دراوسێ
## لە ژێر رەحمەتی تورکیا و سوریا و ئێراندان

***ئەو رۆژەی ئەم ژمارەیەی گوڵانی تێدا دەردەچێت و ئەم چاوپێکەوتنەی تێدا دەبێت کە ئێستا لەگەڵ بەڕێزتاندا ئەنجامی دەدەین، رۆژی بۆمبارانکردنی شاری هەڵەبجەیە بە چەکی کیمیایی، چ زەمانەتێك هەیە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەم جۆرە کارەساتە دووبارە نەبێتەوە؟ چ وتەیەکت بۆ کورد هەیە لەم یادەدا؟**

- ئەوە یادەوەرییەکی پیرۆز و گرنگە بۆ کوردەکان. من لە ساڵی ٢٠٠٤دا ئەو شەرەفەم پێبڕا کە سەردانی مۆنیمێنتی هەڵەبجە بکەم و بیر لەو تاوانە ترسێنەرە بکەمەوە کە دەرهەق بە کوردەکان و بەتایبەتی دەرهەق بە شاری هەڵەبجە کراوە. من بیرم لەوە دەکردەوە کە هەمیشە چارەنووسی کوردەکان ئەوەبووە کە لە مەترسیدا بژین، ئێستاش کوردەکان لە دەوڵەتە دراوسێکاندا لەژێر رەحمەتی تورکیا و سوریا و ئێراندان. لە دوای گۆڕانکارییەکەی عێراقیشەوە کوردەکان دەرفەتیان بۆ دروست بوو کە بە مافەکانیان بگەن و ئێستاش بە ورياييەوە دەڕوانن کە چیتر رووداوەکان بە هەمان شێوەی رابردوو دووبارە نەبنەوە. من بە راستی باوەڕم بە ئەمەریکا هەیە، من لە ئەسڵدا لە لوبنان لە دایکبوومە و تەمەنێکی کەمم هەبوو کاتێك بەرەو ئەمەریکا بەڕێکەوتم، من زۆربەی تەمەنم لە ئەمەریکا بەسەر بردووە و ئێستا هاووڵاتییەکی ئەمەریکیم و دەستم لە رەگەزنامە لوبنانییەکەم هەڵگرت و شانازیش بەوە دەکەم کە رەگەزنامەی ئەمەریکیم هەیە، من باوەڕم وایە کە ئەمەریکا ئیپمراتۆرییەتی ئازادییە و باوەڕم بە پابەندبوونی ئەمەریکا هەیە بۆ رزگارکردن و یارمەتی دانی گەلانی ناوچەکە. من پێموایە دیبلۆماسییەتی ئازادی کە سەرۆك بۆش لە لوبنان و عێراق و ئەفغانستاندا پیادەی کرد ئەو پەیامە بە گەلانی ناوچەکە دەگەیەنێت کە سەردەمی تاکڕەوی و دیکتاتۆرییەت بەسەرچووە. من ئومێدەوارم کە گەلانی ئەم ناوچەیە ئازادبن. من لە شاری هەڵەبجەدا گەشتم کرد و لەگەڵ منداڵ و گەنج و پیری ئەو شارەدا دوام و گوێبیستی چیرۆکی ستەمی ئەو شارە بووم لە منداڵان و کەسوکاری قوربانییەکانەوە. من پێموایە ئەو بارودۆخەی لە عێراقدا هەیە باشترین دەرفەتە بۆ کوردەکان، بە دڵنیاییەوە پێگە و بارودۆخی کوردەکانی عێراق زۆر لە بارودۆخی کوردەکانی ئێران و تورکیا و سوریا باشترە. لەبەر ئەوەی فیدراڵی و فرەیی هەیە لە عێراقدا، کوردەکان نوێنەرایەتییەکی بەهێزیان هەیە لە دەسەڵاتی ناوەندی عێراقدا. کاتێك من سەردانی سلێمانیم کرد هەستم بەوەکرد کە کوردەکان ژیانێکی باشتریان بۆ خۆیان بونیاتناوە بە بەراورد بە ساڵی ١٩٩١، واتە لە دوای خیانەتە گەورەکەی سەرۆك بۆشی باوك و جەیمس بێکەرەوە، کە ئەوە بەشێکی شەرمەزارکەری مێژووی ئەمەریکایە. لە کاتی باسکردنی ئیدارەکەی سەرۆك بۆشی باوکدا من هەمیشە ئاماژەم بەوە کردووە کە چۆن لەوکاتەدا پشتیان لە کوردەکان و دانیشتوانی باشووری عێراق کرد و دەستیان لێهەڵگرتن و لە ژێر رەحمەتی سەدام حوسێندا بەجێیانهێشتن. من پێموایە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە لە دوای ئازادکردنی عێراقەوە ئەمەریکا خاوەنی تۆمارێکی شەرەفمەندانەیە، کوردەکانیش ئەو راستییە دەزانن، رۆشنبیر و سیاسەتمەدارانی کورد، بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی بە باشی ئەمەریکا دەناسن. هەروەها قوباد تاڵەبانیش کە پێش ساڵێك بەر لە ئێستا چاوم پێیکەوت ئەمەریکا باش دەناسێت. ئێمە پابەندبوونێکمان هەیە لە ئاست عێراقدا، لە چوارچێوەی ئەوەشدا ئێمە پابەندبوونمان هەیە بە ئۆتۆنۆمی کوردەکانەوە لە باکووری عێراقدا.

## عێراق وڵاتێکی بریندارە و برینەکانیشی قوڵن

***چۆن ئایندەی عێراق دەبینیت؟ چ راسپاردە و پێشنیارێکتان بۆ کوردەکان هەیە؟**

- من پێموایە شەڕ دەبێتەهۆی دووبارە بونیاتنانەوەی دەوڵەتان، نەك دروستکردنیان. ئەوەی لە عێراق بەدی دەکەین ئەوەیە کە ئەم وڵاتە وڵاتێکی نەوتییە، ئەوەش گرنگترین شتە، ئەمە نەگۆڕاوە واتە پێشتریش عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەند بووە بە نەوت، ئەوەی گۆڕاوە ئەوەیە کێ کۆنترۆڵی داهاتەکانی ئەو نەوتە دەکات. واتە عێراق وڵاتێکی هەژار نییە و سەرچاوەگەلێکی زۆری هەیە و بڕێکی گەورەی نەوت و بوودجەیەکی گەورەی هەیە. مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە کە داهاتەکانی ئەو نەوتە بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێت، بەشی کوردستان لە داهاتی نیشتمانی لە سەدا ١٧یە یاخود کەمترە یا زیاترە ئەوە مەسەلەیەکە بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە. عێراق وڵاتێکی بریندارە و برینەکانیشی قوڵن، بە هەزاران هەتیوو هەیە لەم وڵاتەدا، ئاسەوارەکانی سیاسەتی رەگەزپەرستی بەعس ئاسەواری قوڵن. بەڵام ئەم وڵاتە شانسی هەبوو کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا جۆرج بۆش سەرۆکی ئەمەریکا بوو، کە خاوەنی ویست و ئیرادەی رووخاندنی رژێمی کۆن بوو و هەلێکی بۆ عێراقییەکان رەخساند کە ژیانێکی نوێ بونیات بنێن. راستە ئەوە ئەرکێکی قورسی لەبەر ئەو برین و ئاسەوارانەی شەڕ و تاکڕەوی و حزبی بەعس لەسەر ئەم وڵاتەی بەجێهێشتووە. گەر سی و پێنج ساڵ حکومڕانێتی بەعس و دوانزە ساڵ سزا ئابوورییەکان و پێنج ساڵ شەڕ لەبەرچاو بگرین ئەوا ئاسان نییە خەڵکی بتوانن وڵات و کۆمەڵگەیەکی نوێ بونیات بنێن و فیدراڵیزم قبووڵ بکەن. هەروەها چەند دەوڵەتێکی سەخت دراوسێی عێراقن و هیچ نموونەیەکی فیدراڵی نییە لەم دەوڵەتانەدا، ئێران وڵاتێکی فیدراڵی نییە و دیکتاتۆرییە، بە هەمان شێوە سوریا و میسریش و هتد، هەموو وڵاتانی دەوروبەری عێراق دەسەڵات و داهات و سەرچاوەکان بە دەستی حکوومەتی ناوەندییەوەیە. واتە دەبێت شێوە ژیانێکی نوێ و سیاسەتێکی نوێ فێری عێراقییەکان بکەیت، ئەوەش ئەرکێکی سەختە. ئەوەی سەرچاوەی ئومێدیکی گەورەیە ئەوەیە کاتێك سەردانی بەغدا و کوردستان دەکەیت بە تایبەتی لەم چەند مانگەی دواییدا، ئەوە بەدی دەکەیت کە خەڵکی سەرقاڵی بونیاتنانی ژیانێکی نوێن، بۆ نموونە تۆ زانکۆیەکی نوێی وەك زانکۆی ئەمەریکی لە سلێماندا بنیات نانێی ئەگەر پابەند نەبێت بە بونیاتنانی ژیانێکی نوێوە، ئەوەش دەبێتە نموونەیەك بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق.

●●●

**ئەمەریکا خوازیار نییە هەڵوێستێکی دیاریکراوی هەبێت لە ئاست کەرکووکدا، ئەمەریکا پتر خوازیارە ئەو متمانەیە بە عێراقییەکان بدات، بە کورد و عەرەب و تورکمانەکان کە ئەو کێشەیە یەکلابکەنەوە**

●●●

●●●

**دەستم لە رەگەزنامە لوبنانییەکەم هەڵگرت و شانازیش بەوە دەکەم کە رەگەزنامەی ئەمەریکیم هەیە، من باوەڕم وایە کە ئەمەریکا ئیپمراتۆرییەتی ئازادییە و باوەڕم بە پابەندبوونی ئەمەریکا هەیە بۆ رزگارکردن و یارمەتی دانی گەلانی ناوچەکە. دیبلۆماسییەتی ئازادی کە سەرۆک بۆش لە لوبنان و عێراق و ئەفغانستاندا پیادەی کرد ئەو پەیامە بە گەلانی ناوچەکە دەگەیەنێت کە سەردەمی تاکڕەوی و دیکتاتۆرییەت بەسەرچووە**

●●●

●●●

**کاتێک من سەردانی سلێمانیم کرد هەستم بەوەکرد کە کوردەکان ژیانێکی باشتریان بۆ خۆیان بونیاتناوە بە بەراورد بە ساڵی ١٩٩١، واتە لە دوای خیانەتە گەورەکەی سەرۆک بۆشی باوک و جەیمس بێکەرەوە، کە ئەوە بەشێکی شەرمەزارکەری مێژووی ئەمەریکایە.**

●●●

■ خاتوو رەند رەحیم فرانك لە دوای رووخانی رژێمی عێراق و حکومەتی کاتی عێراقدا، وەك باڵیۆزی عێراق لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەستنیشانکراو یەکێکە لەو چالاکگەرە سیاسییانەی عێراق کە لە ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣ رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.
خاتوو رەند وەك تۆژەر لە ئامۆژگای ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی کاریکردووە و هەموو دیراسەت و لێکۆڵینەوەکانی لەسەر بارودۆخی عێراق بووە کە دوایین دیراسەتی بەناوونیشانی بارودۆخی سیاسی عێراقە لە دوای پرۆسەی زیادکردنی هێزەکانی ئەمەریکا.
بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیاسی ئێستای عێراق و رۆڵی کورد لە پرۆسەی سیاسی و پێشوازی هەولێر لە پەرلەمانەکانی عەرەب خاتوو رەند بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی■

## پرۆفیسۆر رەند رەحیم فرانک باڵیۆزی پێشووی عێراق لە واشنتۆن بۆ گوڵان:



# کۆبوونەوەی پەرلەمانتارانی عەرەب لە هەولێر دانانی کۆمکاری عەرەبی بوو بە بارودۆخی سیاسی عێراقدا

**کۆبونەوەی پەرلەمانەکانی عەرەب لە هەولێر دانانی کۆمکاری عەرەبی بوو بە بارودۆخی سیاسی نوێی عێراق**

***کۆنگرەی پەرلەمانتارانی وڵاتانی عەرەبی لە هەولێر سازکرا، پێتوایە چ ڕەنگدانەوەیەکی دەبێت لە سەر پتەوکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی کورد و عەربەکان؟**

-من پێم وایە ئەو کۆبونەوەیەی پەرلەمانتارانی عەرەب لە هەرێمی کوردستان و لە شاری هەولێر گرنگیەکی زۆری هەیە، نەك هەر لە ڕووی عەمەلییەوە، بەڵکو لە رووی سیاسییەوە و رەهەندی زۆری گەورەی هەیە، یەکەمیان دانانی جامیعەی عەرەبی بوو بە بارودۆخی سیاسی نوێی عێراق، کە حکومەتێکی نوێ و شێوە سیاسیەتێکی نوێ لە عێراقدا هاتۆتە کایەوە، کە ئەوە دانپێدانانە بە سیستەمی دەسەڵاتی نوێی عێراق و ئەو بەرەو پێشچوونە سیاسییەی لە عێراقدا دروست بووە. ئەم کۆبونەوەیە بۆی هەیە پەرە بە پەیوەندییەکانی عێراق بدات لە گەڵ وڵاتانی عەرەبیدا، لەبەر ئەوەی بە داخەوە پەیوەندییەکانی عێراق زۆر باش نییە لە گەڵ دەوڵەتە عەرەبیەکاندا و باڵوێزێکی کەمی وڵاتانی عەرەبی لە عێراقدا هەیە و بەرپرسەکانی وڵاتانی عەرەبی بە کەمی سەردانی عێراق دەکەن. بەڵام کۆبونەوەیان لە شاری هەولێردا زۆر گرنگە بۆ مەسەلەی فیدراڵیزم و هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەمە جگە لەوەی دانانە بە بارودۆخ و سیستەمی سیاسی نوێی عێراق و باشترکردنی پەیوەندییەکانیانە لە گەڵ عێراقدا، بەڵکو بە شێوەیەکی زمنیش دان بە فیدراڵییەتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەنێن لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. لەبەر ئەوەی ڕاستە لە عێراقدا فیدراڵییەت هەیە و هەرێمی کوردستان خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆیەتی، بەڵام هیچ جیابوونەوە و دابەشبوونێك نییە و بە پێچەوانەوە فیدراڵییەتی گرنگە بۆ پاراستنی یەکێتی عێراق. هەرێمی کوردستان وەکو گەل و حکومەت و پەرلەمان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە عێراق و لە پاراستنی یەکێتی عێراقدا، لەبەر ئەوە ئەمە نەك هەر دانپێدانانێکی زمنیە بەڵکو دانپێدانانێکی کراوە و گشتیشە. ناکرێت لە گرنگی ئەم ڕوداوە کەم بکەینەوە و من بە رووداوێکی مێژوویی دەزانم بۆ پەیوەندییەکانی عێراق و وڵاتانی عەرەبی و دانپێدانیانێکی تەواوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە ڕۆڵی ئەم حکومەتە لە عێراقدا.

**ترس و نیگەرانییەکە هەم لە لای عەرەبەکان هەم لە لای کوردەکانیش بوونی هەیە**

***تا ئێستا ڕای گشتی عەرەبی بە چاوی گومانەوە لە کوردەکان دەڕوانن و پێیان وایە هەوڵی جیابوونەوە و دابەشکردنی عێراق دەدەن، ئایا دوای ئەم کۆنگرەیە، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم تێڕوانینە بگۆڕێت؟**

- لە ڕاستیدا مەسەلەکە شتێکی مێژوییە. ڕاستە کوردەکان دووچاری چەوساندنەوە هاتوون لە لایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە و بە تایبەتی لە لایەن سەدام حوسێنەوە، بۆ نموونە کارەساتی ئەنفالەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و سیاسەتی تەعریب، بەڵام ئەوە ڕاست نییە بڵێین کوردەکان لە لایەن گەلی عەرەبی عێراقەوە چەوساونەتەوە. بە داخەوە هەندێك

لە کوردەکان کە ژمارەیان زۆر نییە پێیان وایە گەلی عەرەبی عێراق بەرپرسیارن لەو ستەم و چەوساندنەوەیە، بەپێچەوانەوە زۆرێك لە عەرەبەکانی عێراق هاوسۆزن لە گەڵ کوردەکان و پێیانوایە دووچاری ستەم و چەوساندنەوە هاتوون. با ڕاشکاو بین کە عەرەبەکانی عێراقیش زوڵم و ستەمیان لێکراوە. ئێستا جۆرێك لە بێمتمانەیی هەیە بەرامبەر بە حکومەتی عێراقی و عەرەبەکانی عێراق و دواتر هەڵمەتێك هەبوو لە لایەن هەندێ لە کوردەکانەوە کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ئێمە خوازیاری جیابوونەوەین، کە مەرج نییە ئەمە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، بە پێچەوانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕای دەگەیەنێت ئێمە جیابوونەوەمان ناوێت. لەبەر ئەوە کاتێك عەرەبەکان گوێیان لەم بانگەشەی جیابوونەوەیە دەبێت کە لە لایەن هەندێ لە کوردەکانەوە دەکرێت، نەك کاك مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی، ئەوانیش جۆرێك لە ترس و سڵکردنەوە دایان دەگرێت. دەبێت دان بەوەدابنێین کە ئەم مەسەلەیە بوونی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری بکەین. واتە ترس و نیگەرانییەکە هەم لە لای عەرەبەکان هەم لە لای کوردەکانەوە هەیە . بەو پێیە ئێمە دەبێت عێراقی عەرەبی و کوردی بەهێز بکەین. کۆبوونەوەی پەرلەمانتارانی عەرەب لە هەولێر دەبێتە هۆکارێك بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە کوردی و عەرەبییەکان لە ناو عێراقدا.

## زۆر شت هەیە کە دەبێت بەشەکانی دیکەی عێراق لە هەرێمی کوردستانەوە فێری ببن

***هەرێمی کوردستان ئارامترین بەشی عێراقە و ئەزموونێکی دیموکراسی هەیە، پێتوایە سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە دەبێتە نمونەیەك بۆ جێبەجێکردنی لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا؟**

- من پێم وایە تا ئێستا وەك پێویست پەیوەندی لە نێوان بەرپرسە کوردەکانی هەرێمی کوردستان و بەرپرسەکانی عێراقدا نییە، هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق وەك پێویست پەیوەندیان نییە و نەدوەی هاوبەشیان سازنەکردووە بۆ ئاڵوگۆڕی ئەزموون و بیروبۆچوونەکانیان، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو کۆبوونەوە و نەدوانە چڕبکەینەوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بیروڕا و ئەزموونەکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین. لەبەر ئەوەی زۆر شت هەیە کە بەشەکانی دیکەی عێراق لە هەرێمی کوردستانەوە فێری ببن، ئەگەر لە سەر ئاستی وەزارەتەکان بێت، لە سەر ئاستی پەرلەمانتارەکان بێت، یاخود لە سەر ئاستی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت. تەنانەت پەیوەندییەکانی زانکۆکانی کوردستان و عێراقیش وەك پێویست نین، لەبەر ئەوە من خۆزگە دەخوازم کە کار لەسەر ئەوە بکەین و هانی پتەوکردنی ئەو پەیوەندییانە بدەین.

## کێشەی پەکەکە تازە نییەو پێشتریش هیچ کاردانەوەیەکی عەرەبی لەسەر سنوور بەزاندنی عێراق نەبووە

***ماوەیەك پێش ئێستا تورکیا سەروەری عێراقی پێشێل کرد و هاتە هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام وڵاتانی عەرەبی هەڵوێستی بێدەنگیان نواند لە ئاست ئەو دەستێوەردانەی تورکیا، ئێستاش نوێنەرانی پەرلەمانەکانی عەرەب لە هەولێر کۆدەبنەوە، چ خوێندنەوەیەکت هەیە بۆ ئەم حاڵەتە؟**

- لە ڕاستیدا کێشەی پەکەکە تازە نییە و لە ساڵانی نەوەدەکانیشدا تورکیا دەستێوەردانی کرد و دواتر لە ئەوپەڕی باکووری کوردستاندا بوونی هەبوو و ئەو کاتەش هیچ کاردانەوەیەکی عەرەبی نەبوو. کێشەکە ئەوەیە کە ڕێکخراوێك هەیە کە من بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەزانم، هەرچەندە ئێوە بەو شێوەیە وەسفی ناکەن، بەڵام لە سەر ئاستی جیهان ئەم سیفەتە دراوەتە پاڵ ئەم ڕێکخراوە و ئێمە دەبێت قبوڵی بکەین. کێشەکە ئەوەیە کە دەبێت ئێمە هەڵبستین بە بەرەنگاربونەوەی تیرۆر لە ناو عێراقدا، دەبێت حکومەتەکانی عێراق، حکومەتی ناوەندی بێت یا حکومەتی کوردستان بەرەنگاری تیرۆر ببنەوە، ئێمە نابێت ڕێگە بدەین هێزێکی دەرەکی بێت و شەڕ لە گەڵ تیرۆردا بکات، دەبێت خۆمان ئەو کارە بکەین. ئێستا من ئەم پرسیارە لە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە بۆچی ئێمە ڕووبەڕووی ئەم ڕێکخراوە نایاساییە نابینەوە؟ بۆچی ئێمە خۆمان بەرەنگاری نابینەوە؟

## من هەمیشە ئەوە لە واشنتۆن دوویات دەکەمەوە کاک مەسعود و مام جەلال ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە پاراستنی یەکێتی عێراق

***ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت ؟**

-لە ڕاستیدا ئێمە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بە هەل و مەرجێکی زۆر سەختدا تێپەڕین و نەمانتوانی خەونەکانی خۆمان بهێنینەدی، تەنانەت کوردستانیش نەیتوانی زۆربەی خەونەکانی بهێنێتەدی لەبەر ئەوەی زۆربەیان پەیوەست بوون بە بەغدا و بارودۆخی سیاسی بەغدا و هتد. من پێموایە ئێستا ئێمە بە گۆڕانکاری ڕیشەییدا دەڕۆین و لەو باوەڕەدانیم کە بتوانین لە ماوەی شەورۆژێکدا ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجام بدەین، ئەوە پێویستی بە کات و بە کامڵبوون هەیە، ئێمە ئاسەواری سی و پێنج ساڵی سەدام حوسێنمان هەیە کە ئابووری و ژێرخان و ڕۆشنبیری وڵاتەکەی وێرانکرد، کە ماوەیەکی دەوێت تاوەکو بتوانین ببوژێننەوە و دەبێت ئارام بگرین و هەموومان کاربکەین. ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانەوە هەبێت من ڕێزێکی زۆرم بۆ کوردەکان و بۆ ئەو دەستکەوتانەش هەیە کە بەدەستیان هێناوە، لە هەمان کاتدا من داواکارم لە گەلی کورد و لە حکومەتی کوردی کە بەشێکی کارابن لە چوارچێوەی عێراقدا و هەمیشە نەڵێن ئێمە دابڕاوین لە واقیعی عێراقی. من هەمیشە ئەوە لە واشنتۆن دوویات دەکەمەوە کە سیاسەتمەدارە کوردەکان بە تایبەتی کاک مەسعود و مام جەلال ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە پاراستنی یەکێتی عێراق، لە هەموو موحازەرکانیشمدا دان بە ڕۆڵی گەورەی ئەواندا دەنێم لە پاراستنی یەکێتی عێراق لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، ئەگەر ئەو ڕۆڵەیان نەبینیایە ئەوا عێراق لە بارودۆخێکی زۆر خراپتردا دەبوو. سیاسەتمەدارە پێگەیشتوو و کامڵەکانی کورد ڕۆڵێکی زۆر ئیجابیان بینیوە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، لەبەر ئەوە من سڵاوم هەیە بۆیان و سڵاویشم هەیە بۆ گەلی کورد.

**جگە لەوەی داننانە بە بارودۆخ و سیستەمی سیاسی نوێی عێراق و باشترکردنی پەیوەندییەکانیانە لە گەڵ عێراقدا، بەڵکو بە شێوەیەکی زمنیش دان بە فیدراڵییەتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەنێن لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا**

**تەنانەت پەیوەندییەکانی زانکۆکانی کوردستان و عێراقیش وەک پێویست نین**

**ئێمە ئاسەواری سی و پێنج ساڵی سەدام حوسێنمان هەیە کە ئابووری و ژێرخان و ڕۆشنبیری وڵاتەکەی وێرانکرد**

**من هەمیشە ئەوە لە واشنتۆن دوویات دەکەمەوە کە سیاسەتمەدارە کوردەکان بە تایبەتی کاک مەسعود و مام جەلال ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە پاراستنی یەکێتی عێراق، لە هەموو موحازەرکانیشمدا دان بە ڕۆڵی گەورەی ئەواندا دەنێم لە پاراستنی یەکێتی عێراق لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، ئەگەر ئەو ڕۆڵەیان نەبینیایە ئەوا عێراق لە بارودۆخێکی زۆر خراپتردا دەبوو**

## پرۆفیسۆر داڤید فلیپ ئەندامی ئامۆژگای ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە «CFR» بۆ گوڵان:

# کۆنگرەی پەرلەمانتارانی عەرەب لە هەولێر، وەرچەرخانێکە بۆ فراوان بوونی پەیوەندییەکانی کوردستان بە جیهانی عەرەبەوە



■ پرۆفیسۆر داڤید فلیپس یەکێکە لەو تۆژەر و تایبەتمەندە ناسراوانەی جیهان کە لەسەر دۆسێی عێراق و کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوێکی دیارە و یەکێکە لەو ئەکادیمیانەش کە لەسەر ئاستی کێشەی عێراق و کورد بۆچوونەکانی لەسەر ئاستی جیهان بە هەند وەردەگیرێت.
پرۆفسیۆر داڤید بە دیراسە «دابەشکردنی دەسەڵاتەکان» بەشداری لە کۆنفرانسی دووەمی سەنتەری جیهانی بۆ ئاشتی و مەڵبەندی مستەفا بارزانی کردووە کە لە ساڵی ٢٠٠٢ لە کۆنفرانسی «کورد کلیلی سەقامگیری عێراقە» پێشکەش کرد.
هەروەها بەردەوامیش لەسەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردستان و عێراق و تورکیا لە رۆژنامەکانی ئەمەریکا و گۆڤاری بەناوبانگی فۆرن ئەڤێرز وتارەکانی بڵاودەکاتەوە، بۆ هەڵسەنگاندنی میوانداری هەولێر لە پەرلەمانتارانی عەرەب گوڵان ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ پرۆفیسۆر فلیپس ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی. ■

### کۆبونەوەی پەرلەمانەکانی عەرب لە هەولێر هەنگاویکە بۆ پەیوەندی زیاتری نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی عەرەب

*** ئارامی و سەقامگیری کوردستان بۆتە ڕەمزێك بۆ عێراقێکی ئارام، ئەم سەقامگیرییەش وای کردووە کوردستان ببێتە مەڵبەندێك بۆ کۆبوونەوە و جموجوڵە سیاسییەکان، بۆ نموونە ئەندام پەرلەمانەکانی ٢٢ وڵاتی عەرەبی کە لە هەولیری پایتەختی کوردستاندا کۆنفرانس ساز دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن کوردستانێکی ئارام و سەقامگیر خزمەتی سەروەری عێراق دەکات لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییدا؟**

- ئەزمونی دیموکراسی کوردستان بە مۆدێلێك بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی لە بەشەکانی دیکەی عێراق لێی دەڕوانرێت. ئەو ڕاستییەی کە پەرلەمانتارەکانی عەرەب لە کوردستاندا کۆدەبنەوە بەڵگەی ئەوەیە کە سەرکردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی گەلێکی بەهێزیان بە جیهانی عەرەبەوە هەیە. گرنگە پتر پەرە بەو پەیوەندییانە بدرێت و زیاتر سەروەری عێراق پتەو وبەهێز بکرێت. بە تایبەتی دوای ئەو لە ماوەی ڕابردووا بە هۆی دەستێوردانی سەربازی تورکیاوە سەروەری عێراق پێشێلکرا.

### ئەم کۆبوونەوەیە لە هەولێر دەرفەتێکە بۆ فراوانکردنی پەیوەندییە کەلتورییەکانی نێوان کوردستان و جیهانی عەرەبی

***سازدانی ئەم کۆنفرانسە دەبێتە خاڵ و قۆناغی ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندییەکانی کوردستان و جیهانی عەرەبیدا، تا چ ئاستێك ئەم روداوە دەبێتە هۆی پەرەپێدان و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و وڵاتە عەرەبییەکان؟**

ئەمە نەك هەر زەمینە دەڕەخسێنێت بۆ پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان، بەڵکو دەبێتە دەرفەتێکیش بۆ فراوانکردنی پەیوەندییە کەلتوورییەکانی نێوان کوردستان و جیهانی عەرەبی.

***تاوەکو ئەم ساتەوەختە ڕای گشتی عەرەبی هەمیشە کوردەکان بەوە تاوانبار دەکات کە هەوڵی جیابوونەوە دەدەن لە عێراق، بەڵام ڕۆژی ١١ی ئازار ڕۆژی برایەتی کورد و عەرەبەکانە لە مێژووی کورد و عەرەبەکاندا، بەڵام ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە پەرلەمانتارە عەرەبەکان دەکات، ئایا لە دوای ئەم کۆنفرانسەوە هیچ گۆڕانێك لە هەڵوێست و تێڕوانینی ڕای گشتی عەرەبیدا دەبینین؟**

- کوردەکان ڕۆڵێکی گرنگ و هەستیاریان بینی لە ڕزگارکردنی عێراق و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقدا. پێویستە سەرکردە کوردەکان درێژە بە هاوکاریکردن بدەن و هەوڵ و کۆششەکانی خۆیان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕوون بکەنەوە بۆ ئەوەی نیازەکانیان بە هەڵە لێکنەدرێتەوە.

### بەلەبەرچاوگرتنی پابەندبوونی کورد بە دابینکردن و پاراستنی مافی هاوڵاتییان و کەمینەکان ئەوا دەکرێت لە زۆر ڕووەوە کوردستان بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە قەڵەم بدەین

***ئەگەر پشتگیری ئەزموونی دیموکراسی کوردستان بکرێت، ئەوا دەبێتە نمونەیەکی سەرکەوتوو بۆ پیادەکردنی دیموکراسی لە**

**جیهانی ئیسلامیدا، بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ئاستێک سەرکەوتنی ئەم پڕۆسەیە ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر چەسپاندنی حکومڕانێتی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- ئەوە دەبێتە سەرکەوتنێکی گەورە و بە گەرمی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە پێشوازی لێدەکرێت. بەلەبەرچاوگرتنی پابەندبوونی کوردەکان بە دابینکردن و پاراستنی مافی هاوڵاتیان و کەمینەکان بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ئەوا دەکرێت لە زۆر ڕووەوە کوردستان بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە قەڵەم بدەین کە دەکرێت لە بەشەکانی دیکەی عێراق و وڵاتە عەرەبییەکانی دیکەوە لاسایی بکرێتەوە.

**تورکیا دەبێت ستراتیجییەتێکی فراوانتر بگرێتەبەر**
**بۆ چەکداماڵین و هەڵوەشاندنەوە و**
**دووبارە ئاوێتەکردنەوەی پەکەکە**

***هەموو دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق عەرەب نین، بەڵام هەموویان ئیسلامن و بەشداری کۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامی دەکەن بەتایبەتیش تورکیاو ئێران، بەڵام وەک دەبینین ئێران ڕێگاچارەیەکی دیبلۆماسی گرتۆتەبەر لە کاتێکدا تورکیا پەنا بۆ ڕێگاچارەی سەربازی دەبات، بە پێی لێکدانەوە و تێڕوانینی ئێوە چۆن دەکرێت هەڕەشەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان کەم بکرێتەوە؟**

- تورکیا چەند نیگەرانییەکی ڕەوای هەیە لە ئاست تیرۆریزمی پەکەکەدا، کوردستان دەتوانێت هاوکار و یارمەتیدەر بێت لە ڕێی دەستگیرکردنی ئەندامانی پەکەکە و ڕێگەگرتن لە گەیشتنی کۆمەک و یارمەتییە دارایییەکان بۆیان و داخستنی ئەو گرووپ و لایەنانەی کە هاوسۆزن لە گەڵ پەکەکە و پشتگیری توندوتیژی دەکەن، لە گەڵ بەهێزکردنی خاڵەکانی پشکنین لە دەوروبەری چیای قەندیلدا. من پێموایە بەرپرسیارێتی کۆتایی بۆ لەناوبردنی توندوتیژی دەکەوێتە ئەستۆی تورکیا، تاکە ڕێگەی وشککردنی سەرچاوە و هۆکارەکانی پاڵپشتی لە ناو کوردەکانی تورکیادا بۆ پەکەکە درێژەدانە بە پڕۆسەی دیموکراسی و پەرەپێدان لە لایەن تورکیاوە. هەروەها تورکیا دەبێت ستراتیجیەتێکی فراوانتر بگرێتەبەر بۆ چەکداماڵین و هەڵوەشاندنەوە و دووبارە ئاوێتەکردنەوەی پەکەکە.

**کوردستان دە ساڵ زووتر دەستی بە دامەزراندن و**
**بونیاتنانی دامودەزگاکان و کۆمەڵگەی مەدەنی کردووە**
**بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا**

***بە هۆی بەشداریکردنی کوردەکانەوە لە پڕۆسەی سیاسی عێراق و وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری و وەزارەتی دەرەوە، ئەوا کوردەکان کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لە سەر پڕۆسەی ئاشتەواییکردن لە ناوخۆیی وڵاتەکەدا، هەروەها لە سەر ئاستی دەرەوە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە گەڕاندنەوەی عێراق بۆ ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، چۆن ئەم ڕۆڵەی کوردەکان هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بە هۆی دابینکردنی ناوچەی دژە فڕینەوە کوردستان دە ساڵ زووتر دەستی بە دامەزراندن و بونیاتنانی دامودەزگاکان و کۆمەڵگەی مەدەنی کرد و پتر ئەو پڕۆسەیەی قوڵکردەوە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق، لەبەر ئەوە کاریگەری کوردەکان کاریگەرییەکی ئیجابی بووە و پێویستە بەردەوام بێت.

**کێشەی عێراق**
**هەمیشە زۆری دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بووە**

***تا ڕێگەی پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق پیادەکردنی سیستمی فیدراڵی و دابەشکردنی دەسەڵاتە لە نێوان کورد و عەرەب و شیعەکاندا، بیروبۆچوونی ئێوە چییە دەربارەی فیدراڵیزم؟**

- هەمیشە کێشەی عێراق ئەوە بووە کە دەسەڵاتێکی زۆر لە دەستی حکومەتی مەرکەزیدا کۆبۆتەوە، لەبەر ئەوە گرنگە بە هۆی چەسپاندنی سیستمی فیدراڵییەوە ئەو دەسەڵاتە بکرێتە دەسەڵاتێکی نامەرکەزی و بەو شێوە دابەشکردنی دەسەڵاتەوە پابەندبن کە لە دەستووری عێراقدا هاتووە.

**تورکیا و کوردستان پێویستیان بە یەکتر هەیە و**
**دەتوانن ببنە باشترین دۆستی یەکتر**
**بەڵام دەبێت ئەنقەرە دان بەحکومەتی هەرێمی کوردستان بنێت**
**و بە ڕێز و تەقدیرەوە مامەڵەی لە گەڵدا بکات**

***چۆن ڕۆڵی سەرکردایەتی کوردستان هەڵدەسەنگێنیت لە مامەڵەکردنیان لە گەڵ سنووربەزاندنەکەی تورکیادا؟**

- گفتوگۆ و دانوستاندنی ڕاستەوخۆ لە حکومەتی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کارێکی زۆر گرنگە و دەبوو زۆر پێش ئێستا نێچیرڤان بارزانی لە گەڵ هاوشانە تورکییەکەیدا کۆببایەوە و پێکەوە گفتوگۆیان بکردایە. لە کۆتاییدا تورکیا و کوردستان پێویستیان بە یەکتر هەیە و دەتوانن ببنە باشترین دۆستی یەکتر. بەڵام دەبێت ئەنقەرە دان بەو ڕۆڵە ئیجابییەدا بنێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیبینێت و بە ڕێز و تەقدیرەوە مامەڵەی لە گەڵدا بکات.

***چۆن سەردانەکەی بەڕێز تاڵەبانی بۆ ئەنقەرە هەڵدەسەنگێنیت؟ پێتوایە ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ بانگهێشت کردنی بەڕێزان مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەوەی سەردانی تورکیا بکەن و پەیوەندییەکانیان لە گەڵ ئەو وڵاتەدا ئاسایی بکەنەوە؟**

- سەردانەکەی سەرۆک تاڵەبانی هەنگاوێکی زۆر باشە. بوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ئەنجامدانی گفتوگۆ لە ئاستی باڵادا لە نێوان ئەنقەرە و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گرنگییەکی زۆری هەیە.

**دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**پلانی بۆ هەموو ئەگەرەکان هەبێت**

***ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت؟ چ ڕاسپاردەیەکت هەیە بۆ کوردەکان؟**

- هەمیشە ڕاسپاردەی من بۆ کوردەکان ئەوەبووە کە درێژە بە پیادەکردنی دیموکراسی و پەرەپێدانی فرەیی بدەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بە خۆشگوزەرانی لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا بژین. گەر عێراق لێکترازا ئەو ناکرێت گلەیی و ئۆباڵەکە بخرێتە ئەستۆی کوردەکان، بەلەبەرچاوگرتنی ئاستی ئەو توندوتیژییەی لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا هەیە، ئەوا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی بۆ هەموو ئەگەرەکان هەبێت. ئەوەی پەیوەندی بە ئایندەی عێراقەوە هەبێت من پێموایە عێراق ناتوانێت لە پێنج ساڵی داهاتوودا بەم سنوورانەی ئێستاوە بوونی هەبێت و بەردەوام بێت.

●●●

**کوردستان دە ساڵ زووتر دەستی بە دامەزراندن و بونیاتنانی دامودەزگاکان و کۆمەڵگەی مەدەنی کرد و پتر ئەو پڕۆسەیەی قوڵکردەوە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق**

●●●

●●●

**لە کۆتاییدا تورکیا و کوردستان پێویستیان بە یەکتر هەیە و دەتوانن ببنە باشترین دۆستی یەکتر. بەڵام دەبێت ئەنقەرە دان بەو ڕۆڵە ئیجابییەدا بنێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیبینێت و بە ڕێز و تەقدیرەوە مامەڵەی لە گەڵدا بکات**

●●●

●●●

**گەر عێراق لێکترازا ئەوا ناکرێت گلەیی و ئۆباڵەکە بخرێتە ئەستۆی کوردەکان، بەلەبەرچاوگرتنی ئاستی ئەو توندوتیژییەی لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا هەیە، ئەوا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی بۆ هەموو ئەگەرەکان هەبێت. ئەوەی پەیوەندی بە ئایندەی عێراقەوە هەبێت من پێموایە عێراق ناتوانێت لە پێنج ساڵی داهاتوودا بەم سنوورانەی ئێستاوە بوونی هەبێت و بەردەوام بێت**

●●●

لە ژمارەی رابردووی گوڵان ئاماژەمان بەوەکردبوو کە نووسینگەی بەرێز خافێر سۆلانا رێکخەری باڵای سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا ئاگاداریان کردوینەوە کە بە فەرمی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەدەنەوە.
بە سوپاسەوە رۆژی ٢٠٠٨/٣/١١، خاتوو کریستینا گالاچ وتەبێژی فەرمی خافێر سۆلانا، وەڵامی فەرمی بەرێز سۆلانای بۆ پرسیارەکانمان ناردەوە، ئەم دیمانەیە دیمانەیەکی فەرمی گوڵانە لەگەڵ رێکخەری باڵای سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا، نووسینگەی بەرێز سۆلانا داوایان لێکردین رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم دیمانەیان پێ بڵێین و کۆپییەکی دیمانەکەیان بۆ بنێرین بۆ ئەوەی لە سایتی یەکێتی ئەوروپا بڵاوی بکەنەوە.
جێگەی ئاماژە پێکردنە بەرێز سۆلانا لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەمە دووەمین جارە دیمانەی تایبەت لەگەڵ میدیاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامدەدات، پێش گوڵان، گۆڤاری ئەهرام ویکلی کە یەکێکە لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی میسر دیمانەی فەرمی لەگەڵ سۆلانا ئەنجامداوە و لە ٢٠٠٨/٢/٦ بڵاویکردۆتەوە و ئەمەش دووەمین دیمانەیەتی کە رۆژی ٢٠٠٨/٣/١٧ لە سەر لاپەڕەکانی گوڵان بڵاو دەبێتەوە.
ئێمە لە گۆڤاری گوڵان سوپاسی یەکە یەکەی نووسینگەی سۆلانا و بەرێز خاتوو کریستینا گالاچ دەکەین کە ئاسانکاری زۆریان بۆکردین، لە هەمانکاتدا ئەوەش بە خوێنەری خۆمان رادەگەیەنین کە وەڵامدانەوەی بەرێز سۆلانا بۆ پرسیارەکانی گوڵان، ئاماژەیە بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان و میدیاکانی لە ناو یەکێتی ئەوروپادا، ئەمەش دەقی دیمانەکەی خافێر سۆلانایە لەگەڵ گوڵاندا.

**خافێر سۆلانا**
**رێکخەری باڵای سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا بۆ گوڵان**

# یەکێتی ئەوروپا، یەکێتی یاسا و بەها هاوبەشەکانە پشتگیری رێگە چارەی ئاشتیانە دەکات و نیگەرانە لە رێگە چارەی سەربازی



**هەر لە سەرەتاوە نیگەرانی خۆم لە بارەی ئەو ئۆپەراسیۆنەی سوپای تورکی بۆ سەر خاکی عێراق دەربڕی**

**گوڵان: بەم دواییە، تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی دژی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجامدا، لە ماوەی هەشت ڕۆژدا زیانێکی زۆری بە ژێرخان و دانیشتوانی مەدەنی هەرێمەکە گەیاند، هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا لە ئاست ئەم ئۆپەراسیۆنەدا چیە؟**

خافێرسۆلانا: سەرەتا دەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە کە ئەم ئۆپەراسیۆنە لە رۆژی ٢٩ی شوباتدا بە کشانەوەی هێزەکانی تورکیا کۆتایی پێهات. ئەمە بەرەوپێشچوونێکی زۆر ئیجابییە. من هەر لە سەرەتاوە نیگەرانی خۆم لە بارەی ئەو ئۆپەراسیۆنەی سوپای تورکیا بۆ سەر خاکی عێراق دەربڕی.سەردانەکەی سەرۆکی عێراق بۆ تورکیا جێی ئومێد و خۆشحاڵی ئێمە بوو.

**لە هەمانکاتدا ئەوەمان روون کردەوە کە دەبێت تورکیا ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و یاسای نێودەوڵەتی بگرێت و ئاشتی و سەقامگیری ناوچەیی بپارێزێت**

**گوڵان: هێزەکانی تورکیا لە خاکی عێراق پاشەکشەیان کردووە، ئایا چ گەرەنتییەك هەیە کە ئەم هێرشانە لە دژی هەرێمی کوردستانی عێراق دووبارە نەبنەوە؟ ئەگەر هێرشەکان دووبارە ببنەوە، ئایا هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا چی دەبێت؟**

خافێرسۆلانا: هەموو کردەوە تیرۆریستییەکان کردەوەی تاوانکارین و هەلومەرجەکە هەرچییەك بێت ناتوانرێت پاساویان بۆ بهێنرێتەوە. پەکەکە لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی یەکێتی ئەوروپادایە. یەکێتی ئەوروپا زۆر راشکاو بووە لەم رووەوە. پێویستە حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنی گونجاو بگرنە بەر بۆ ڕێزگرتن لە سنوورەکانی تورکیا. لە راگەیەندراوی کۆتایی ئەنجوومەنی یەکێتی ئەوروپادا لە رۆژی ١٠ مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧، ئەم ئەنجوومەنە سەرکۆنەی توندوتیژی و هەموو هێرشە تیرۆریستییەکانی کرد بۆ سەر خاکی تورکیا و هاوکاری خۆی بۆ خەڵکی تورکیا دەربڕی، بە هەمان شێوە پاڵپشتی خۆی بۆ هەموو هەوڵەکانی تورکیا دەربڕی لە پێناو پاراستنی خەڵکەکەی و شەڕکردن لە دژی تیرۆریزم. لە هەمان کاتدا ئەوەمان روون کردەوە کە دەبێت تورکیا لە کاتێکدا ئەو کارە دەکات دەبێت ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ، ئازادییە بنەڕەتییەکان و یاسای نێودەوڵەتی

## سۆلانا لە چەند دێڕێکدا

خافێر سۆلانا (javier Solana) ڕێکخەری باڵای سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا و هەروەها سکرتێری گشتی ئەنجوومەنی یەکێتی ئەوروپا (EU) و یەکێتی ئەوروپای رۆژئاواشە (weu) لە نۆڤەمبەری سالی ١٩٩٩شدا بۆتە سکرتێری گشتی ١٠ ئەندامی هەمیشەیی ئەوروپای رۆژهەڵات لە یەکێتی ئەوروپادا.

سۆلانا پێش ئەوەی ببێتە وەزیرێکی سیاسی، پسپۆری فیزیا بووە، بەڵام دواتر بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لە ژێر حوکمڕانی فلیپ گونزالز لە حکومەتی ئیسپانیا وەزیربووە، دوای ئەم پۆستە لە ساڵانی ١٩٩٥-١٩٩٩ پۆستی سکرتێری گشتی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (NATO)ی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٩٩ شەوە، وەك ڕێکخەری باڵای سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی ئەوروپا کاردەکات.

لە ساڵی ٢٠٠٤ لەوکاتە جارێکی دیکە بۆ ماوەی ٥ ساڵی دیکە وەك سکرتێری گشتی ئەنجوومەنی (EU) و ڕێکخەری سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی ئەوروپا هەڵبژێردراوە، لە بواری تایبەتمەندی زانستیشدا، سۆلانا ناونیشانی پرۆفیسۆری لە زانستی فیزیکدا هەیە.

لە بواری سیاسیشدا، سۆلانا هەر لە سەرەتای لاوییەوە کاری لە سیاسەتدا کردووە و لە ساڵی ١٩٦٤وە، چۆتە ریزی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا و لە ساڵی ١٩٧٧ یشەوە بۆتە ئەندامی پەرلەمانی ئیسپانیا.

سۆلانا لە حکومەتی ئیسپانیا ئەم پۆستە وەزاریانەی بەڕێوەبردووە:

- لە ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٨ وەزیری رۆشنبیری بووە
- لە ساڵی ١٩٨٨-١٩٩٢ وەزیری زانست و فێرکردن بوو
- لە ساڵی ١٩٩٢-١٩٩٥ وەزیری کاروباری دەرەوەبوو
- لە ساڵی ١٩٩٥-١٩٩٩ سکرتێری گشتی ناتۆ بوو
- لە ساڵی ١٩٩٥ تا ئێستا ڕێکخەری سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی یەکێتی ئەوروپایە.





بگرێت و ئاشتی و سەقامگیری ناوچەیی بپارێزێت. یەکێتی ئەوروپا بەردەوام دەبێت لەسەر چاودێریکردنی وردی بارودۆخەکە و پشتگیرییەکی بەهێزی دۆزینەوەی چارەسەرێك دەکات لە نێوان تورکیا و عێراقدا لە رێی دانوستاندن و هاوکاریکردنەوە.

**لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە**
**یەکێتی ئەوروپا زیاتر لە ٨٠٠ ملیۆن یۆرۆی بۆ عێراق تەرخانکردوە**

**گوڵان: هەرێمی کوردستان ئارامترین بەشی عێراقە، یەکێتی ئەوروپا هەوڵدەدات عێراق بەرەو ئازادی ببات. ئایا تا چ ئاستێك یەکێتی ئەوروپا ئامادەیە پشتگیری بارودۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق بکات؟**

خافێر سۆلانا: یەکێتی ئەوروپا ئەوپەڕی توانای خۆی دەخاتەگەڕ بۆ پشتگیریکردنی تێکڕای عێراق. لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە زیاتر لە ٨٠٠ ملیۆن یۆرۆی بۆ عێراق تەرخان کردووە. بڕێکی گەورەی ئەو پارەیە بۆ بواری ئاوەدانکردنەوە خراوەتەگەڕ لە نێویاندا یارمەتیدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراقدا. لە ساڵی ٢٠٠٥دا یەکێتی ئەوروپا ئەرکی پەرەپێدانی رۆڵی یاسایی گرتەئەستۆ. لە رێی ئەنجامدانی ئەم ئەرکەوە یەکێتی ئەوروپا بەردەوامە لەسەر پێشکەشکردنی مەشقی پیشەیی بۆ بەرپرسە باڵاکانی عێراق لە بواری سیستمی دادوەری تاوانکاریدا (کارمەندانی پۆلیس، دادگا و زیندانەکان).

**یەکێتی ئەوروپا داوای لە دەسەڵاتە تورکییەکان کردووە کە دان بە خۆیاندا بگرن و رێز لە یەکپارچەیی خاکی عێراق بگرن و خۆیان لە هەر کردەوەیەکی سەربازی بە دوور بگرن**

**گوڵان : گرژی و کێشەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەهۆی ئامرازی سەربازییەوە چارەسەر ناکرێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێت ئەنقەرە دەست بە دانوستاندن و گفتوگۆ بکات لە گەڵ سەرکردە کوردەکاندا. ئێوە وەکو یەکێتی ئەوروپا تا چ ئاستێك پشتگیری لە رێگاچارەی ئاشتییانە دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە؟**

خافێر سۆلانا: یەکێتی ئەوروپا کە یەکێتی یاسا و بەها هاوبەشەکانە پشتگیری رێگاچارەی ئاشتییانە دەکات بۆ هەر ناکۆکییەك یاخود هەر کێشەیەك و بە بەردەوامی و بەشێوەیەکی سیستماتیکی داوای لە تورکیا و عێراق کردووە کە پەرە بە هاوکاریکردن و گفتوگۆکانیان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکە چارەسەر بکەن. لەم چوارچێوەیەدا، یەکێتی ئەوروپا داوای لە دەسەڵاتە تورکیەکان کردووە کە دان بە خۆیاندا بگرن و رێز لە یەکپارچەیی خاکی عێراق بگرن و خۆیان لە هەر کردەوەیەکی سەربازی بە دوور بگرن کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە ئاشتی و سەقامگیری ناوچەیی. لە هەمانکاتدا، داوای لە حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە رێز لە سنووری تورکیا بگرن و گەرەنتی ئەوە بکەن کە خاکی عێراق بەکارنەهێنرێت بۆ هەر کردەوەیەکی توندوتیژانە دژ بە تورکیا.

●●●

**ئەوەمان روون کردووە کە دەبێت تورکیا لە کاتێکدا ئەو کارە دەکات دەبێت رێز لە مافەکانی مرۆڤ، ئازادییە بنەڕەتییەکان و یاسای نێودەوڵەتی بگرێت و ئاشتی و سەقامگیری ناوچەیی بپارێزێت**

●●●

**یەکێتی ئەورووپا بەردەوام دەبێت لەسەر چاودێریکردنی وردی بارودۆخەکە و پشتگیرییەکی بەهێزی دۆزینەوەی چارەسەرێک دەکات لە نێوان تورکیا و عێراقدا لە رێی دانوستاندن و هاوکاریکردنەوە**

## دەبێت تورکیا بە پێی رێککەوتنی ئەورووپا رێز لە فرەیی کەلتووریی بگرێت

**گوڵان: کێشــەی کورد لە تورکیادا بە تەنهــا بریتی نییە لە کێشــەی پەکەکە، کورد و پەکەکە دوو کێشەی جیاوازن، بەڵام تورکیا هەوڵدەدات ئەو دوو کێشەیە پێکەوە پەیوەست بکات. ئێوە لە یەکێتی ئەورووپا، تا چ ئاســتێك پشــتگیری لــە مافەکانی کورد و دانیشتوانی کوردی تورکیا دەکەن؟**

خافێــر ســۆلانا: ئەوەی پەیوەنــدی بە مافــی کەمینەکان، مافە کەلتوورییەکان و پاراســتنی کەمینەکانەوە هەیە، دەبێت تورکیــا بەپێی رێککەوتنی ئەورووپی مافەکانی مرۆڤ و ئەو بنامایەنەی لە ئەنجوومەنی ئەورووپی بۆ پاراســتنی کەمینە نەتەوەییەکان و پەیڕەوکردنیــان لە لایەن دەوڵەتە ئەندامەکانەوە دەدەچێت رێز لە فرەیی کەلتووری بگرێت و پەرە بە رێزگرتنی و پاراســتنی کەمینەکان بــدات. لە کاتێکدا لەم ســاڵانەی دواییــدا چەند هەنگاوێك بەو ئاراســتەیەدا هەڵگیراون، ئەوا پێویستە بەرەپێشــچوونی بەرچاوتر و چڕوپڕتر ئەنجام بدرێت، بە تایبەتی لــە بواری خوێندن و پەخشــکردن بە زمانەکانی دیکە لە تورکیادا. ئەوەی پەیوەندی بە رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتەوە هەبێــت، ئەوا دەبێت بەرەوپێشــچوونی خێراتر و جێبەجێکردنی ســتراتیجییەتێکی گشــتگیرتر بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی بەرەوپێشــچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری لــەو ناوچەیەدا بهێنرێتەدی، بەو پێیــە دەرفەتە کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بۆ هەمــوو هاووڵاتیانی تورکیا بەهێــز بکرێن، لــە نێویاندا ئەوانەی لە ناوچــە کوردییەکاندا نیشتەجێن. ئەم مەســەلانە لە گفتوگۆ و دیاریکردنی کارە لە پێشینە مەودا کورتەکاندا لە پێناو ئەندامێتیدا خراونەتەڕوو. بە شێوەیەکی سیستماتیکی لە لایەن یەکێتی ئەورووپاوە لە هەموو ئاســتەکاندا وەك بەشێك لە پرۆســەی چاکسازی لە تورکیادا خراونەتــەوە روو. بەرەوپێشــچوونەکانی ئــەم ناوچەیە لە ژێر چاودێریی ورددایە.

## بازرگانی نێوان تورکیا وهەرێمی کوردستان و عێراق بۆ هەرسێ لا گرنگە و سوودی لێوەردەگرن

**گوڵان: پێشــنیارەکانت چییە بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشــتییانە و لە رێی گفتوگۆوە ئەم کێشەیە لەگەڵ تورکیادا چارەسەر بکەین؟**

خافێرسۆلانا: تورکیا دراوســێیەکی نزیکی عێراقە. بازرگانی نێــوان تورکیا و عێراق بە شــێوەیەکی بــاش بەڕێوە دەچێت و زۆرێك لە کۆمپانیا تورکییەکان لە عێراقدا کاردەکەن بە تایبەتی لە هەرێمی کوردســتاندا. ئەوەی روونە، هەرێمی کوردســتان، عێراق و تورکیــا هەمویان کەڵك لەم پەیوەندییە ســوودمەندە وەردەگرن. دانوستاندن و هاوکاریکردنی بەردەوامی نێوان تورکیا و عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم هۆکارێکی گرنگە بۆ چارەســەرکردنی ئەم کێشەیە. دەبێت کرانەوەی تورکیا و عێراق بــە رووی پەیوندیکردنی لە هەموو ئاســتەکاندا پتر درێژەی پێبدرێت. سیاسەتێکی روون لە ئاست تیرۆریزم و هەموو کردەوە توندوتیژەکانــدا، هەروەها گرتنەبەری ئەو رێوشــوێنانەی کە گەرەنتی ئەوە دەکەن خاکی عێــراق بۆ کردەوە توندوتیژەکانی لە دژی تورکیــا بەکارنەهێنرێت دەبنە هۆی خولْقاندنی کەش و هەوایەکی لەبارتر بۆ دۆزینەوەی چارەســەرێکی هاوبەش بۆ ئەم کێشەیە.





# دیدی دەستەبژێری تورک
# بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێرو ئەنکەرا

گوڵان هەموو کات هەوڵیداوە مینبەرێك بێت بۆ دیالۆگ و هەوڵدان بۆ لێکتێگەیشتن، هەروەها لەو راستییەش ئاگادارین کە رۆشنبیرو دەستەبژێری تورك هەندێك لە راستییەکان دەبینن و حەزدەکەن پەیوەندییەکی دۆستانەو ئابووری و بازرگانی لە نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستاندا هەبێت، بەڵام ئەو دەستەبژێرە رووناکبیرو ئەکادیمی و پسپۆرەش، هێشتا بەو ئاستەی بەلای تورکدا دەیشکێننەوە، نەیانتوانیوە بەدیدێکی هاوسەنگ هاوکێشەکان بخوێننەوە.

ئێمە لە گوڵان و لەو بەدواداچوونانەی لەسەر پەیوەندی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان ئەنجامیدەدەین، هەوڵمانداوە زۆرترین دەستەبژێری رووناکبیرو رۆژنامەنووس و ئەکادیمی تورك نەژاد هاوبەشیمان بکەن، هەوڵمانداوە راستەوخۆ دیالۆگیان لەگەڵدا دابمەزرێنین و بۆچوونی خۆمانیان پێ بڵێین، هەروەها حەزمانکردووە راستەوخۆش پێیان رابگەیەنین کە چۆن کردەوە سەربازییەکان و لێدوانی ژەنراڵەکانی سوپا شەقامی سیاسی ئێمە تورە دەکەن و گوشار دەخەنەسەر سەرکردایەتییەکانمان، لەبەرامبەردا ئەوەشمان لێ قبوڵ کردوون ئەوانیش نیگەرانی خۆیان بە ئێمە بڵێن و دیوەکەی دیکەی کێشەکەمان بۆ ئاشکرا بکەن.

بۆ بەدواداچوونی ئەم هەفتەیەمان هەوڵماندا سێ کەسایەتی تورك نەژاد بەشداریمان بکەن، کە دەربڕی سێ تووێژی جیاوازی کۆمەڵگەی تورك بەرجەستە بکەن، هەربۆیە زۆر بە راشکاوی لەگەڵیاندا ئاخاوتین و زۆر بە ئازادیش رایەکانیان وەك خۆی بڵاودەکەینەوە:

ئێمە وە گوڵان پێمانوایە شەڕ لە بەرژەوەندی تورکیاو هەرێمی کوردستاندا نییە، هەروەها دراوسێیەتی تورکیا وەکو هەرێمی کوردستانیش واقیعێکی جوگرافییەو دەبێت خۆ گونجاندنێك لەسەر بنەمای رێزو بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان هەردوولا بێتە ئاراوە، ئەم ئامانجە گەورەیەش لە هەنگاوی بچووکەوە دەست پێدەکات، هەربۆیە ئەم بەدواداچوونە لەگەڵ ئەوەی لە شێوەی دیمانەی رۆژنامەوانیدایە، بەڵام لە بنەڕەتدا ورووژاندنی کۆمەڵێك مەسەلەیە بۆ ئەوەی جۆرێك لێکتێگەیشتن دروست بێت لانی کەم لە نێوان رۆشنبیری دەستەبژێری هەردوولا.

لەم راپۆرتەدا کە ناونیشانەکەی"دیدی دەستەبژێری تورکە کە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستانە" ئێمە دەزانین هەندێك بۆچوون ئازاری خوێنەرانمان دەدات، بەڵام دەبێت ئەو دیوارە بڕوخێنین و هەوڵبدەین زمانێکی هاوبەش بۆ لێکتێگەیشتن بدۆزینەوە.

ئەمەش دەقی قسەکانی"محەمەد عەلی بیراندو فادی هاکورەو حوسێن باغچی یە" کە بەتایبەتی بۆ گوڵان قسەیان کردووە.



■ ڕۆژنامەنووس مەحەمەد عەلی بیراند لە ناو میدیای کوردستاندا لەوە ناسراوترە کە ئێمە بە خوێنەرانی بناسێنین، ئەمەش لەبەرئەوەی ڕۆژانە میدیاکانی کوردستان وتارەکانی وەردەگێرنە سەر زمانی کوردی و بڵاویدەکەنەوە، ئێمە پێشتریش ئەمەمان بە خوێنەری گوڵان ڕاگەیاندبوو کە نووسینەکانی بیراند بۆ گەلی تورکە نەك کورد، هەر بۆیە لەم قۆناغەدا بە پێویستمان زانی بۆ دووەم جار تایبەت بەگوڵان بیراند بهێنینە ئاخاوتن بۆ ئەوەی بزانین، ئایا بیراند بەهەمان زمانیش لەگەڵ کورد دەدوێت، ئەمەش دەقی هەڤپەیڤنیکانی بیراندە.■

**مەحەمەد عەلی بیراند ڕۆژنامەنووسی بە ناوبانگی تورکیا بۆ گوڵان:**

# دەبێت لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە بۆ دەستپێکردنی داونوستاندن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان

**ئەگەر خوازیاری ئەوەن هاوکاریکردنی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکەن ئەوا دەبێت ئەو پەیامە بە پەکەکە بگەیەنن دەست لە ڕێگاچارەی سەربازی هەڵبگرن**

*** لە ماوەی سێ ساڵی نوسینەکانتدا، کە ئێمە زۆرباش ئاگاداری هەڵوێستی بەرێزتانین ئێوە هەوڵتان داوە کە جیاوازی بکەن لە نێوان کێشەی پەکەکە و کێشەی کورد لە تورکیادا، پەیامی تۆ بۆ کورد چیە و دەتەوێت بە چ شێوەیەك بیان دوێنیت؟**

- گرنگترین شت بۆ ڕای گشتی ئەوەیە، کە پێمان دەڵێن کێشەی پەکەکە دەرئەنجامی بوونی کەم و کورتییە لە تورکیادا، ڕەنگە ئەمە لە ماوەی دە بۆ پانزە ساڵی ڕابردودا ڕاست بووبێت، بەڵام چیتر ئەم لێکدانەوە بۆ ئێستا ڕاست و دروست نیە. لە ڕۆژگاری ئێستادا کوردەکان هەموو هۆکارێکیان لەبەردەستدایە بۆ پەرەپێدان و گفتوگۆکردنی تێڕوانینەکانیان، هەروەها ئێستا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی هەیە لە تورکیادا کە پشتگیری لە کێشەی کوردەکان دەکات، لەبەر ئەوە چیتر پێویستمان بە تیرۆریزمی پەکەکە نیە. تاوەکو پەکەکە خەڵکی زیاتر بکوژێت ئەوا پتر ڕای گشتی تورکیا هەڵوێستێکی سەختتر وەردەگرێت و پرۆسەی دیموکراسی بەرەو دواوە دەچێت و لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسوڕێنەوە. من پێشنیاری

ئەوە دەکەم کە ئەگەر سەرۆك بارزانی خوازیاری هاوکاریکردنی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە ئەوا دەبێت ئەو پەیامە بە پەکەکە بگەیەنێت کە دەبێت دەست لە ڕێگاچارەی سەربازی هەڵبگرن، نەك هەر یارمەتی پەکەکە نەدات بەڵکو بە پێچەوانەوە دەرفەتی جموجوڵی پەکەکەش بەرتەسك بکاتەوە، لەبەر ئەوە تکایە بە پەکەکە رابگەیەنن کە دەست لە کوشتن هەڵبگرن.

## دەبێت لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە بۆ دەستپێکردنی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کورستان

*** بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی زەمینی ئەنجامدا، ئێوە یەکێك بوون لەو کەسانەی دژی بەکارهێنانی هێزی سەربازی بوون، چۆن دەتوانین پشتگیری هەوڵ و کۆششەکانی ئێوە بکەین لە کوردستانی عێراقدا بۆ ئەوەی کێشەی نێوان تورکیا و ئیدارەی کوردستانی عێراق چارەسەر بکەین لە ڕێی دانوستاندن و گفتوگۆوە؟**

- ناتوانرێت کێشەی کورد (نەك کێشەی پەکەکە) بە هۆی بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە چارەسەر بکرێت، بەڵام دەبێت تورکیا کاردانەوەی هەبێت کاتێك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەك پەکەکە بەردەوام دەبێت لەسەر کوشتن و تێکدانی ژیانی خەڵکی تورکیا ئەو ئۆپەراسیۆنە ئەنجامدرا، بەڵام دەبێت لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە بۆ دەستپێکردنی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا، دەبێت شێوازێکی نوێ بگرینەبەر لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا، لەبەر ئەوەی من باوەڕم وایە بە بێ حکومەتی هەرێم کێشەی پەکەکە چارەسەر ناکرێت و تیرۆریزمی پەکەکە ئیحتیوا ناکرێت. لەبەرئەوە من یەکێکم لەوانەی کە پێم وایە دەبێت ئەم کەناڵی پەیوەندیکردننە بکرێتەوە. سەردانەکەی سەرۆك تاڵەبانی هەنگاوی یەکەم بوو، ئێستا بەرپرسەکانی تورکیا بەرەو بەغدا دەچن و گفتوگۆ لەگەڵ نیچیرڤان بارزانیدا دەکەن کە ئەمە قۆناغی یەکەمی دانوستاندنە، من هیوادارم درێژە بەم هەوڵانە بدرێت و بتوانین بگەرێینەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە دۆستایەتی هەبوو لە نێوان سەرۆك بارزانی و دەسەڵاتی تورکیادا.

**من باوەڕم وایە بە بێ حکومەتی هەرێم کێشەی پەکەکە چارەسەر ناکرێت لەبەرئەوە من یەکێکم لەوانەی کە پێم وایە دەبێت ئەم کەناڵی پەیوەندیکردننە بکرێتەوە**

***ئێمە گرنگی و بەهای تورکیا دەزانین و هەست دەکەین کە تورکیا دەروازەیەکی گرنگە و ئێمە نامانەوێت تورکیا لەدەست بدەین، بەڵام تورکیا هیچ نیازێکی نیە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ، بە پێی تێڕوانینی ئێوە چۆن دەتوانین پەیوەندیەکانمان لەگەڵ تورکیادا ئاسایی بکەینەوە؟**

- بە هەنگاوی وا بارێوشوێنێکی بچووك دەست پێبکەن، بۆ نموونە تەنها ڕێگای چیای قەندیل ببڕن، ژیانی پەکەکە سەخت بکەن. ئەوە بخەنەڕوو کە ئێوە خوازیاری کوژرانی تورکەکان نین بە بێ هیچ هۆیەك، واتە ئەم هەنگاوە بچوکانە بەسن بۆ ئەوەی دەست بە قۆناغێکی نوێ بکرێت.

*** تاوەکو ئەم ساتەوەختە ڕای گشتی عەرەبی و تورکی هەمیشە کوردەکان بەوە تاوانبار دەکەن کە هەوڵی جیابوونەوە دەدەن لە عێراق،لە کاتێکدا دەبینین ڕۆژی ١١ی ئازار ڕۆژی برایەتی کورد و عەرەبەکانە لە مێژووی کورد و عەرەبەکاندا، بەڵام ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە پەرلەمانتارە عەرەبەکان دەکات، ئایا لە دوای ئەم کۆنفرانسەوە هیچ گۆرانێك لە هەڵوێست و تێڕوانین و تێگەیشتنی هەڵەی ڕای گشتی عەرەبی و تورکیدا دەبینن؟**

-لە ڕاستیدا ئەوە دەوستێتە سەر ئەو تێڕوانین و وێنەیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی دەکات. من پێم وانیە حکومەتی هەرێم هەوڵی جیابوونەوە دەدات لە عێراق، لەبەرئەوەی خزمەتی کێشەکەیان ناکات، من پێم وایە ئەوە مەحاڵە. ئەگەر بتانەوێت قەناعەت بە ڕای گشتی تورکیا بکەن، ئەوا دەبێت هەمیشە ئەوەیان پێبڵێن کە پەیوەندییەکان چۆن بنیات دەنرێن و ئەوەیان بۆ ڕوون بکەنەوە کە ئێوە نیازێکی لەو چەشنەتان نیە.

***ئەگەر پشتگیری ئەزمونی دیموکراسی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەوا دەبێتە نموونەیەکی سەرکەوتوو بۆ پیادەکردنی دیموکراسی لە جیهانی ئیسلامییدا، بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ئاستێك سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە ڕەنگدانەوەی دەبێت**



**لە سەر چەسپاندنی حکومرانێتی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

-من پێم وایە دەبێتە ئەزموونێکی سەرکەوتوو و دەبێتە مۆدێلێك ئەگەر پشتی لە پەکەکە کرد. ئێوە ناتوانن بەرگری لە پەکەکە بکەن کاتێك ئەوان خەڵکی بێتاوان دەکوژن.

***هەموو دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق عەرەب نین، بەڵام ئەندامی کۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامین، بە تایبەتی ئێران و تورکیا، ئێران ڕێگاچارەیەکی دیبلۆماسی گرتۆتەبەر لە کاتێکدا تورکیا پەنا بۆ ڕێگاچارەی سەربازی دەبات، بە پێی لێکدانەوە و تێڕوانینی ئێوە چۆن دەکرێت هەڕەشەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان کەم بکرێتەوە؟**

- هەڕەشەی سەربازی سوپای تورکیا دژی پەکەکەیە. من باش ئاگاداری ئەوەم کە سوپای تورکیا هیچ نیازێکی گورزوەشاندنی نیە لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یاخود لە دژی کوردەکانی باکووری عێراق. بەڵام کاتێك کوڕەکەی من یاخود

براکەم لە سەر شەقامێکی ئەنکەرە یاخود ئەستەنبول دەکوژرێت، ناتوانم هیچ هەڵوێستێکم هەبێت جگە لە تورەیی، ئەو کاتە من داوا لە حکومەتەکەم دەکەم کەهەموو شتێك ئەنجام بدات بۆ راگرتن و لەناوبردنی ئەو هەڕەشەیە. لەبەر ئەوە گرنگترین پەیام کە تورکیا پێشبینی بکات لە حکومەتی هەرێم ئەوەیە کە هاوکاری تورکیا بکات لە دژی پەکەکە. من ناڵێم با حکومەتی هەرێم شەڕ لە دژی پەکەکە بەرپا بکات، من دەزانم ئەوە کارێکی کردەنی نیە. بەڵام تەنها ئەوە بە رای گشتی تورکیا پیشان بدەن کە ئێوە جم وجوڵ و چالاکییەکانی پەکەکە سنووردار دەکەن و رێگاکانی هات وچۆیان لێ زەحمەت بکەن، بە چەشنێك نەتوانن چەك هەڵبگرن و چەك و تەقەمەنی خەزن



بکەن و نەتوانن بە ئاسانی سنوری تورکیا ببەزێنن و خەڵکی بێتاوان بکوژن.

**سەردانەکەی بەرێز تاڵەبانی سەردانێکی رەسمی نەبوو بەڵام پێشوازیەکی بەرز و باڵا و گەرمی لێکرا**

***لە کاتی سەردانەکەی سەرۆك تاڵەبانیدا، تورکیا رێورەسمی حەرەس شەرەفی بۆ بەرێز تاڵەبانی رێکنەخست، بەرێزتان چ لێدوانێکتان هەیە لەو بارەیەوە؟**

- لە راستیدا سەردانەکەی بەرێز تاڵەبانی سەردانێکی رەسمی نەبوو، بەڵکو سەردانی کار بوو، تەنها لە کاتی سەردانی رەسمیدا رێڕەورەسمی حەرەس شەرەف رێکدەخرێت و سڵاو لە سەرۆك دەکەن، پێشتریش سەرۆك موبارەك و مەلیك عەبدوڵڵا سەردانیان بۆ تورکیا کردووە و سەردانەکانیان رەسمی نەبووە و ئەو رێورەسمەیان بۆ رێکنەخراوە. بەڵام سەرۆك تاڵەبانی پێشوازییەکی بەرز و باڵا و گەرمی لێکرا و زۆر بە باشی مامەڵەی لەگەڵدا کرا.

**من چاوم بە سەرۆك تاڵەبانی کەوت و قسەم لەگەڵدا کرد ئەو زۆر خۆشحاڵ بوو بە دەرئەنجامی کۆتایی سەردانەکە**

*** سەرۆك تاڵەبانی سەرۆکی وڵاتێکی خاوەن سەروەریە و ئەمە یەکەمجارە بەو سیفەتە سەردانی تورکیا دەکات،هەر بۆیە ئێمە هەستمان کرد کەم و کوڕی هەیە لە پێشوازیکردنی بەرێز تاڵەبانی، چۆن لەم سەردانە دەڕوانیت و پێشبینی چ دەرئەنجامێکی دەکەیت لەم سەردانە؟**

- بیرورای گشتی لە تورکیا ئەوەیە کە زۆر بە باشی پێشوازی لە سەرۆك تاڵەبانی کرا. تاڵەبانی پەیامێکی باشی هەڵگرتبوو بۆ تورکیا و سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆماری تورکیاش پەیامێکی باشیان بۆ تاڵەبانی پێبوو. راستە ئەوە یەکەم سەردان بوو، بەڵام رای گشتی تورکیا پێی وایە ئەوە سەردانێکی زۆر باش بوو. من چاوم پێیکەوت و قسەم لەگەڵدا کرد و ئەو زۆر خۆشحاڵ بوو بە دەرئەنجامی کۆتایی سەردانەکە.

***یەکێك لە ئامانجە راگەیەندراوەکانی حکومەتەکەی ئەردۆگان بریتی بوو لە پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئابووری ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، هەر ئەمەش وای کرد زۆرێك لە کوردەکان دەنگ بە پارتەکەی ئەردۆگان بدەن، بەڵام گەر حکومەتەکەی ئەردۆگان هەڵنەستێت بە هەڵگرتنی باری تەنگەتاوی لەو ناوچەیەدا ئەوا رەنگە ئەمە پتر کوردەکان گۆشەگیربکات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تورکیا بەم شێوەیە رەفتار دەکات کوردەکان دەکاتە دوژمنی خۆی لە بری ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی هەڵوێستی کوردەکان نادات لە بەرژەوەندی خۆی؟**

- تاوەکو پەکەکە لەو ناوچەیەدا چالاکی هەبێت ئەوا ئەو گرتنەبەری رێوشوێنانە درێژەیان دەبێت. ئێوە لە باروودۆخێکی ئارام و سەقامگیردا دەژین، بەڵام لێرە خەڵکی بێتاوان دەکوژرێن لە لایەن پەکەکەوە. لەبەر ئەوە سەرۆك وەزیران رەجەب تەیب ئەرۆدگان ناتوانێت ئەو رێوشوێنانە هەڵبگرێت، چونکە خەڵکی هەست بە تورەیی دەکەن لە ئاست کردەوەکانی پەکەکەدا کە خەڵکی بێتاوان دەکوژن.

**وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا باشترین دەرفەت دەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد**

*** ئەگەر تورکیا سەرکەوتوو بوو لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، ئایا پێت وایە ئەمە دەبێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ بەئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپادا؟**

- من پێم وایە ئەگەر تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا ئەوا چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا زۆر ئاسانتر دەبێت، ئەوە دەبێتە گرنگترین هەنگاو. بەڵام بەداخەوە پەکەکە نایەوێت تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، لەبەرئەوەی من پێم وانیە پەکەکە خوازیاری ئەوە بێت تورکیا هەڵبستێت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ئەوان دەیانەوێت درێژە بە کردارەکانی کوشتن بدەن بێ ئەوەی کێشەی کورد چارەسەربکەن. لەبەر ئەوە وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا باشترین دەرفەت دەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد. راسپاردەی من بۆ کوردەکان ئەوەیە کە هانی پەکەکە نەدەن پێیان رابگەیەنن کە دەست لە کوشتن هەڵبگرن و خۆتان لە پەکەکە جیابکەنەوە.

●●●

**وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا باشترین دەرفەت دەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد**

●●●

**پرۆفیسۆر حوسێن باغچی ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەنکەرە بۆ گوڵان:**

# ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیا لە گۆشەنیگای سیاسییەوە هەڵە بوو

■ پرۆ فیسۆر حوسێن باغچی ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی تەکنەلۆژیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەنکەرا و ئوستادی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە هەمان زانکۆ. پرۆ فیسۆر باغچی پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و پەیوەندی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەورووپا، هەروەها بایەخ بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەدات و ئەندامی ئامۆژگای ستراتیژی نێودەوڵەتیشە لەلەندەن. بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، گوڵان پەیوەندی بە پرۆ فیسۆر باغچی کرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو■



### من ئەمەریکام ناولێناوە مەککەی سیاسی کوردەکانی تورکیا ئۆپەراسیۆنەکە لە گۆشەنیگای سیاسییەوە هەڵەبوو

***بۆ ماوەی هەشت رۆژ تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی زەمینی ئەنجامدا بە ئامانجکردنی گورز وەشاندن لە چەکدارانی پەکەکە، بەڵام سوپای تورکیا سەرکەوتوو نەبوو لە هێنانەدی ئامانجەکانی، بە تێڕوانینی ئێوە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنە چیی بوون؟**

- لە راستیدا من لە نوسینەکەمدا لە رووی سەربازییەوە ئەو ئۆپەراسیۆنەم بە ئۆپەراسۆنێکی سەرکەوتوو لە قەڵەم داوە نەك بە شکست خواردوو، ئەمە تێڕوانینی شارەزا سەربازییەکانی ناوخۆی و دەرەکییە و منیش هاوڕام لە گەڵیاندا. تەنها ئەو لێکدانەوەیە لە ئارادایە کە ئەو ئۆپەراسیۆنە لە گۆشەنیگای سیاسییەوە هەڵەبوو، من پێموایە تاکە لایەنی براوە بریتی بوو لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی. لەبەر ئەوەی هەردوو بەرەی حوکمڕان و بەرهەڵستکاری وڵاتەکە لە ناکۆکی و کێشمەکێشدان بە هۆی دەرئەنجامەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنەوە. ئێستا سیاسەتمەدارە کوردەکانی تورکیا زیاتر و زیاتر روو لە ئەمەریکا دەکەن، بە چەشنێك من ئەمەریکام ناو ناوە مەککەی سیاسی کوردەکانی تورکیا.

### رەنگە تورکیا لەگەڵ تاڵەبانی و بارزانی دانوستاندن بکات

***دوای کشانەوەی تورکیا لە باکووری عێراقدا، ئەوە گرنگە تورکیا دەرگای گفتوگۆ واڵابکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە وڵاتەکەیدا بە شێوەیەکی ئاشتییانە، لەبەر ئەوەی ئەوە تەنها رێگایە بۆ گۆشەگیرکردنی پەکەکە، پێتوایە تورکیا هەڵبستێت بە گرتنەبەری رێگاچارەیەکی ئاشتییانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردەکان؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم کە دەوڵەت و حکومەتی تورکیا لەم ساتەوەختەدا لە سەر مێزی گفتوگۆ لە گەڵ پەکەکەدا دابنیشن و دانووستاندنی راستەوخۆ ئەنجام بدەن، رەنگە ئەوە لە گەڵ بارزانی و تاڵەبانیدا بکەن بەڵام لە گەڵ پەکەکەدا نا. لەبەر ئەوەی هەلومەرجە سیاسییەکە لە بار و گۆنجاو نییە لە ئێستادا.

### دەبێت تورکیا وەک شەریکێکی ستراتیژی لە کوردەکانی عێراق بڕوانێت

***پێتوایە سەردانەکەی سەرۆك تاڵەبانی بۆ تورکیا سەردانێکی سەرکەوتوو بووە؟ پێتوایە دەبێتە هۆکارێك بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و وتووێژ لە نێوان تورکیا و کوردەکانی عێراقدا؟**

- لە راستیدا ئەوە سەردانێکی سەرکەوتوو بوو. من یەکێك بووم لەو کەسانەی پێشوازیم لەو سەردانە کرد. من پێموایە دەبێت تورکیا وەك شەریکێکی ستراتیجی لە کوردەکانی باکووری عێراق بڕوانێت نەك پەکەکە، لەبەر ئەوە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان کوردەکانی باکووری عێراق و پەکەکەدا. درەنگ یان زوو دەبێت تورکیا پەیوەندی لە گەڵ کوردەکانی باکووری عێراقدا ببەستێت، نەك پەکەکە. بەڵام بە تێڕوانینی من لە سایەی هەلومەرجە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئێستادا زۆر زۆر زەحمەتە گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکەدا ئەنجام بدرێت.

***حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوچەی باکووری عێراقدا دەسەڵاتداری راستەقینەیە و هیچ نیازێکی دروستکردن و خوڵقاندنی کێشە و گیروگرفتی بۆ تورکیا نییە، بەڵام تورکیا هەوڵی**

**گفتوگۆکردن دەدات لە گەڵ حکومەتی عێراقدا، لە کاتێکدا حکومەتی عێراق هیچ کاریگەرییەکی نییە لە باکووری عێراقدا، بۆچی تورکیا گفتوگۆ و دانوستاندنی راستەوخۆ ئەنجام نادات لە گەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا؟**

- من پێموایە تورکیا وەك شەریکێك لە عێراق دەڕوانێت، جا عێراقێکی یەکگرتوو بێت یا دابەشبوو. تورکیا وەك شەریکێکی بازرگانی و دەروازەیەك بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە عێراق دەڕوانێت. بە دڵنیاییەوە تورکیا بەرژەوەندییەکی زۆری هەیە لە سەقامگیربوونی بارودۆخی عێراقدا بە باکووری عێراقیشەوە. من پێشبینی ناکەم تورکیا هیچ گیروگرفتێکی لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا هەبێت، بەڵام تورکیا سوور دەبێت لە سەر درێژەپێدانی شەڕ لە دژی پەکەکە، یاخود بە لای کەمەوە من ئایندەی بەرەوپێشچوونی بارودۆخی سیاسی لە تورکیا بەو شێوەیە دەبینم.

## درەنگ یا زوو ئاراستەی گشتی لە تورکیادا بەرەو ئەوە دەڕوات دەبێت تورکیا کار لە گەڵ ئیدارەی کوردستانی عێراقدا بکات

***حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی دیموکراسی بەڕێوە دەبات و بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق هەرێمێکی ئارام و سەقامگیرە، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە بەربەستێك لەبەردەم چالاکییەکانی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەك ئەلقاعیدە لەوەی ببنە هەڕەشە بۆ سەر تورکیا، بۆچی حکومەتی تورکیا هەوڵی بەهێزکردن و پتەوکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان نادات، لەبەر ئەوەی بوونی حکومەتێکی بەهێز لە کوردستان هەڕەشەکانی سەر تورکیا دەڕەوێنێتەوە و دەبێتە هۆی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی تورکیا؟**

- من پێموایە درەنگ یا زوو ئاراستەی گشتی لە تورکیادا بەرەو ئەوە دەڕوات کە تورکیا کار لە گەڵ ئیدارەی کوردستانی عێراقدا بکات. بە دڵنیاییەوە درەنگ یا زوو دەبێت تورکیا بەڕێز بارزانی وەك گەمەکارێکی سیاسی لەبەرچاو بگرێت لە مەودای دووردا. بەڵام لەم ساتەوەختەدا نیگەرانی سەرەکی تورکیا بریتییە لە کێشەی پەکەکە، لەبەر ئەوە ئێستا تورکیا پتر بەو کێشەیەوە سەرقاڵە. دامەزراوەی سەربازی تورکیا پێی وایە ئێستا کات و هەلومەرجێکی لەبارنییە بۆ دانوستاندن لە گەڵ بارزانیدا، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەبێت جۆرێك لە گفتوگۆ و دانوستاندن هەبێت لە گەڵ بارزانیدا، لەبەر ئەوە من پێموایە حکومەت هەموو کەناڵەکانی پەیوەندیکردن بە کراوەی دەهێڵێتەوە.

## کێشەی ئێستای تورکیا پەکەکەیە نەک باکووری عێراق

***ئێستا بڕێکی گەورەی نەوت لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە، تورکیاش تاکە دەروازەی سەرەکییە بۆ ناردنە دەرەوەی ئەو نەوتە، بۆچی تورکیا هەوڵنادات وەبەرهێنان بکات لەو بوارەدا ببێتە ریڕەوێك بۆ ناردنەوە دەرەوەی ئەو نەوتە کە ئەمە بەرژەوەندییەکی زۆر بۆ تورکیا دەهێنێتەدی؟**

- من پێموایە هێشتا زووە بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە تورکیا هەوڵێکی لەو چەشنە نادات و نەیداوە، بە پێچەوانەوە تاوەکو بارودۆخی عێراق سەقامگیرتر بێت، بە تایبەتی باکووری عێراق، ئەوا تورکیا پتر هەل و دەرفەتی ئابووری بەدی دەکات لە عێراقدا. بە دڵنیاییەوە کۆمپانیا تورکیەکانیش پتر وەبەرهێنان دەکەن تێیدا، ئێستا ناردنە دەرەوەی نەوت لە رێگەی تورکیاوە بەردەوامە. من لەو رووەوە گەشبینم، بەڵام پێموایە حاڵی حازر ئەوە زەحمەتە، بەڵام پێموایە لە سالانی داهاتوودا تورکیا و باکووری عێراق پەرە بە پەیوەندییە ئابورییەکانیان دەدەن و پتر بە ئاقاری ئایندەیەکی باشتر و خۆشگوزەرانتردا دەڕۆن لە بری ئەوەی بیروبۆچونی سلبیان لەسەر یەك هەبێت. تاکە کێشەی ئێستای تورکیا بریتیە لە کێشەی پەکەکە، نەك باکووری عێراق.

## نەک هەر بارزانی بە دوژمن نازانین بەڵکو بە پێچەوانەوە بیروبۆچونی ئیجابی هەیە و من یەکێکم لەوانەی پێموایە لە داهاتودا باکووری عێراق دەبێتە شەریکێکی بازرگانی و ستراتیژی تورکیا.

***بۆچی تورکیا بەم شێوەیە رەفتار دەکات کوردەکان دەکاتە دوژمنی خۆی لە بری ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی هەڵوێستی کوردەکان نادات لە بەرژەوەندی خۆی؟**

-من لە گەڵ ئێوەدا هاوڕانیم، لەبەر ئەوەی پێموایە حکومەتەکەی ئەردۆغان کە هەڵوێست و تێڕوانینێکی زۆر کراوە و ئیجابی هەیە لە سەر کوردەکان، لەبەر ئەوەی ئێستا ژمارەیەکی زۆری کوردەکان لە حکومەتدان، یەکێك لەوان عەبدولڕەحمان کوردە کە پێش چەند ساڵێك پێکەوە گفتوگۆمان کرد دەربارەی باکووری عێراق. گەر لێم دەپرسیت ئایا حکومەتی تورکی وەك دوژمنێك لە کوردەکان دەڕوانێت ئەوا دەڵێم نەخێر، گەر لێم دەپرسیت ئایا حکومەت وەك تاکە نوێنەری کوردەکان لە پەکەکە دەڕوانێت، ئەوا دەتوانم پێت بڵێم ئەوا لێکدانەوەیەکی هەڵەیە. کێشەی سەرەکی تورکیا بریتیە لە پاراستنی سنوورەکان و شکست پێهێنانی پەکەکەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان، بەڵام هیچ کێشە و گرفتێکی لە گەڵ کوردەکانی باکووری عێراقدا نییە. ئەگەر پرسیاری ئەوە بکرێت کە بۆچی حکومەتی تورکیا خۆی بە دوور دەگرێت لەوەی پەیوەندی هەبێت لە گەڵ باکووری عێراقدا، ئەوا من دەڵێم مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە، ئەگەرنا نەدەتوانرا سەردانەکەی بەڕێز تاڵەبانی بۆ تورکیا ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی ناکرێت بانگهێشتی کەسێك بکەیت بۆ ئەوەی سەردانی وڵاتەکەت بکات کە تۆ بە دوژمنی دەزانیت. بەڵام ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەیت کە ئایا پەکەکە دوژمنی تورکیایە، ئەوا دەڵێم بەڵێ بە دڵنیاییەوە دوژمنی تورکیایە. بەڵام نەك بارزانی، بەڕێز سەفین دزەیی چەند ساڵێك لە تورکیا بوو، پرسیار لەو بکەن باشتر وەڵامتان دەداتەوە، لەبەر ئەوە نەك هەر بارزانی بە دوژمن نازانین بەڵکو بە پێچەوانەوە بیروبۆچوونی ئیجابی هەیە و من یەکێکم لەوانەی پێموایە لە داهاتوودا باکووری عێراق دەبێتە شەریکێکی بازرگانی و ستراتیجی تورکیا.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رابردوو ئەوا دەتوانین بڵێین تورکیا وەك دوژمن لە کوردەکانی نەڕوانیوە، بەپێچەوانەوە هاوسۆزیەکی زۆری هەبووە لە گەڵ مسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانیدا، پەساپۆرتی بۆ دابین کردن و هەوڵی پاراستنیانیدا، چۆن دەکرێت وڵاتێك ئەمە بۆ گەلێکی دیکە بکات ئەگەر بە دوژمنی بزانێت. تەنانەت لە ساڵی ١٩٩١دا کاتێك سەددام حوسێن کوردەکانی ئاوارە کرد تورکیا هاوکاری و یارمەتی ئەو ئاوارانەیدا کە چوبوونە خاکەکەیەوە. لەبەر ئەوەی من پێموانییە رای گشتی تورکیا وەك دوژمن لە کوردەکان بڕوانن.

## دوای بە رەسمی ناساندنی کۆسۆڤۆ ئێستا ئێمە لە رۆژگاری دەوڵەتە بچووکەکاندایین و پێشبینی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێ دەکرێت لەو وڵاتانەی ناسەقامگیریان تێدایە

***کوردەکان ئارەزوومەندانە رێگاچارەی مانەوەیان لە چوارچێوەی عێراقدا هەڵبژاردووە، ئایا نیگەرانی و مەترسیەکانی تورکیا**

●●●

**ئەو ئۆپەراسیۆنە لە گۆشەنیگای سیاسییەوە هەڵەبوو، تاکە لایەنی براوە بریتی بوو لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی. ئێستا سیاسەتمەدارە کوردەکانی تورکیا زیاتر و زیاتر روو لە ئەمەریکا دەکەن، بە چەشنێک من ئەمەریکام ناو ناوە مەککەی سیاسی کوردەکانی تورکیا**

●●●

●●●

**درەنگ یا زوو ئاراستەی گشتی لە تورکیادا بەرەو ئەوە دەڕوات کە تورکیا کار لە گەڵ ئیدارەی کوردستانی عێراقدا بکات. دەبێت تورکیا بەڕێز بارزانی وەک گەمەکارێکی سیاسی لەبەرچاو بگرێت بەڵام لەم ساتەوەختەدا نیگەرانی سەرەکی تورکیا بریتییە لە کێشەی پەکەکە**

●●●

**من یەکێکم لەوانەی پێموایە لە داهاتوودا باکووری عێراق دەبێتە شەریکێکی بازرگانی و ستراتیجی تورکیا**

**سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکاش ناتوانێت هەموو هێزەکانی ئەمەریکا بە یەکجار لە عێراقدا بکشێنێتەوە، هەرچەندە هێشتنەوەی ئەو هێزانە ئەرکێکی گران دەخاتە سەر شانی ئەمەریکا**

**ناکرێت تورکیا نیازی دوژمنکارانەی هەبێت لە دژی باکووری عێراق لە کاتێکدا کۆمپانیا تورکییەکان لەو ناوچەیەدا وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری دەکەن و داهاتێکی زۆر بۆ تورکیا دەستەبەر دەکەن**

**و وڵاتانی دیکە لە بارەی جیابوونەوەی کوردەکانەوە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

-ئەوە پرسیارێکی باشە، دوای بە رەسمی ناساندنی کۆسۆڤۆ ئێستا ئێمە لە رۆژگاری دەوڵەتە بچووکەکانداین، واتە پێشبینی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێ دەکرێت لەو وڵاتانەی ناسەقامگیریان تێدایە. عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت کوردستانێکی سەربەخۆ سەرهەڵبدات تێیدا، هەرچەندە دروست بوونی کوردستانێکی سەربەخۆ لە عێراقدا زەحمەتە بە تایبەتی کە وڵاتەکە لە ژێر داگیرکاری ئەمەریکادایە. من پێم وانییە ئێستا قسە و باس لە بارەی کوردستانێکی سەربەخۆوە بکرێت، بەڵکو پتر باس لە عێراقێکی یەکگرتوو دەکرێت. بەڵام ئەگەر وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا شکست بهێنێت و مەیل و ئاڕاستەی دابەشکردنی عێراق دروست ببێت، ئەوا ئەو کاتە ئەگەری سەرهەڵدانی کوردستانێکی سەربەخۆ لە ئارادا دەبێت، بەڵام دەبێت ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیە پشتگیری بکرێت، لەبەر ئەوەی هەرچەندە سەرچاوەگەلێکی نەوتی زۆریشی هەبێت بەڵام دووچاری دژواری و سەختی زۆر دەبێتەوە و بەردەوامبوونیشی زەحمەت دەبێت. بە هەرحاڵ من پێموایە هێشتا زووە باس لە ئەگەری سەرهەڵدانی کوردستانێکی سەربەخۆ بکەین. هەرچەندە ناکرێت ئەو ئەگەرە لە بەرچاونەگرین، بەڵام لە ئێستادا هاتنەدی زەحمەتە.

## نە سەرۆک بۆش و نە سەرۆکی داهاتووی ئەمریکاش هەموو هێزەکان لە عێراقدا ناکشێنەوە

***ئاماژەتان بە شکستی سیاسەتی ئەمەریکا کرد، پێتوایە ئیدارەکەی سەرۆك بۆش بتوانێت لە ماوەی چەند مانگی دەسەڵاتیدا سەرکەوتن لە عێراق بەدەست بهێنێت؟**

- ئەوە کارێکی زەحمەتە، بەڵام سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکاش ناتوانێت هەموو هێزەکانی ئەمەریکا بە یەکجار لە عێراقدا بکشێنێتەوە، هەرچەندە هێشتنەوەی ئەو هێزانە ئەرکێکی گران دەخاتە سەر شانی ئەمەریکا. بەڵام تا رادەیەك سەقامگیری رێچکەی خۆی گرتووە و ئێستا هێزی نوێی پۆلیس و سوپای عێراقی دروست بوونە و پەرلەمانی عێراق کار و ئەرکەکانی خۆی هەڵدەسووڕێنێت. من پێموایە هەرچەندە ئەمەریکا لە عێراقدا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام نە سەرۆك بۆش و نە سەرۆکی داهاتوو هەمو هێزەکان لە عێراقدا ناکشێننەوە.

## ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کوردستان وەک نموونە و ئەزموونێک لێی بڕوانرێت

***ئەگەر پشتگیری ئەزموونی دیموکراسی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەوا دەبێتە نموونەیەکی سەرکەوتوو بۆ پیادەکردنی دیموکراسی لە جیهانی ئیسلامیدا، بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ئاستێك سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە رەنگدانەوەی دەبێت لە سەر چەسپاندنی حکومڕانێتی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- بیروبۆچوونێکی زۆر هەیە دەربارەی ئەزموونی کوردستان کە وەك نمونەیەکی دیموکراسی لێی بڕوانرێت لە وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکەدا کە هەرچەندە ناوچەیەکی ئیسلامییە بەڵام جیاوازە لە وڵاتانی عەرەبی و لە وڵاتی ئێران. رەنگە کوردستان و تورکیا لە روی ئەزموون و بەهاکانەوە هاوشێوە و هاوبەشبن. لەبەر ئەوە من پێموایە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە کوردستان وەك نموونە و ئەزموونێك لێی بڕوانرێت، هەرچەندە رەنگە ئێستا ساتەوەختێکی لە بار و گونجاویش نەبێت.

## بوونی دراوسێیەکی دەوڵەمەند و دیموکراسی کاریگەرییەکی باش و ئیجابی دەبێت لەسەر تورکیا

***ئێران رێگاچارەیەکی دیبلۆماسی گرتۆتەبەر لە کاتێکدا تورکیا پەنا بۆ رێگاچارەی سەربازی دەبات، بە پێی لێکدانەوە و تێڕوانینی ئێوە چۆن دەکرێت هەڕەشەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان کەم بکرێتەوە؟**

-ئەوەندەی من ئاگاداری سیاسەتی تورکیا بم من پێموایە هەمو هەوڵ و کۆششەکان بە ئاراستەی بەرەنگاربونەوە و شەڕکردن لە دژی پەکەکە چڕکراونەتەوە و دامەزراوەی سەربازی هیچ نیازێکی نە لە دژی باکووری عێراق، نە لە دژی بارزانی و نە لە دژی تاڵەبانی. ناکرێت تورکیا نیازی دوژمنکارانەی هەبێت لە دژی باکووری عێراق لە کاتێکدا کۆمپانیا تورکییەکان لەو ناوچەیەدا وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری دەکەن و داهاتێکی زۆر بۆ تورکیا دەستەبەر دەکەن. واتە بوونی دراوسێیەکی دەوڵەمەند و دیموکراسی کاریگەرییەکی باش و ئیجابی دەبێت لەسەر تورکیا. بەڵام دەبێت یەك راستی هەیە بیزانن کە نە لە ئێستا و لە ئایندەدا هیچ حکومەتێکی تورکی شەڕ لە دژی پەکەکە ناوەستێنێت، لەبەر ئەوە من پێموایە لە ماوەی پێنج بۆ دە ساڵی رابردوودا ناکرێت هیچ گفتوگۆیەك لەگەڵ پەکەکەدا ئەنجام بدرێت، کە نازانم دوای ئەو ماوەیەش بارودۆخ و هەلومەرجەکە بە چ شێوەیەك دەگۆڕێت. بەڵام لە سایەی حکومەتی تەیب ئەردۆغاندا ئەوە روونادات.

***ئەگەر تورکیا سەرکەوتوو بوو لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، ئایا پێتوایە ئەمە دەبێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ بەئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا؟**

- من پێموایە تورکیا درێژە بە پرۆسەی چاکسازی دەدات، بەڵام من پێموایە زەحمەتە لە ماوەی ساڵی داهاتوودا تورکیا ئەندامێتی تەواو لە یەکێتی ئەوروپادا وەربگرێت.

## ئەمەریکا بیر لە دابەشکردنی عێراق ناکاتەوە

***ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت ؟**

- من پێموایە لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا کوردەکان بە باشی کاروبارە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیان بەڕێوەبردووە کە رۆژ بە رۆژ هۆشیاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست کوردەکاندا زیاتر دەبێت و پتر هاوسۆزدەبن لە ئاستیاندا. بەڵام راسپاردەی من بۆ کوردەکان ئەوەیە کە پەکەکە کێشە و گرفتی لە گەڵ تورکیا و ئێراندا هەیە و بۆتە مایەی گیروگرفت بۆ کوردەکانی باکووریش، ئێستا دەبێت ئیدارەی باکووری عێراق بڕیاری ئەوە بدات کە چۆن دەکرێت دەرفەت لەبەردەم پەکەکەدا کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی نەتوانن چالاکی چەکداریان هەبێت. من دەتوانم ئەوەتان پێبڵێم تاوەکو پەکەکە درێژە بە شەڕ بدات لە دژی تورکیا، ئەوا تورکیا بەردەوام دەبێت لەسەر ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی، بەڵام هەوڵ دەدات خۆی لە زیان گەیاندن بە خەڵکانی مەدەنی کوردەکانی باکووری عێراق بپارێزێت، لەبەر ئەوەی هەرگیز کوردەکانی باکوور نابنە ئامانجی سەربازی ئەو ئۆپەراسیۆنانە. ئەوەی پەیوەندی بە ئایندەی عێراقەوە هەبێت من پێموایە ئاڕاستەکە بەو ئاقارەدایە کە حکومەتی ناوەندی بەهێز بکرێت. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بیر لە دابەشکردنی عێراق ناکاتەوە، واتە ئەمەریکا پێیوایە حکومەتی ناوەندی هەیە و دەبێت ئەو حکومەتە بەهێزبکرێت و کوردەکانیش تا ئەو رادەیەی دەکرێت دەبێت ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوانیان هەبێت. بەڵام ئەم ساتەوەختە ساتەوەختێکی زۆر دژوارە بۆ ئەوەی کوردەکان جاڕی سەربەخۆبوون بدەن.

**د. فادی هاکوره شرۆڤەوانی سیاسەتی تورکیا لە ئامۆژگای پادشایەتی چاتام هاوس لە لەندەن بۆ گوڵان:**

# دەرەنجامی راپرسییەکان ئەوە دەردەخەن خەریکە رای گشتی تورکیا کێشەی کورد لە پەکەکە جیا دەکاتەوە



**■ د. فادی هاکوره یەکێکە لەو شرۆڤەوانە بەناوبانگانەی ئامۆژگای پادشایەتی چاتام هاوس لە لەندەن، کە زۆربەی کەناڵە بەناوبانگەکانی وەك BBC رادیۆ و BBC تەلەڤزیۆن بۆ شرۆڤەی سیاسەتی تورکیا بانگهێشتی دەکەن، هەروەها لە ئامۆژگای چاتام هاوسیش بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی تورکیاو تەنها پسپۆڕە لەسەر سیاسەتی تورکیا لە چانام هاوس کار دەکات. بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، دوای هێرشە سەربازییەکەی بۆ هەرێمی کوردستان گوڵان ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ د. فادی هاکوره ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.■**

**تورکیا ئەوەی بە راشکاوی خستۆتەڕوو کە خوازیارە پەیوەندیگەلێکی ئابووری و سیاسی بەهێزی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبێت**

***سوپای تورکیا لە رێگە چارەی سەربازی سەرکەوتوونەبوو، دوای ئەم ئۆپەراسیۆنە پێویستە بیر لە رێگە چارەی سیاسیی بکرێتەوە، ئایا تورك ئەم هەنگاوە هەڵدەگرێت ؟**

- حکوومەتی تورکیا زۆر بە روونی رایگەیاند کە ئامانجی سەرەکی ئەو ئۆپەراسیۆنە بریتی بوو لە پەکخستنی تواناکانی پەکەکە بۆ ئەوەی نەتوانێت لە ناو خاکی تورکیادا هێرش ئەنجام بدات. هەروەها حکوومەتی تورکیا ئەوەی بە راشکاوی خستۆتەڕوو کە خوازیارە پەیوەندیگەلێکی ئابووری و سیاسی بەهێزی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبێت، لەو پێناوەشدا بانگهێشتی سەرۆك کۆماری عێراقی کرد کە سەرکردەیەکی کوردە بۆ ئەوەی سەردانی ئەنکەرا بکات بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ و دانووستاندن لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی عێراقدا.

**دەرئەنجامی راپرسییەکان لە تورکیادا ئەوە دەردەخەن
کە وردە وردە رای گشتی تورکیا کێشەی پەکەکە لە کێشەی کورد جیادەکاتەوە**

***دوای کشانەوەی تورکیا لە باکووری عێراقدا، ئەوە گرنگە تورکیا دەرگای گفتوگۆ والابکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە وڵاتەکەیدا بە شێوەیەکی ئاشتییانە، لەبەر ئەوەی ئەوە تەنها رێگایە بۆ گۆشەگیرکردنی پەکەکە، پێتوایە تورکیا هەڵبستێت بە گرتنەبەری رێگاچارەیەکی ئاشتییانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردەکان؟**

- ئێستا دەرئەنجامی راپرسییەکان لە تورکیادا ئەوە دەردەخەن کە وردە وردە رای گشتی تورکیا کێشەی پەکەکە لە کێشەی کورد جیادەکاتەوە و ئێستا دان پێدانانێکی روو لە هەڵکشان هەیە کە لە نێوان کەرت و چینە جیاوازەکانی تورکیادا بە دامەزراوەی سەربازیشەوە کە پێویستە چارەسەرێکی سیاسی و ئابووری بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی و رایەڵێکی بەهێز هەیە لە نێوان کورد و تورکەکاندا، بۆ نموونە زۆرێك لە وەزیرانەکانی حکوومەتی تورکیا لە ئەسڵدا کوردن، زۆرێك لە بەرپرسە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لە ئەسڵدا کوردن، زیاتر لە ١٠٠ ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لە بنەڕەتدا کوردن. هەروەك ئاماژەم پێکرد خەریکە دان بەوەدادەنرێت کە پێویستە چارەسەرێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورددا بدۆزرێتەوە لە ناو تورکیادا.

*** بۆچی تورکیا گفتوگۆ و دانووستاندنی راستەوخۆ ئەنجام نادات لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا؟**

- لە راستیدا سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆك تاڵەبانی ئاماژەیەکی بەهێز بوو بۆ دەستپێکردنی دانووستاندن و

**وردە وردە ڕای گشتی تورکیا کێشەی پەکەکە لە کێشەی کورد جیادەکاتەوە و ئێستا دان پێدانانێکی ڕوو لە هەڵکشان هەیە کە لە نێوان کەرت و چینە جیاوازەکانی تورکیادا بە دامەزراوەی سەربازیشەوە کە پێویستە چارەسەرێکی سیاسی و ئابووری بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە**

**زۆرێک لە وەزیرانەکانی حکوومەتی تورکیا لە ئەسڵدا کوردن، زیاتر لە ١٠٠ ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لە بنەڕەتدا کوردن**

**لە ساڵی ٢٠٠٧دا پلانێک هەبوو بۆ ئەوەی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی تورکیا عەبدوڵڵا گول لەگەڵ نێچیرڤان بارزانیدا لە قاهیرە کۆببێتەوە، بەڵام بە داخەوە کێشەی ئاسایش ئەو پلانەی پوچەڵکردەوە**

گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی عێراق و سەرکردەکانی دیکەدا. بەڵام گرنگترین و هەستیارترین مەسەلە بە لای تورکیاوە ئەوەیە کە ڕێوشوێنی کارا و کاریگەر ببینێت لە دژی پەکەکە. تاوەکو هەڕەشەی پەکەکە بەردەوام بێت ئەوا پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان ئاڵۆز دەبێت. بە پێچەوانەوە گەر ڕێوشوێنی بەهێز دژی پەکەکە بگیرێتەبەر ئەوا ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ واڵاکردنی دەرگاکانی گفتوگۆ و تێگەیشتن لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا.

## تورکیا و هەرێمی کوردستان دەتوانن ببنە شەریک و هاوبەشێکی بەهێز بۆ یەکتری لەبەر ئەوەی هەردوولایان بارودۆخێکی سەقامگیرییان هەیە و هەردوولا عەلمانین

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە بەربەستێك لەبەردەم چالاکییەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەك ئەلقاعیدە لەوەی ببنە هەڕەشە بۆ سەر تورکیا، بۆچی حکومەتی تورکیا هەوڵی بەهێزکردن و پتەوکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان نادات، لەبەر ئەوەی بوونی حکومەتێکی بەهێز لە کوردستان هەڕەشەکانی سەر تورکیا دەڕەوێنێتەوە و دەبێتە هۆی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی تورکیا؟**

- تەحەدای سەرەکی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هەردوولایان بتوانن لە سیاسەتی تەسکی نەتەوەیی دەربچن و تێگەیشتنێکی فراوانتریان هەبێت بۆ گرێدانی پەیوەندی هاوچەرخانە لەسەر بنەماکانی ئاڵوگۆڕی ئابووری و بازرگانی کەلتووری و ئەنجامدانی وتووێژ. گەر هەردوولایان ئەم هەنگاوانەیان هەڵگرت و تێگەیشتنێکی گشتگیرتر و فراوانتریان هەبوو بۆ پەیوەندییەکان و تەنها لە چوارچێوەی تەسکی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا بیر لەو پەیوەندییانە نەکەنەوە، ئەوا ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە کردنەوەی دەرگاکانی وتووێژ و لێکتێگەیشتن لە نێوانیاندا. تورکیا و هەرێمی کوردستان دەتوانن ببنە شەریك و هاوبەشێکی بەهێز بۆ یەکتری، لەبەر ئەوەی هەردوولایان بارودۆخێکی سەقامگیرییان هەیە و هەردوولا عەلمانین، واتە ئەگەر بتوانن پەیوەندیگەلێکی بەهێز و پتەو بونیات بنێن لەگەڵ یەکدا ئەوا دەبنە دوو هێزی دەسەڵاتدار لە ناوچەیەکی پڕ لە سەختیدا. هەروەك ئاماژەم پێکرد دەبێت هەردوولایان بە تێگەیشتن و تێڕوانینێکی فراوانترەوە لە پەیوەندییەکانی نێوانیان بڕوانن، بە چەشنی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتە ئەوروپییەکان، یاخود پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و کەنەدا، لەبەر ئەوەی ئەمە بەرژەوەندی هەردوولا دەهێنێتەدی.

حاڵی حازر پەیوەندی و ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی گەورە هەیە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا و دەکرێت زیاتر پەرەی پێبدرێت، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد گەر لە چوارچێوەی بەرتەسکی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا بیر نەکەنەوە، ئەوا دەکرێت زیاتر هاوکاری بکەن لە نێوان یەکدیدا بەتایبەتی لە بوارەکانی وزە و نەوت و گاز و بازرگانی و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و کەلتووری. بە پێچەوانەوە گەر تەنها بەرژەوەندییە بەرتەسکە نەتەوەییەکان لەبەرچاو بگرن ئەوا کۆسپ و ئاستەنگ بۆ پرۆسەی گەشەپێدانی ئەو پەیوەندی و ئاڵوگۆڕانە دروست دەکەن.

## ئەگەر کێشەی پەکەکە چارەسەر بکرێت ئەوا دەرفەت و دەرگاکان لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا واڵا دەبێت

***ئەگەر حکومەتی تورکیا هەوڵوکۆشش بخاتە گەڕ بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەوە وڵاتە یەکگرتووەکان بەو هەنگاو و هەڵوێستە خۆشحاڵ دەبێت و ئەوپەڕی پشتگیریشی دەکات، ئەوکاتە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەتوانێت هاوکاری تورکیا بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکە، بۆچی تورکیا ئەم هەنگاوە ناگرێتەبەر کە لە یەك کاتدا چەند دەستکەوتێکی بۆ دەستەبەردەکات؟**

- حکومەتی تورکیا لە چەند بۆنەیەکدا ڕایگەیاندووە کە خوازیارە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی عێراقدا بکات، سەردانە گرنگەکەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی بۆ تورکیا و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیراندا بەشێکن لەو هەوڵانە. لە گۆشەنیگای تورکیاوە دەبێت چەند هەنگاوێکی جیدی لە دژی پەکەکە بگیرێتەبەر و بە تەواوی ڕێگای دابینکردنی یارمەتی و کۆمەکی لۆجیستیکیان لێببڕدرێت. ئەگەر کێشەی پەکەکە چارەسەر بکرێت ئەوا دەرفەت و دەرگاکان لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا واڵا دەبێت. لەبەر ئەوەی ڕای گشتی تورکیا پتر ئامادەی ئەنجامدانی گفتوگۆ دەبێت و بێ متمانەی نێوان هەردوولاش کەم دەکاتەوە.

***ئایا پێتوایە سەردانەکەی سەرۆك تاڵەبانی سەردانێکی سەرکەوتوو بوو؟ ئایا هۆکارێك بوو بۆ ئاسانکردنی ئەنجامدانی گفتوگۆی زیاتر لەگەڵ تورکیادا؟**

- بە دڵنیاییەوە سەردانەکەی سەرۆك تاڵەبانی بۆنەیەکی گرنگ بوو، ئەوە یەکەم پەیوەندی ڕەسمی سەرۆك تاڵەبانی بوو لەگەڵ تورکیا لە دوای ساڵی ١٩٩٢ و ١٩٩٣ەوە. لەبەر ئەوە بێگومان سەردانێکی زۆر گرنگ بوو، ئەوەی ئێستا گرنگە ئەوەیە کە ئەو زمانە ئیجابییەی تاڵەبانی بەکاری هێنا بکرێتە واقیع و هەنگاوی عەمەلی ببینین لەسەر ئەرزی واقیع، وەك مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشەی پەکەکەدا. لە ڕاستیدا مایەی شەرمە هەردوولا نەتوانن بگەنە ڕێککەوتنێکی گشتگیر لەسەر کێشە گەورەکانی نێوانیان، لەبەر ئەوەی هەردوولایان بەرژەوەندییەکی زۆریان هەیە لە چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەدا. واتە گەر کێشەی ئاسایش چارەسەر کرا ئەوا دەبێتە دەستپێك بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی دیکەی نێوانیان.

## تورکیا بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە دانووستاندنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەنجام بدات ئەگەر هاتوو کێشەی ئاسایش یەکلاکرایەوە

***تورکیا بە سیفەتی سەرۆک کۆماری عێراق سەرۆك تاڵەبانی بانگهێشت کرد، پێتوایە لە داهاتوودا تورکیا بانگهێشتی بەڕێزان مەسعود بارزانی و نیچیرڤان بارزانی دەکات بۆ تورکیا؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٧دا پلانێك هەبوو بۆ ئەوەی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی تورکیا عەبدوڵڵا گول لەگەڵ نیچیرڤان بارزانیدا لە قاهیرە کۆببێتەوە، بەڵام بە داخەوە کێشەی ئاسایش ئەو پلانەی پوچەڵکردەوە. تورکیا بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە دانووستاندنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەنجام بدات ئەگەر هاتوو کێشەی ئاسایش یەکلاکرایەوە. کەواتە کێشە سەرەکی و هەستیارەکە کێشەی ئاسایشە. واتە ئەگەر ئەو کێشەیە چارەسەر کرا ئەوا هیچ هۆکارێك نییە ریگە لە ئەنجامدانی ئەو گفتوگۆیە بگرێت.

***تاوەکو ئەم ساتەوەختە ڕای گشتی عەرەبی و تورکی هەمیشە کوردەکان بەوە تاوانبار دەکات کە هەوڵی جیابوونەوە دەدەن لە عێراق، لە کاتێکدا ڕۆژی ١١ی ئازار ڕۆژی برایەتی کورد و عەرەبەکانە لە مێژووی کورد و عەرەبەکاندا، بەڵام ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە پەرلەمانتارە عەرەبەکان دەکات، ئایا لە دوای ئەم کۆنفرانسەوە هیچ گۆڕانێك لە هەڵوێست و تێڕوانین و تێگەیشتنی هەڵەی ڕای گشتی عەرەبی و تورکیدا دەبینین؟**

- لە رابردوودا ئەم تێڕوانین و تێگەیشتنە هەڵەیە لە نێوان عەرەب و تورکەکاندا هەبووە، بەڵام بەهۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کەلتوورییەوە گۆڕانکاری دروست بووە و ئێستا پەیوەندییەکی گەرموگوڕتر لە نێوان تورکیا و وڵاتە عەرەبیەکاندا هەیە. هیچ هۆکارێك نییە ڕێگە لەوە بگرێت کە هەمان گۆڕانکاری لە نێوان کورد و عەرەبەکانیشدا ڕووبدات. ئەگەر تورکیا و هەرێمی کوردستان بگەنە ریککەوتن و تێگەیشتنێکی هاوبەش و گشتگیر لەسەر هەموو مەسەلەکان، هەر لە مەسەلەی ئاسایشەوە تاوەکو بازرگانی ئەوا هەردوولایان دەبنە هێزێکی گەورەی سەقامگیری لە ناوچەکەدا و ئەوکاتەش وێنەی هەرێمی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باشتر دەبێت.

### تورکیا و هەرێمی کوردستان دەتوانن پێکەوە ببنە هێزی سەقامگیری لە ناوچەکەدا.

***ئەگەر پشتگیری ئەزموونی دیموکراسی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەوا دەبێتە نموونەیەکی سەرکەتوو بۆ پیادەکردنی دیموکراسی لە جیهانی ئیسلامییدا، بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ئاستێك سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر چەسپاندنی حکومڕانێتی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- گومان لەوەدا نییە کە ئارامترین و سەقامگیرترین بەشی عێراق هەرێمی کوردستانە، هەروەها هەرێمی کوردستان دراوسێیەکی دیموکراسی گەورەی هەیە کە تورکیایە، بەو پێیە هەردوولایان ئەزموونێکی دەگمەنیان هەیە لە ناوچەکەدا، هیچ هۆکارێك نییە ڕێگر بێت لەوەی هەردوولایان بگەنە تێگەیشتن و ڕێککەوتنی گشتگیر بۆ ئەوەی پێکەوە ببنە هێز و هۆکاری سەقامگیری و دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە بەشەکانی دیکەی ناوچەکەدا، لەبەر ئەوەی تورکیا کە خاوەنی دانیشتوانێکی ٧٠ ملیۆن کەسییە و کوردستانیش کە ژمارەی دانیشتوانی ٧ ملیۆن دەبێت ئەوا دەتوانن پێکەوە ببنە هێزی سەقامگیری لە ناوچەکەدا. لەمبارەوە بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە رابردوودا بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە تورکیا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دروستکردنی هەرێمی کوردستانی عێراقدا. هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لە ئاساییکردنی پەیوەندییەکانی نێوان مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جەلال تاڵەبانیدا لە ساڵانی نەوەتەکاندا. گەر بەشێوەیەکی کارا مامەڵە لەگەڵ کێشەی ئاسایشدا کرا، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی چەسپاندنی سەقامگیریی زیاتر لە هەرێمی کوردستان و لە وڵاتی تورکیادا. هەربۆیە زۆر گرنگە کوردی عێراق کێشە و گرفتی ئاسایش لەگەڵ تورکیادا یەکلابکەنەوە. گەر ئەمە بکرێ هیچ هۆکارێك نییە ڕێگە لەوە بگرێت کە تورکیا و هەرێمی کوردستان نەبنە دوو هاوپەیمانی بەهێزی یەکتری، لەبەر ئەوەی چەندین خاڵی هاوبەش هەیە لە نێوانیاندا، لە بواری مێژووەوە تاوەکو سەقامگیری و ئەزموونی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ. هەردوولا دەتوانن پەیوەندیگەلێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەهێز لەگەڵ یەکتردا ببەستن. دەبێت هەردوولا هەوڵی ڕووخاندنی دیواری ئەو بێ متمانەییە بدەن کە لە نێوانیاندا هەیە. ئەوەی پەیوەندی بە ئایندەی عێراقەوە هەیە زەحمەتە بتوانین بە ڕوونی پێشبینی داهاتووی ئەو وڵاتە بکەین، لەبەر ئەوەی شتەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکیش دەگۆڕێن، هاوپەیمانێتییەکان دەگۆڕێن. لەم ساتەوەختەدا پێدەچێت سەقامگیرییەکی زیاتر هەبێت لە عێراقدا لەبەر زیادبوونی ڕۆڵی سوپای ئەمەریکا. هەروەها ئێستا ئەگەری گەشەکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە ئارادایە، ئەگەر تورکیا و هەرێمی کوردستان بگەنە ڕێککەوتنێك ئەوا ئەمە کاریگەرییەکی زۆری لە سەقامگیرکردنی عێراق دەبێت.

### چارەسەرکردنی کێشەی کورد یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا

***ئەگەر تورکیا کێشەی کوردی چارەسەرکرد، ئایا ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا؟**

- من پێموایە ئەگەر تورکیا کێشەی کوردی چارەسەرکرد، ئەوا ئەمە ڕەنگدانەوەیەکی باشی دەبێت لەسەر بارودۆخی ناوخۆی تورکیا و هەرێمی کوردستان و بەو پێیە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی ستراتیجی تورکیا و هەرێمی کوردستان بە ڕادەیەکی گەورە پەرەی پێدەدرێت بە هۆی بوونی دوو دوورگەی سەقامگیر و گەشەکردو و دیموکراسی و عەلمانی لەبەشێکی زۆر ناسەقامگیری جیهاندا.

●●●
**زۆر گرنگە کوردی عێراق کێشە و گرفتی ئاسایش لەگەڵ تورکیادا یەکلابکەنەوە. گەر ئەمە بکرێ هیچ هۆکارێک نییە ڕێگە لەوە بگرێت کە تورکیا و هەرێمی کوردستان نەبنە دوو هاوپەیمانی بەهێزی یەکتری**
●●●

●●●
**ئێستا ئەگەری گەشەکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە ئارادایە، ئەگەر تورکیا و هەرێمی کوردستان بگەنە ڕێککەوتنێک ئەوا ئەمە کاریگەرییەکی زۆری لە سەقامگیرکردنی عێراق دەبێت**
●●●